رۆمان

## جان دۆست

# پاسە سەوزەکەی حەلەب

منتدى إقرأ الثقافي

تاریق کارێزی کردوویە بە کوردی

www.iqra.ahlamontada.com



ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي) ە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada/

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com

لە بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی
ناونیشان: هەولێر ـ فولکەی زەراعە ـ نێو پارکی وەفایی
https://www.facebook.com/mali.wafai
٠٧٥٠٤٨٣٦٦٤٧

---

## جان دۆست

# پاسە سەوزەکەی حەلەب

## تاریق کاریزی
کردوویە بە کوردی

له بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی

---

- ناوی کتێب: پاسه سەوزەکەی حـەلـەب
- نووسەر: جان دۆست
- وەرگێڕ: تاریق کارێزی
- سەرپەرشتیاری چاپ: سۆران عەزیز
- نەخشەسازیی ناوەوە و بەرگ: زاری
- بابەت: ڕۆمان
- پیتچنین: وەرگێڕ
- چاپ: یەکەم/ ٢٠٢٠
- تیراژ: ١٠٠٠ دانه
- نرخ: ٦٠٠٠ دینار
- له بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەڕتووکخانەگشتییەکان ژمارە (١٢٦)ـی ساڵی ٢٠٢٠ـی دراوەتێ.

---

جان دۆست

# پاسە سەوزەکەی حەلەب

تاریق کارێزی
کردوویە بە کوردی

ڕۆمان

٢٠٢٠

"هەر لەبەر ئەوەی لە میسردا گۆڕمان نییە، بۆ مەرگ بەرەو چۆڵاییمان دەبەیت؟"

ئەمە قسەی عیبرییەکان بوو بۆ مووسا پێغەمبەر، وەک لە (سەبەقی دەرچوون)دا هاتووە.

عیبرییەکان لە سەبەقی دەرچوون، ئەمەیان بە مووسا پێغەمبەر گوت.

# بەشی یەکەم

پاسـێکی کەسـک بە تەک پاسـە سـەوزەکانی دیـکەوە وەستا بوو، چەشنی باریکە رێیەکی پڕ لە گژ و گیا لە نێو کـاولگەیەکی بـێ کۆتـایی رێچکەیـان بەسـت بـوو، پاسـەکە گەڕەکی سـوککەری جێ هێشـت و لە پاش دە خـولەک گەیشـتە دەروازەی رامووسـە لە باشـووری رۆژاوای شاری حەلەب. ئەو دەروازەیە لە پاش شـەڕی یەکجار سەخت لەگەڵ هێزی ئۆپۆزسـیۆن، مـاوەی سـێ مانـگ بـوو، کەوت بـووە دەسـتی هێزی حکـوومەتەوە. پاش ئەوە، گەڕەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی حەلەب کەوتنە دەسـتی حکـوومەتەوە تـا بە رۆژی هەینـی رێکەوتـی شازدەی کانوونی یەکەمی سـاڵی ٢٠١٦، هیچ شـتێک بە دەستی چەکدارانی ئۆپۆزسیۆنەوە نەما، بێ لە کۆمەڵێک پاسی سەوز، کە ئەوانی بە خـاوخێزانەوە لەگەڵ گەلێک

له خەڵکـــــــــی ســـــــــڤیلیان بەرەو دەرەوەی حەلەب دەگواستەوە.

بڕیار بوو ئەو پاسە کەسکە بەرەو گەڕەکی راشیدین بچێت، پاشـان حەلەب جێ بهێڵێت و بەرەو ناوچەکانی ژێر دەســەڵاتی ئۆپۆزسـیۆن لە ئیـدلب و شـوێنانی دی بــڕوات، بەڵام، بە هەمـــان شـــێوەی پاســـەکانی دی، مـــاوەیەک لە دەروازەکە وەســـتا، بـۆ ئەوەی پیـاوانی سوپای رژێم سەرنشینانی پاسـە بپشکنن. سـەربازێکی رژێم بە تەنکە ریشێکەوە تفەنگێکیشی بە دەستەوە بوو، سـەرکەوتە نێـو پاسـەکە. یەکەمـین سەرنشـینی نێـو پاسـەکە کە بەرەو رووی سـەربازەکە بـووەوە، پیاوێک بوو پاڵتۆیەکی بە سەر دیزداشەیەکەوە لەبەر کرد بوو، کراســێکی ســپیی بووکێنیشـــی لە باوەشـــدا بـــوو، کە چەنـدین وێنەشـی بە سـەردا پەرش بـڵاو بووبـووەوە. سەربازەکە داوای ناسنامەی لێ کرد، وڵامـی نەدایەوە. سەربازەکە وای زانی کەڕە، بۆیە بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی:

-حاجی ناسنامەکەت.

دیسان پیاوەکە وڵامـی نەدایەوە، چاوەکانی بە قووڵدا چوو بوون، بە ئاراستەی شوفێرەکە دەیڕوانی، ترسێکی

سامناک دەروونی داگیر کرد بوو، پاشماوەی هاوار و فیغانێکی مت بە سەر لێوانی پەرش و بڵاو بووبوونەوە.

-ناسنامەکەت حاجی، کەڕی، گوێت لێ نییە.

ئەم جارەیان سەربازەکە قایمتر هاواری کرد. وێڕای ئەوەی، پیاوەکە بە سیمایەکی تۆقیو هەر بە ئاراستەی شوفێرەکە دەیڕوانی. سەربازەکە دەستی بۆ شانی پیاوەکە برد بە هێواشی رای وەشاند، پێی وا بوو خەیاڵێکی قووڵ بردوویەتییەوە، سەربازەکە پێی سەیر بوو، پیاوەکە بە لای چەپدا کەوت.

جەستەیەکی بێ گیان لار بووەوە.

***

لەو رۆژەدا، هەموو ساڵنامەکانی قەد دیوار و ئەوانەی لە نێو مۆبایلی زیرەک و کاتژمێرەکانی دەستیش، بۆ کات ئاماژەیان بە دەی بەیانیی ناوەڕاستی دوایین مانگی ساڵی ٢٠١٦ دەکرد. تەنیا ساڵنامەی قەد دیواری تەلاریەلی دارماو نەبێ، ئاماژەیان بە رۆژانی بۆردوومان دەکرد، کەچی کاتژمێری مەچەکی کوژراوانی ژێر کەلاوە ئاماژەیان بە چرکەساتەکاتی سامناکی وێران بوون دەکرد، ئەو وێرانییەی گەلێک گەڕەکی حەلەب و شارانی دیکەی لێقەوماوی

گرتووەتەوە. بە داهاتنی ئەو هەینییە، پێنج ساڵی سەخت و حەوت مانگی سەختتر بە سەر دەست پێ کردنی شەڕدا تێپەڕ بووبوو، تێیاندا رووباری خوێن جۆگەلەی بەست، کەچی ئەنجوومەنی بە گوێزانی ڤیتۆ خەسێندراوی‌ئاسایش، نەیتوانی هەتوانێ بۆ راگرتنی ئەو خوێنە بەدی بکات.

کاتێک بە چاودێریی رووسیا و تورکیا رێککەوتنێک واژۆ کرا، خەڵکی مەدەنی هەناسەیەکیان وەبەر هاتەوە، کە بە گوێرەی ئەو رێککەوتنە شەڕوانانی ئۆپۆزسیۆن و خێزانەکانیان لە حەلەب دەردەچن، لە بەرانبەردا خەڵکی سڤیل و شەڕوانی لایەنگر بە حکوومەت لە هەردوو شارۆچکەی کەفرەییا و فۆعە دەردەچن. تفەنگەکان لوولەیان خاو کردەوە، کە لە هیلاکیدا هێندەی نەما بوو لە دەستی نیشان شکێن و تفەنگ و رەشاش بە دەستدا بتوێنەوە، بەڵام ئازار هێور نەبووەوە. لەو رۆژەدا ئازار و خەم دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، بێ لەوانەی سواری ئەو پاسانە بوون، کەسی دی گوێی لەو دەنگدانەوەیە نەبوو. کاتێک چاو بە چاو کەوت، هەر چاو بوو ئەو ئاخ و حەسرەتە شاراوەیەی ئاشکرا کرد، کە تەنگیان بە دڵان هەڵچنی

بـــوو. لەو رۆژەدا نیگـــای ئەو خەڵــکە، بە چەکــدار و ســــــــــڤیلەوە، ئەو پەردانەی دادڕی کە جەفـــــــــا و چەوساندنەوەیان شارد بووەوە، ئەو چەوساندنەوەیەی بە هیچ زمـانێکی ئەم دنیایە گوزارشـتی لێ ناکرێت، لە بێ دەنگیدا یـادگە گەشـەی کـرد و زمـانی دەروونـیش قـوڵبی دا. زمـان بـێ دەنــگ بـوو، بـۆ ئەوەی بـوار بە خەیـاڵی زۆربڵــێ بـدات. بـێ دەنگیـیەک کە شایســتە بە گێڕانەوەی مەرگەسات بێت.

***

عەببــوودی عــوجەیلی، کە بە ئەبــوو لەیـلا ناســراوە، پیرەمێردێکی خەڵکی ناوچەی عەفرینە، بۆ لا بردنی پەڵە قوڕێـک کە بە دامەنـی دیزداشــەکەیەوە نووســا بــوو، داچەمییەوە، بەڵام بە بێ ئەوەی لای ببـات، خـۆی قیـت کردەوە. بیهێنە بەر زەینـت، ئەو پـارچە لیتەیەی حەلەب دەیەوێ یـاوەری بێـت، رەنــگە ئەویـش بـیەوێ خـۆی قورتـار بکـات، ئەو لیـتەیە یادگـاری کـۆچێکی دژوارە، گەواهیــی رۆژێکـی ئـازاراوییە، دەبـا لە شــوێنی خۆیـدا بمێنێ و لە گەشـتی ئـاوارە بوونـدا هـاودەمی بێـت. بەم خەیاڵانەوە پیرەمێرد چووە نێو پاسەکەوە، بە دەنگێک کە شوێنی برینێکی ئازاربەخشی پێوە دیار بوو، گوتی:

-یا خودا.

به دەنگێکی زۆر نزم، به چرپه ئەو رستەیەی گوت، وەک بڵێی مەبەستی بێت کەس گوێی لێ نەبێت، ئاورێکی به پەلەی دایەوە و له یەکەمین کورسی که به بەتاڵی چاوەڕوانی بوو، لەنگەری گرت. ئەو دوایین کەس بوو سواری پاسەکه دەبوو، پاش ئەوەی چەکدارێکی ئۆپۆزسیۆن پێی گوت ژمارەکەت پەنجایە، پێویسته دەموودەست خۆتان بگەیەننه پاڵ سەرنشینەکانی دی.

هەر چل و نۆ کورسییەکەی دیکه پڕ بوون له شەڕوان و بریندار و هەندێک ژن که خۆیان به بالاپۆشی رەش پێچا بووەوە، منداڵانی وردی تۆقیوی خۆشیان له پاڵ خۆیان دانا بوون. رێڕەوی تەسکی نێوانی کورسییەکانی پاسەکەش تەژی بووله جاخ و فەردە، که خاوەنەکانیان به پەله به جل و بەرگ و هەندێک شت ئاخنی بوویان، که بێ له خۆیان کەس له بەهاکەیان ناگات، هەر له ئەلبوومی وێنه و توحفەی بچووک و هەندێک بەڵگەنامە، تا دەگاته شتی دیکە.ئەو سەرنشینانه به هیوای گەڕانەوە جانتا و فەردەکانیان پڕ کرد بوو، کلیلی ماڵەکانیشیان فڕێ دایه نێو جانتا و

فەردەکانەوە، لەو کاتەی بە دڵێکی شکاوەوە ماڵەکانیان جێ دەهێشت و زاتی ئەوەشیان نەکرد ئاوڕێکی دواوە لای بدەنەوە.

پیرەمێردی حەلەبی کە ریشێکی بازنەیی هەبوو، جەمەدانەیەکی خاڵدار رەشی لە سەر بوو، لە پەنجەرەوە بەرەو دەرەوەی روانی. ئەو نامە گەرمانەی لە سییەکانییەوە دەهاتن، تەنکە تەمێکی بە هەڵمی هەناسەی لە نێوانی ئەو و دیمەنی دەرەوە کێشا، هەر زوو بە چمکی قۆڵی پاڵتۆکەی ئەو تەمە هەڵمەی سەر شووشەی ساردی پەنجەرەکەی سڕییەوە، بە جووتێ چاو، لە هاواری خەمی ئەو خەڵکە سەرگردانەی تەپی داوەتە سەر کەلاوەی خانووەکان، سەرنجی دا.

خەڵک لە گەڕەک و کووچەی داڕووخاوی سامناکەوە، تاک تاک و بە کۆ دەر دەکەوتن، وێڵی دوای هەر ئامرازێک بوون کە بەرەو هەر شوێنێکی دیکەیان ببات. گرنگ بە لایانەوە دەرچوون بوو لە گەڕەکەکانیان، کە لەم رۆژانەی دواییدا بووبوون بە دۆزەخێکی هەمیشەیی، تا بەرەو شوێنێکی دی کە دۆزەخێکی ئەهوەنتر بێت، رەو بکەن، بۆ شوێنێک هیچ نەبێ مەرگ تێیدا بێ ئەشکتر بێت. لەو رۆژانەدا، ئەوە ئەو پەڕی

خواسـتی خەڵـک بـوو لە ڕۆژهەڵاتـی حەلەبـدا. ئەوان مەحاڵە هیوای سووریایەکیان لە بیر کرد بوو، کە بریتی بێت لە ئاسـمانێکی بـێ فـڕۆکە، فـڕۆکەیەک کە چێژ لە ئەندازەی کاولگە و کێشـانی خاپوورسـتان وەردەگرێت، هەروەهـا خەون بیـنین بە شـەقامگەلێک کە بۆمبیـان بە سەردا نەبارێت و تەلارەکانیان نەتەقێنێتەوە و بە سـەر خەڵکەکەیدا دایان نەڕووخێنێت. خەڵکی حەلەب زانیویانە کە ئاسـتی هیـوا لە شـەڕدا دێـتە خـوارێ، تەنـانەت ڕیزبەنـدی ئاسـت بە سـەر هیـوادا دەتەپێت تـا ڕادەی، تەنیا هیوای ژوانی زوو بە زووی مەرگ دەبێتە خواست و مەبەسـت، لە بـری ئەوەی لە نێـو تـرس و تـۆقینی تاقەتپڕووکێندا ژیان بەسەر ببەیت .

خەڵکێکـی زۆر لە هەمەجـۆر گەڕەکـی وەک کەرەم قـاترچی، فیـردەوس، سـوککەری، تەریقل بـاب، کلاسـە، بابـل نەیـرەب، بوسـتانل قەسـر، میەسسـەرە، شـەعار، سـەلاحەدین، لیرامـوون و گەڕەکی دیـکەش، ماڵەکانیـان یـان مـاڵی ئەو کەسـانەی بەر لەوان جێیان هێشـتوون و ئەوان هـاتوونەتە نێویـان، جـێ هێشـت، ڕوویـان کـردە شـوێنی ریـز بـوونی پاسـە سـەوزەکان، هەر یەکەیـان جـاخێکی خسـتووەتە سـەری و لەبەر شـپرزەیی و

سـامناکیی دۆخەکە، ناشـزانێ چیی تێ ئـاخینوە. منـداڵە وردەکەش بە دوای بـاوک و دایکیـانەوە راکە راکیـان بوو، بە دەمدا دەکەوتن و پاشان دەکەوتنەوە سـەر پێی تەزیویـان و دەسـتیان بە راکە راک دەکـردەوە، زۆر بە توندی باوەشیان بەو پرێسکانەدا کرد بوو، بە دەسـتی سـارد و سـڕ و لەزۆک و تۆقیویـانەوە پرێسـکەیان لە ئـامێز گـرت بـوو، نە دەگـرین و نە داوای یـارمەتی لە باوکانیان دەکەن، کە وەپێشیان کەوتوون و ئاوڕیشیان لێ نادەنەوە.

منـداڵان لەو شـەش سـاڵەی نەهـاتەوە فێر بـوون، کە شەڕ بەزەیی بە خەڵکی بێهێزدا نـایەتەوە. منـداڵان ئیدی دەزانـن کە لە ژیـان مـانەوەدا پێویسـتی بەوەیە بێباکـانە هاوشـــانی دژەکەی، کە مەرگە، رێ بکەیــت. تەنــانەت دوور خســـتنەوەی خێـوی مەرگ رەنــگە بەوە بێــت، گاڵتەت پێی بێت و دڕ بدەیتە نێو گۆڕەپانەکەییەوە. لەو کــاتەی فــڕۆکەی جەنگــی دەهـــاتن و تەلارەکانیـــان دەکوتـایەوە، منـداڵان درێژەیـان بە گەمەی خۆیـان دەدا، گوێیان لە دەنگی بۆردوومانەکە دەگرت، گرەویشیان لە سەر جۆری بۆمب و مووشەک و شەستیرەکان دەکـرد. فەرهەنگی بچـووکی ئەوان تەژی بـوو لە وشـە دژوار.

چـی دی ئاسـمان ئەوە نییە کە دەیانناسـی، ئاسـمانێک باران یان بەفری لێ دەبارێ یان شای بە هەور و رەوە کـۆتر و کـۆلکە زێـرینە بێـت، وەک ئەوەی لە خەیـاڵی رۆمانســـیدا هەیە،ئەو تەنیـــا ئەو گۆڕەپـــانەیە کە ئەو دێوزمە کانزاییانەی تێدا دەسووڕێنە و زۆر دادوەرانە و بـێ جیـاوازی کـردن لە نێـوانی سـڤیل و شـەڕوان و تەنانەت پشیلەیەکی برسی و بێ لانەش کە بە شەقامدا گوزەر دەکات، مەرگ دەبەخشنەوە.

ئەبـــوو لەیـلا لە پەنـــجەرەی پاســـەکەوە ســـەرنجی کیژۆڵەیەکی دا، وا کیسەیەکی روون خشـخش بە دوای خۆیدا رادەکێشێت، وا دیار بوو بە هەندێ جل و بەرگ و بووکەڵەی منداڵان ئاخندرا بوو. پێ دەچوو کیـژۆڵەکە پەلەی بێت، گـوێی بە هـیچ شـتێک نەدەدا. بێ وەسـتان تەکـانی دەدا، بێ بـاک لەو ژنەی لە پـاش ئەو بە خـنکە خـنکە و لارە لار، شـــەکەت و مانـــدوو بە جانتـــایەکی گەورەی پێستەوە بەرەو کەسک گوریسی رزگاری ملی رێی گرتووە، ئەو گوریسی رزگـارییەش، ریز بوون و رێچـــکە بەســـتنی پاســـەکان بـــوو لە ناوەنـــدی دار و پەردووی خامۆشـدا. ئەبـوو لەیـلا پێـی وا بـوو ئەو ژنە

ماندووه دایکی ئەو کیژۆڵەیەیە، لە ناخی خۆیدا گوتی: کێ دەزانێ، خۆ ڕەنگە دایکی نەبێت.

ئەبوو لەیلا چاوی لەوان نەدەترووکاند، هاوکات بیری لە پەیوەنـــــدیی نێـــوان ئەو کیـــژۆڵەیە و ئەو ژنەی دەکردەوە، کە لە بن باری قورسی ئەو جانتا گەورەیەی لە پێست دروست کرا بوو، بە زەحمەت بە نێو دار و پەردووی کەلاوەدا هەنگاوی دەنا. "نا دایکی نییە." ئەبوو لەیلا ئەم قسەیەی لەگەڵ خۆیدا کرد. چەندین منداڵ بە سایەی ئەم شەڕەوە هەتیو مانەوە، شەڕ ئەوانی بەرەو چارەنووسێکی کارەساتبار هێشتەوە. چەندین منداڵ سـامبردە لە نێـو دار و پەردووی تەلارەکـانەوە دەرپەڕیـن، لە پـاش ئـاهەنگی گەڕەلاوژانەی دێـوزمە کانزای تاقی ئاسمان، کە خۆیان تەنیا و تاقانە دۆزییەوە و بـانگی دایـک و باوکانێـک دەکەن، کە دار و پەردوو قـووتی داون. چەندین کچـۆڵە بە نـازەوە لە قوتابخـانە گەڕاونەتەوە، جـووتە بسـکیان تێکەڵ بە شـنەی شـەماڵ دەبـوون و کەچی گوللەی نیشـان شـکێنێک بە مەرگی سپاردوون؟ چەندین منداڵ لە ترسا مەرگی بردنییەوە، بەر لەوەی چەقـۆی دڕنـــدەیەکی بە نـــاو مـــرۆڤ خوێنبەریان هەڵزڕێنێت؟

"شەڕ کوێرە." ئەبوو لەیلا لەگەڵ ئەوەی نیگای خستبووە سەر دەموچاوی سەختی کیژۆڵەکە، کە ئاماژە بوو بەو ڕۆژگارە سەختەی بەسەری بردووە، کەوتە بیر کردنەوەش. ئەو کیژۆڵەیەی وەک (مەیسوون)ی نەوەکەی هاتە پێش چاوی، کە ساچمەی تەقینەوەی بەرمیلێک دوو لەتی کرد، ئەو بەرمیلە فڕۆکەیەکی هەلیکۆپتەر، دروست سێ ڕۆژ بەر لە ئێستا، لە بەردەم دەروازەی تەلارێک لە گەڕەکی (مەساکن هەنانو)، گەورەترین گەڕەکی ڕۆژهەڵاتی شاری حەلەبدا، بەری دایەوە.

***

مەیسوون، کە ئەو ڕۆژەی ساچمەکە بەر لە مانگێک دوو کەرتی کرد، تازە پێی نا بووە شەشەمین ساڵی تەمەنییەوە، لەگەڵ هاوڕێکانیدا گەمەی دەکرد، گوێیان بە دەنگی بۆردوومان و هۆشداریی کەس و کاریان نەدەدا، کە بەردەوام پێیان دەگوتن وەرەنە نێو تەلارەکەوە. منداڵان بە هەستی بێگەردی خۆیان دەیانزانی، لە شەڕی نەگریسدا ناوەوەی تەلار و دەرەوەشی وەک یەک وان. دەیانزانی شەڕ کەسێکی نووستووی نێو پێخەف و لە نێو ماڵی خۆی و

شەڕوانێکی چەک بە دەستی پشتی سەنگەر و مەتەرەێز لە یەکدی جیا ناکاتەوە. تەلارێک کە خەڵکانێکی ترساوی تۆقیــوی تێــدا نیشــتەجێیە لەگەڵ ســـەنگەرێک کە شەڕوانانی تێدایە، لە یەکدییان جیا ناکاتەوە. شەڕ پیر و منداڵ لە یەکدی جیا ناکاتەوە، ژن و سەرباز، بەرد و مرۆڤ لە یەکدی جیا ناکاتەوە. منداڵان بە چاوی خۆیان بینیویانە یان گوێیان لێ بووە، کە بە چەند خولەکێک تەلار خاپوور بوون و بوونەتە گۆڕی بە کۆمەڵ بۆ منداڵانێک، کە کەس و کاریان داوایان لێ کرد بوون بۆ خۆ پاراستن بێنە ژوورەوە، ئیدی بۆچی بە دەم یاری کردنەوە نەمرن؟ بۆچی لە گۆڕەپانی شەقام و یاریگەی منداڵانــدا نەمـــرن، لە بـــری ئەوەی لە نێــو پەردووی چیمەنتــۆدا بمـــرن، کە ئیســـکی نەرم و نیانیــان وەک بسکیت پارچە پارچە دەکات؟

"کچی کچەکەم تو خودا بگەڕێوە".

لەیلا بانگی کیژۆڵەکەی خۆی کرد، کیژۆڵە گوێی بە پەرۆشــیی دایــکە نەدا، هــۆش و گۆشــی وابەســتەی ئەندێشەی شەقامە خامۆشەکە و یاری کردن لەگەڵ هاوڕێیانی بوو، کە بەر لە یەک کاژێر یادی پێنجەمین جەژنــی لەدایــک بــوونی ئەویــان کــردەوە، پاشـــان

دەرچوونە سەر شەقام، چونکە لە نێو هۆڵی ماڵەکەدا زۆر دڵیان تەنگ بوو، کە دیوارەکانی بە چەند دەبدەبەیەکی ڕەنگاوڕەنگ رازێندرا بوونەوە، سێ مۆمی بچووکیش کە مەیسوون کوژاندبوونییەوە، هێشتا لە سەر مێزەکە ما بوون.

مەیسوون ژمارەیەک مۆمی هاوتا بە تەمەنی تازەی خۆی چنگ نەکەوت. کاتێک ویستی ڕەخنە لەوە بگرێت، دایکی دوو پارچە کاغەزی بچووک کە لە کۆنە دەفتەرێکی کرد بوونەوە، لە شێوەی دوو مۆمی باریک لوولی دان و لە تەک سێ مۆمەکەدا دای گیرساندن، دایکە بەڵێنیشی پێ دا کە ساڵی ئایندە گەورەترین جەژنی لەدایک بوونی بۆ دەکات.

دیسان ئەبوو لەیلا تەمی سەر شووشەی پەنجەرەکە سڕییەوە، کە دیمەنەکەی لە بەر چاوی بزر دەکرد، دیتی کیژۆڵەکە هێشتا کیسی پڕ لە پۆشاکی خۆی بە دوای خۆیدا رادەکێشێت، هەمان زبری کە بەر لە تۆزێک پێی دەرکەوت، سەر و سیمای داپۆشیوە.

***

گەڕەکەکانی ڕۆژهەڵاتی حەلەب ڕووبەڕووی ئابلووقەیەک بوونەوە، کە شارەکە لە مێژووی خۆیدا

نەدیوە. خەڵکی لەو چەند سیا مانگانەدا ڕووبەڕووی کەمیی خۆراک و بە دەگمەن دەست کەوتنی پێداویستی بوونەوە، داواشیان لە گرووپەکانی شەڕکەر کرد، کە ئەو گەڕەکانەیان کۆنترۆڵ کرد بوو، کۆگاکانیان بۆ بکەنەوە، خەڵکی بەر ئابلووقە کەوتەی نێو قەیرانێکی کوشندە لە نەبوونی ئاو، غاز، کارەبا و پێداویستی دیکەی ژیان، وەک شیری منداڵان و دەرمان،تۆمەتی قۆرخ کردنیان دایە پاڵ ئەو گرووپانە. ئاو هێندە دەگمەن بوو، لەوەدا بوو خەڵک سوێندی پێ بخوات. هەرچی غاز بوو، ئیدی بوو بە ڕواڵەتێکی لاف لێدان، ڤیدیۆی گاڵتە ئامێزی خەڵک لە بارەیەوە بڵاو کرایەوە، تێیدا خەڵک ئاهەنگ بۆ بوتڵە غازێک دەگێڕن، تارای بووکێنییان بە سەردا داوە، وەک ئەوەی بووک بێت و بۆ زاوا رازا بێتەوە. پەیدا کردنی نانیش بوو بە سەرچڵەییەک ئیدی ئەو پیاوەی خۆی لێ بدایە، ئەگەر هەبوو سەری خۆی لە سەر دابنایە. دەیان کەس لە بەردەمی نانخانەدا بە هیوای کوژمە نانێک، بە مەرگ شاد بوون. گەلێک نان و کولێرە کەوتنە نێو خوێنی گەش و ئالی برینی ئەو کەسانەی نانەکەیان بە دەستەوە بووە، ئیدی لە خاکەوە تێکەڵەیەکی هەڵمی

خـــوێن و گــڕی ئـــاگر و هەڵمـــی نـــانی گەرم، بەرز دەبووەوە.

لە لایەکەوە نرخ بەرز بووەوە، لە لایەکی دیکەشەوە بەهـای دراوی نیشـتیمانی دابەزی، ئیدی دۆخەکە وەک تەپکە و داوی لێ هات و بە تـایبەتی گەردن و ئەستۆی هەژارانـی هـاڕی. خەڵکـی حەلەب بەرگەی برسـێتی و نەخۆشـــی و تەنـــانەت ترســـی مەرگـــی خـــۆڕایی لە دەروازەکان و لە نێو بۆردوومـانی دوو لایەنەی هـاوەن لە نێـــوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای حەلەب و گـــوللەی نیشـــــان شـــــکێنی ســـــەر ئەم تەلار و ئەو تەلار و بۆردوومـــانی فـــڕۆکەی جەنگییـــان گـــرت، ئەگەر ئەم مانگـانەی دوایـی نەبـووایەن، کە ئیدی لە تین و تـاقەتی بەشەر بەدەر بوون. شەڕ بەزەیی بە خەڵکی بێلایەنی مەدەنیدا نەدەهاتەوە، کە هیچ پەیوەندییان بە شەڕەکەوە نەبوو، خۆ ڕەنگە ئەوان هەر لە بنەڕەتەوە شەڕ ڕەت بکەنەوە، ئەو پەڕی خەمیان ئەوە بوو، بە ئارامی بژین بە بێ ئەوەی گوێ بە خەسڵەتی ئەو کەسەش بدەن کە حوکمڕانیی وڵات دەکات.

لە حەلەبـــدا شـــەڕ بە قۆناغێـــک گەیشـــت، تەنـــانەت شـــاخیش بەرگەی نەدەگـــرت. ئـــاگری کـــوێرانەی شـــەڕ

هەموو گۆشـە و کەنـارێکی شـاری گـرتەوە، ئـاگریش کە لە دارستان بەر دەبێت، داری بێلایەن و داری یاخی لە یەکـدی جیـا ناکـاتەوە، قەدێکـی تەڕ و بـڕ، کە بەرەو ئاسمان هەڵکشاوە و کۆمەڵێک لق و چڵی پڕ سێبەر و بەری هەڵگرتووە، لەگەڵ یەکی دیکەی داڕزیو لە یەکدی جودا ناکاتەوە، تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێنێ. کاتێک دەستاڕی ئاش دەسووڕێ، دەنکی گەنم و دەنکی زیـوان لە یەکـدی جیـا ناکـاتەوە. ئـاگر کـوێرە، ئاسـیاویش هەروەهـا. ئیـدی بێ سـڕ نییە جـاری وا هەیە شـەڕ بە ئاگر و جاری واش هەیە بە ئاشی دەچوێنن.

***

کیـژۆڵەکە زیـاتر بەرەو پـێش چـوو تـا لە بەر چـاوی ئەبـوو لەیـلا بـزر بـوو، ئەو کەوتە پشـت چەنـد شـەڕوانێکەوە، کە تفەنگەکانیـان دابـووە پـاڵ پەردووی کەلاوەیەک و بە شـێوەی نـیمچە بـازنەیەکی کـراوە بە دەوری تەنکەیەکەوە گرمۆڵەیان کرد بوو، کە ئاگرێکیان بە داری پەنـجەرەی دیـوارێکی رووخـاو تێـدا کـرد بـووەوە، ئیـدی کـپ و خـامۆش خەریکـی خـۆ گەرم کـردنەوە بـوون. چەنـد چرکەیەکـی نەبـرد، دووبـارە کیژۆڵەی سەر و سیما زبر دیسان دەرکەوتەوە. کیژۆڵە

له رۆحو له ئازاری ئەبوو لەیلاوە زۆر نزیک بوو، ئەو ئازارەی هەوڵی دا لەو سەرما و تۆفەدا، له بەر چاوی هەمووانی بشاریتەوە.

***

مەیسوون نەوەی هەرە خۆشەویست بوو بە لای نازلیی نەنکییەوە، نازلی ئەو ژنە کوردە بەهێزەی خەڵکی گوندی شەڕان سەر بە ناوچەی عەفرین بوو. ئەو خۆشەویستییەش لەوەوە سەرچاوەی گرت بوو، که ئەبوو لەیلای باپیر هەمیشە دەیگوت، چاوەکانی مەیسوون کتومت بە چاوەکانی نازلی دەچن.

-ماشەڵڵا له کاری خوداوەند، نازلی من پێم وا بوو خودا چاوێکی بە ئەندازەی جوانیی چاوی تۆی دروست نەکردووە.

-ئەبوو لەیلا، رۆژانی جوانی بەسەر چوون، خۆری جوانیم ئاوار بوو.

زۆر جار ئەو کورتە گفتوگۆیە لە نێوانی ئەو ژن و مێردە پیرەدا دووبارە دەبووەوە، ئنجا بێ دەنگییەکی درێژی بە دوادا دەهات، ئیدی هەر یەکەیان ئەسپی شەکەتی خەیاڵی خۆی تاو دەدا، بۆ ئەوەی گالیسکەی

یادەوەریی خۆی بەرەو رۆژگاری گەنجی و ئەڤین برانێت.

***

عەببوود، رۆڵەی هۆزی عەجیل لە گوندی باسووتە لە باشووری شاری عەفرین لە باکووری رۆژاوای سووریا، هێشتا نەگەیشت بووە تەمەنی هەژدە ساڵی، کە کەوتە نێو کاری ئاودیو کردنی کالای قاچاخ لە سنووری نێوان سووریا و تورکیادا. باسووتە گوندێکی بچووکە هێندەی چنگێک تووتن، بە هەناری بە تامی بە ناوبانگە و زۆر بە ئارامی بە دیوی بەری رۆژهەلاتی رووباری عەفرین راکشاوە. ئەویش یەکێکە لەو گوندانەی کە دەیان ساڵە رۆڵەی هەندێک هۆزی عەرەب شان بە شانی کورد تێیدا دەژین. عەببوود وێرای ئەوەی بە تەمەن بچووک بوو، بەلامله گواستنەوە و ئاودیو کردنی کالا و زوو گەیشتن، خاوەن جەستەیەکی بەهێز و کارامەیی بوو، لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ جەندرمەی تورکیش زۆر مەعلان بوو، کە هێندە توند پاسەوانیی سنووریان دەکرد، رێی بە تێپەڕ بوونی گزەگزی مێش نەدەدا ئەو سنوورەی بە تەلەزی و مینی دژە کەس داچێندراو، ببڕێت.

گەنج عەببوود لە ماوەی کاری قاچاخچێتی بە تەواوی فێـری زمـانی تـورکی بووبـوو، کە زۆر بە ئاسـانی دەیتوانی قسـە لەگەڵ جەندرمە بکات، بەوەش لەگەڵیان ڕێکـکەوت بـوو کە بەرانـبەر بە بـڕە بەرتیلێـک دەمەو بەیانیـان ڕێ بە پەڕیـنەوەی کـاڵاکەی بـدەن. نەخشـەی شوێنانی مینڕێژی لە یەکێک لە فەرماندەکانی جەندرمە بەدەسـت هێنـا، متمـانەی بازرگـان و خەڵکـی عـزاز و عەفرین و شارەکانی نزیک بەو دوو شارەشی بەدەست هێنا.

ئەو گەنـــجە قاچـــاخچییە لە ڕێـــی کـــارەکەیەوە عەبـدولحەنان ئاغـازادە بـاوکی نـازلیی ناسـی، ئەو بازرگانە گەڕیدەیەی کە لە هۆزی دێرینی کورد، هۆزی شیکاکە، کە بە خزمایەتی دەچنەوە سەر هۆزی شکاک، ئەو هۆزەی بە سەر جوگرافیایەکی فراوانی کوردستان لە سێگۆشەی سنووری نێوان تورکیا و عیراق و ئێران دابەش دەبێـت. عەبـدولحەنان ئاغـازادە کـاڵای لە قاچاخچییان وەردەگرت و بە خاوەن کۆگاکانی عەفرین و شـار و شـارۆچکەکانی نزیکی شـەڕانی دەفرۆشـت. هێندەی نەبرد دۆستایەتییەکی بەتین لە نێوان عەببوودە گەنجی قاچـاخچی و عەبـدولحەنانی بازرگـانی گەڕیـدە

دروست بوو. ئیدی عەبیوود سەردانی مالی عەبدولحەنانی دەکرد و شەوچەرەی شەوانی زستان و درەنگانی شەوی هاوینی لەگەلّدا بەسەر دەبرد، لەو شەوانەدا باس و خواستی قاچاخچێتی و سەیر و سەمەرەی نێوان قاچاخچییان و جەندرمەی تورکی بۆ دەگێڕایەوە، ئەو جەندرمانەی وەک عەبیوود دەیگوت، دەکرێ قاچاخچی بە گۆلمە کەلا چایەک بیان کڕیت.

عەبیوود کچی بازرگان کوردەکەی هاوکاری خۆی خۆش ویست، نازلی بە دوو چاوی رەشی قەترانی و دەنگی ئارام و دوو سمتی هەرە جوانی لە شەڕان و گوندەکانی دەوروبەری چووە دلّی عەبیوودەوە. بۆ یەکەمین جار هاوین بوو کە لە حەوشەی مالەکەی چاوی پێی کەوت کە خەریکی گواستنەوەی کۆمەلێک قەسەل بوو، دلّی بۆی کەوتە لێدان. کراسێکی ئاودامەنی مۆری لەبەردا بوو، کە بە وردە گولی سپی نەخشێندرا بوو، سەرپۆشێکی گول رەنگیشی بە سەرەوە بوو کە تەنیا چارەکێکی پرچی پۆشی بوو. کیژە گوێی لە دەنگی باوکی بوو بانگی دەکرد: نازلی نازلی، ئیدی ئەویش قەسەلەکەی دەستی دانا، هەر زوو بەرەو میوانخانە تاوی دا، کە دوو پەنجەرەی ستایل رۆژاوایی تێدا بوو،

دەیـانڕوانییە دەشــتێکی پـان تــا دەگەیشــتە ڕووبـاری عەفـرین، هێندەی بە درێژایـی چـاوی بڕی بکـردایە، دار زەیتوون دەشتەکەی ڕازاند بووەوە.

نـازلی، کچـۆڵەی خـرپن لە بەر دەرگـاکەدا وەسـتا و ڕوونـــاکیی خـــۆری لە میوانخـــانەکە دابـــڕی، کە لەو نیـوەڕۆیەدا نێـو ژوورەکەی داپۆشـی بـوو، بەشـێک لە سـێبەری نـازلی بە سـەر ئەو مـافوورە تـورکییە نایـابەدا داکشـــا، کە لە بەردەم میـوانەی قاچـاخچی ڕاخـرا بـوو. کـارەکە وا هـاتە پێش، وەک ئەوەی ئەو سـێبەرە جـوانە وزەیەکـــی زەبەلاحـــی شـــاراوەی خـــۆری پشـــت ئەو کچۆڵەیەی گواسـت بێتەوە، ئیدی دڵـی ئەو لاوە زۆر بە تونـــدی کەوتە لێـــدان، وەک ئەوەی لە یەکەم گەشـــتی قاچاخچێتیـدا بێت و بە نێو سـنووری مینڕێژدا دەربـاز دەبێت. عەببوود سـێرەی چـاوی تێ گـرت بـوو. چـاوانی جوانی نازلی و ئەو نیگا پەنهانەی ئاراستەی ئەوی کرد، ئەویان شێت و شەیدا کرد. مت و بێ دەنـگ مـایەوە، بە هۆش خۆی نەهاتەوە تا دەنگی عەبدولحەنانی بەر گـوێ کەوت، بە کـوردییەک کە عەببـوود زۆر چـاک دەیزانـی، فەرمـانی پێ کرد:

-ئادەی کچەکەم، دوو پیاڵە چامان بۆ ئامادە بکە.

نـازلی رووی وەرسـووڕاند و لە نێـو ئاشـخانەدا ون بـوو. عەببوود کاتێک ئەو سمتە تەڕ و بڕەی دیت، کە تیشـکی زێڕینی خـۆر قەبـارەکەی ئاشـکرا کـرد، سـام بردییەوە. تەختی خەیاڵی هەژا. هەردوو سمتی گرت، لە پاشـەوە باوەشـی پێدا کرد،توند خـۆی پێوە نووسـاند، چنگی لە هەردوو مەمکی زلـی گیـر کـرد، لە نێو ئەودا توایەوە، ئاوێتەی ئەو بـوو، بەر لەوەی جڵەوی خەیاڵی بەدخووی زیاتر شۆڕ بکات، بە توندی دەستی بە سـەر و پرچـی خۆیـدا هێنـا، وەک ئەوەی بـیەوێ ئەو خەیـاڵە ناپەسـنده پەرش و بـڵاو بکـاتەوە، کە لە حـزووری خانەخوێ کوردەکەیدا مایەی قبووڵ نییە. عەبدولحەنانی بازرگـان سـەرنجی ئەو سـەر تەکانـدنەی نەدا، بە ئەسـپایی قوتـووی زیـوینی تـووتنەکەی بـۆ عەببـوودی میوانی هەڵ دا، پاش ئەوەی جگەرەیەکی ئەستووری بۆ خۆی تێ کرد و دای گیرساند، ئیدی دووکەڵەکەی بە با کرد و کەوتە ستایش کردنی تووتنی تورکیا.

***

لە رووداوێکـدا کە بە دەگـمەن دووبـارە دەبێـتەوە، عەببـوود عـوجەیلی ئەو گەنـجە قاچـاخچییە عەرەبە، نـازلیی کـچە کـوردی خواسـت کە بە چەنـد سـاڵێک لەو

بچووکتر بوو. هەڵبەت، ئامۆزاکانی نازلی بەو شوو کردنە رازی نەبوون:

-تۆ لە عەببوودی تات[1] بەو لاوە کەسێکی دیکەت دەست نەکەوت کچەکەتی بدەیتێ؟

ئەمەیان بە عەبدولحەنان ئاغازادەی مامیان لە گوندی شەڕان گوت.

-عەببوود تات نییە بەڵکوو رۆڵەی هۆز و عێلە، واتە عەرەبی عەجیل. پاشان کەسێکی بە رەوشت و کاسب و نان پەیداکەرە، ئێمەش وەک مێردی کچەکەمان پەسندمان کرد.

پیاوە تەبیعەت توندەکەی کوردی شکاک بەم رستە بەکارە وڵامی دانەوە و بابەتەکەی بە روودا دەخستن. بە بەهانەی جیاوازیی نەتەوە ویستیان مارە بڕینەکە بەتاڵ بکەنەوە، بەڵام عەبدولحەنان سوورتر و مکوڕتر بوو کە دەبێ ئەو ژنخوازییە سەر بگرێت. تا دە ساڵ دژایەتییان کرد، پاشان بە ناچاری لەگەڵی ئاشت بوونەوە.

---

[1] تات گرووپێکی خەلکی ناوچەی عەفرینن، بە عەرەبی قسە دەکەن، بەلام بنەچەی خێلەکییان نادیارە.

عەبدولحەنان بۆ خۆی زولفای خواست بوو، دایکی زولفا لە عەلەوییەکانی لیوای ئەسکەندەرۆن بوو، کە لە دوای ئەوەی فەرەنسا لە ساڵی ١٩٣٩دا لێی کشایەوە، تورکیا دەستی بە سەردا گرت و لە سووریای دابڕی و ماڵباتەکەی ئەوانیش ئەوێیان جێ هێشت. باوکیشی لە هۆزی عومەیراتی عەرەب بوو، ماوەی یەک سەدە زیاترە هەندێکیان لە نێو چەند گوندێکی باشووری عەفریندا دەژین. عەبدولحەنان پێی نەنگ نەبووکە عەببوود بە رەچەڵەک عەرەبە، دروست وەک چۆن باوکی ژنەکەی کێشەیەکی لەوەدا نەبوو کە زولفای کچی بداتەعەبدولحەنانی لاوی کورد.

عەببوود نازلیی ژنی زۆر خۆش دەویست. پارەیەکی زۆری لە زەماوەندی گواستنەوە، کە رێککەوتی سەری ساڵ بوو، خەرج کرد. سترانبێژ و مووزیکژەنانی لە باسووتە و عەفرینەوە هێنا بۆ ئەوەی بە کوردی و تورکی بسترن، لە پاڵ سترانبێژانی عەرەب کە بە عەرەبی لە ئاهەنگێکدا گۆرانییان چڕی، کە تا ساڵانێک هەر خەڵک دەیانگێڕایەوە.

دوای تێپەڕ بوونی یەک ساڵ و نیو بە سەر زەماوەندەکەیان، واتە لە ساڵی ١٩٦٧دا، نازلی دوا بە

دوای یەک عەبدولناسر، پاشان عومەری بە دوادا هات، پاش عومەریش ئەو ژن و مێردە عاسمیان بوو، دوایین کوڕیش کە نازلی بووی ناویان نا عەلی.

دوای ئەوەی نازلی بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە زگ کەوت، هەر لەو ماوەیەدا سەردانی گەلێک پزیشکی لە عەفرین و حەلەب و دیمەشق و شوێنانی دیکەش کرد، هەمووان بۆیان دووپات کردەوە کە ڕەوشی ئەو زۆر ئاساییە، دووگیان نەبوونیشی لە پای نەخۆشییەوە نییە.

نازلی سوور بوو لەوەی کچێکیان ببێت بۆ ئەوەی لە سەری پیری هاوکار و گۆچانی دەستی بێت:

-کوڕ ژن دێنن و دەکەونە دوای ژنەکانیان، لە کچ دڵسۆزتر و بە بەزەییتر نییە.

چەندین جار ئەم قسەیەی بۆ مێردەکەی دەکرد.

لە ساڵی ١٩٧١دا، عەببوود خانوویەکی لە شاری حەلەب کڕی و بە خاوخێزانەوە گواستییەوە ئەوێ. نازلی هەر لە خەونی لەدایک بوونی کچێکدا بوو، پاش ئەوەی گەیشتە ئەو بڕوایەی کە دووگیان نەبوونی تەقدیری خوداوەندە و تاقی کردنەوەیەکی قورسە و دەبێ بە پشوویەکی درێژەوە بەرگەی بگرێت، ئیدی کەوتە سەردانی کردنی مەزاری پیاوچاکانی سەر بە

هەموو ئایین و مەزهەبێک لە عزاز و عەفرین و حەلەب، گەلێ نەزری لە خۆی گرت، بەردەوامیش هەموو رۆژانی هەینی خێر و سەدەقەی بە کوێرانی حافزەل قورئان لە دەروازەی مزگەوتی گەورە دەبەخشی، تا داهاتنی ساڵی ١٩٨٢ کە دووگیان بوو، کیژۆڵەیەکی جوانی بوو، کە پاشەبەرەی ئەو خێزانە بوو.

لەیلا، دایکی مەیسوون، پاشەبەرە و تاقانە کچی پاش چوار کوڕ بوو.

عەببوود کچە تاقانەکەی یەکجار خۆش دەویست، تەنانەت لە هەر چوار کوڕەکەی خۆشەویستتر بوو، لەم ساڵانەی دوایش کە هیچ کام لە کوڕەکانی لە دەوروبەری نەمان، ئیدی قبووڵی نەبوو برادەرانی، بێ لە ئەبوو لەیلا بە ناوێکی دی بانگی بکەن:

-ئەوەی منی خۆش دەوێت، بە ئەبوو لەیلا نەبێت بانگم نەکات.

چەندین جار ئەو قسەیەی دەکرد، تا نازناوە تازەکەی، ئەبوو لەیلا بووە باو، خەڵکیش هەر بەو ناوە بانگیان دەکرد.

***

منداڵەکە دیسان دەرکەوتەوە.

زۆر نزیک هاتە پێش چاو.

دوو چـاوی مەسـتی هەیە پتـر بە لای شـێندا دەچـن دروست وەک چاوانی مەیسوون.

خەم و کۆڤانێکی بێ هاوتـا لە چاوانیـدا بەدی دەکرا، دروســـــت وەک ئەو خەم و کۆڤـــانەی لە چـــــاوانی مەیســووندا بـوو، لەو چرکەسـاتەی سـاچمەیەکی شـێت دوو لەتی کرد.

ئەم جارەیان پیاوێک کە بە دوو گۆچان دەڕۆیشت، بە دواوەی بوو. مـاوە نـا مـاوە بـانگی دەکرد، وا دیار بـوو دەیویســـــت رای بگرێـــت، داوای لـــێ دەکـــرد لە رۆیشـتنەکەیدا پەلە نەکـات و چـاوەڕوانی بێـت. رەنـگە ئەوە باوکی بێت، رەنگە مامی بێت، رەنـگە دراوسـێیەکی بریندارییان بێت، رەنگە... بەڵام ئەدی کوانێ دایکی؟ ئاخۆ کوانێ ئەو ژنەی بە هێواشی بە دوای کچۆڵەکەوە بوو، بە پارێزەوە و بۆ خۆ دوور خستنەوە لە مین، هەنگاوی دەنـا؟ رەنـگە ئەو ژنە شـەبەنگێک بـوو بێـت بە بەردەم چـاوانی کزیـدا هـات بێت، خـۆ رەنـگە بە دروسـتی هەر دایکی کچۆڵەکەش بوو بێت، شتێکی لە بیر چووە و بۆ هێنـانی گەڕاوەتەوە مـاڵێ. ئەگەرێکی زۆر و هەمەڕەنـگ

بە خەیاڵی ئەو پیرەمێردە بێ متەق و تەمەن حەفتا ساڵەدا هاتن و چوون. لە جەنگدا هەقیقەتی لێبڕاوە نییە. شەڕ کۆمەڵێک ئەگەرە، چاکترینی لەوانی دی خراپترە.

کەوتە هەناسە بڕکێ. دیسان تەمێکی نوێ سەر شووشەی ساردی پەنجەرەکەی داگرت. ئەویش دیسان بە قۆڵی پاڵتۆکەی سڕییەوە. ویستی درێژە بە دیتنی ئەو دیمەنە بدات کە سەرنجی راکێشا.

کچۆڵەکە بزر بووەوە.

سەوزایی خامۆشی کانزا، ئەوی لە نێو پاسێکی نزیک، قووت دا.

دیسانەوە لە سەر شەقامە خاپوور کراوەکەدا ئەو شەڕوانە سامبردانە بەدی کرانەوە، لەپێ زبری خۆیان بە ئاراستەی ئاگرەکە دەکەنەوە، ئاگرەکەش بە هەڕەشە و گوڕەشەوە لە نێو تەنەکەیەکی بچووکدا هاش و هووشی، لرفە لرفی گڕی تەنگی بە تەنەکەبچووکەکە هەڵچنی بوو .

***

کاتێک ئەبوو لەیلا گوێی لە گلەیی نەوەکەی بوو،مۆمی دەست ناکەوێت کە بۆ پێنجەمین ساڵەی یادی لەدایک بوونی دایان بگیرسێنی، هەردوو گۆنای

ماچ کرد، پاشان دەستە زبرەکەی بە سۆزەوە بە پرچیدا هێنا، بۆ دڵدانەوەشی گوتی:

-خۆشەویستەکەی باپیرە مەگری، یەک کاژێری دی مۆمەکان دەگەنە لات. رۆحەکەم ئێستا بچووە لای نەنە نازلیت.

ئەو رۆژە بۆردوومان زۆر چڕ بوو. لێرە بەرمیلێکی پڕ لە باروت لە ئاسمانێکی تووڕەوە دادەبارێت، لەو لاش بۆمبی هاوەنێک دەتەقێتەوە، لەو لاتریش شریخەی دەسرێژی گوللە بەر ئەم تەلار یان ئەوی دی دەکەوێت. گڕی ئاگر و دووکەڵ و هات و هووتی ئوتومبیلی ئاگر کوژێنەوە، تێکڕا بە شەقامەیلی چۆڵ و هۆڵدا دەنگ دەدەنەوە و دەسووڕێنەوە.

لەیلا ویستی رێ لە دەرچوونی بگرێت، بە یەقینی تەواوەوە گوتی:

-هیچ شتێک بەدەر لەوەی خودا قەڵەمی لێ داوە، روو نادات، کەسێک نامرێت مەگەر رۆژی تەواو بوو بێت.

ئیدی بۆی دەرچوو.

***

ئەبوو لەیلا ئەو رۆژە، بە بێ ئەوەی گوێ بە بۆردوومانی دەوروبەری خۆی بدات، بۆی دەرچوو.

رووی کردە دووکانی ئەبوو سەمعۆ، تەنیا دووکانێک بوو کە بە درێژایی ئەو چەند مانگەی بەردەوام بوونی بۆردوومان، ما بووەوە. دوای ئەوەی بازاڕ تێک درا و زۆربەی خەڵکی مەساکن هەنانۆ ماڵەکانیان بۆ خاپوور کردن و تالان و دزی جێ هێشت، ئەو دووکانە وەک تەنیا نیشانەیەکی ژیان ما بووەوە. پەیوەندیی ئەبوو سەمعۆ لەگەڵ ئەندامانی سوپای ئازاد و گرووپەیلی دیکەی چەکدار بەهێز بوو، تەنانەت پەیوەندیی لەگەڵ سەربازانی بازگەکانی رژێمیش باش بوو. ئەو سوودی لە دەرفەتی کردنەوە دەروازەی بستانل قەسر، کە خەڵکی حەلەب ناویان نا بوو دەروازەی مەرگ، وەردەگرت، ئیدی خۆی بە بەری رۆژاوای حەلەبدا دەکرد و بە بارێک لە کالای پێویست دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی بیفرۆشێت، هەڵومەرجی شەڕیشی قۆست بووەوە و بە نرخی فرە گران دەیفرۆشت.

-مۆمت هەیە؟

-هەموو شتێکم هەیە، حاجی عەببورد تۆ تەنیا ئەمر بفەرمووو.

-زاڵم ئەمر نەکات، بۆ جەژنی لەدایک بوونی مەیسوون پێویستم بە پێنج مۆم هەیە.

-ئەبوو لەیلا، شەڕ و بۆردوومانە و ئێوەش ئاهەنگی جەژنی لەدایک بوون دەگێڕن؟ ئێمە لە کوێ دەژین؟ پاشان تۆ لەو دەستەی شەرع ناترسی؟

-دەستەی شەرع و مەرع چییە، بۆچی لەم وڵاتەدا شتێکی شەرعی ماوە؟ خۆ تاوان نییە ئەبوو سەمعۆ، ئەگەر دڵی کچێکی بچووک خۆش بکەین کە باوکی بزرە. خۆ ئەگەر ئاهەنگی جەژنی لەدایک بوونەکە نەگێڕین، بۆردوومانەکە ناوەستێت، ئێمە دەمانەوێ دڵی خۆی و دایکی خۆش بکەین.

-تەنیا ئەو سێ مۆمەم لە لا ماون.

-لێرە لەوێ؟ دە بگەڕێ بەڵکوو هی دیکە بدۆزیتەوە.

ئەبوو سەمعۆ بە هەموو کون و قوژبنێکی دووکانەکەیدا گەڕا، کە بە سەر یەکدا داپڕژا بوو، هیچ مۆمی دیکەی نەدیتەوە:

-بە خودا لەوان زیاترم نییە. حاجی تۆ دەزانی چەندە لە لای من شیرین و بەڕێزی. ماوەی یەک مانگە شەڕە تەقە نەبڕاوەتەوە، نەمتوانی بچم ئەشیا و کاڵای نوێ بهێنم.

* **

شوفێرێكی روو گرژ هاته نێو پاسەكەوە، تەنیا یەك كورسی بە تەنیشتی ئەبوو لەیلا بە بەتاڵ ما بووەوە، شوفێر دەرگاكەی بە توندی پێوە دا، ئەبوو لەیلا بە سووكی راچڵەكی و دەریاچەی خەیاڵ و بیرەوەریی خۆی جێ هێشت. هەر كە شوفێرەكە سویچی با دا و بزوێنەر كەوتە جووڵە، پاسەكە هەژا و كورسییەكانی نێوی نەرمە لەرەیەكیان كرد، سەرنشینانی پاسەكەش لە ژیانی بەر لە شەڕەكەش، شارەزای ئەو جۆرە لەرینە بوون. سەرنشینان لە نێو گەراجەكانی شاردا ماوەیەكی زۆریان بە جگەرە كێشان لە نێو پاسی (هۆپ هۆپ)دا بەسەر دەبرد و چاوەڕوانی گەڕانەوەی شوفێری نادیاریان دەكرد، هەر كە بە درەنگ وەختیش دەهاتەوە، بزوێنەری پاسەكەی وەگەڕ دەخست و دیسان دادەبەزییەوە بۆ ماوەیەكی درێژ بزر دەبووەوە، سەرنشینانیشی لەو چاوەڕوانییە تفت و تاڵەدا دەهێشتەوە، كە لە نێو هەژانی نەبڕاوەی پاس و كورسییەكاندا بە هیوای ئێستا نا ئێستا جووڵەی دەرچوون بن.

لەو رۆژەی خامۆشەی زستاندا، لەو ساتە ساردەی كە زەینی ئەو خەڵكە تەژی بووە بە هەمەجۆر بیرۆكە و

خەیاڵ، سەرنشـینانی کپ و بێدەنگی کەسـکە پاسـەکە فەرامۆشییان بە دەنگی ئارام بەخشی پاسـەکە دەهات، بە هیوا بوون لەو توونێلە تـاریکەی چەندین مـانگە تێی کەوتـــوون و دەریچەیەکیـان بەدی نەکـرد، رزگاریـان بکات، تا ئەو کاتەی "حەلەبی تێدا فرۆشرا"، وەک بە لای هەندێکەوە وا خۆشە بەم نـاوە باسـی رێککەوتنی نێوان رووس و تورک بکەن، کە بە پێی ئەوە بوار درا خەڵکی چەکدار و سڤیل بە ئارامی لە مۆڵگە و ماڵانی خۆیان لە گەڕەکەکانی رۆژهەڵاتی حەلەب دەربچن.

هەندێ لە سەرنشینانی، بە تایبەتی منداڵان، لەو پەڕی هیلاکی و شـەکەتیدا بـوون، ئیـدی بەدەم لەرەی دەنگی بزوێنەری پاسـەکە خەو بردنییەوە، کەچی پیاو و ژنـان هەر لە پەنجەرەکـــانی پاســـەکەوە ســـەرنجی کەلاوەی ماڵەکانیـان دەدا، کە بەم دیـو و ئەو دیـوی شـەقامەکەدا کەڵەکە بووبوون، خەڵکیش گرووپ گرووپ بە نێویاندا گـــوزەر دەکەن و لە بەیـانییەوە تەپیـان داوە و هێـدی هێـدی دەچـنە نێو پاسـەکانەوە. ئەوان بـێ ئاگـا بـوون لەوەی رووی دەدا. پێیـــان وا بـــوو ئەوەی روو دەدات خەونە و خەونیش نییە. ئیـدی بیـرۆکە لە نێو کەللەی سەریان تێک چرژان و تەپیان دایە بان یەک، دروست

وەک کەڵەکە بــوونی کەرتە چیمەنتـۆی زەبەلاحــی ئەو تەلار و خــانووانەی رۆژانێـک جێــی نیشــتەجێ بـوونی هەندێک لە مرۆڤەکان بوون.

## بەشی دووەم

کەسکە پاسی چیذی ژمارە ١١١ و زنجیرەی بەرهەم هێنانیKLQ) ٦١١٨ (GQو مارکەی(Long King) ، کە بەر لە تۆزێک پیرەمێردی تەمەن حەفتا بەرەو ژوور عەببوودی عوجەیلی و دەیان شەڕوانی بە خێزانەکانیانەوە هەڵگرت بوو، ئامادەی بەڕێ کەوتن بوو، هاودەم خەیاڵدانی سەرنشینانی لە قەڵبەزی دا و بە رێچکەکانی رابردوودا گوزەری دەکرد، وێڵی وڵامێک بوو بۆ ئەو پرسیارەی وەک زەنگ لەو بەیانییەی حەلەب لە لێدان نەدەکەوت: ئاخر لەبەر چی ئەو هەموو شتە رووی دا؟

خەڵک هیچ وڵامێکی دەست نەکەوت. وڵامەکان شاخی رەق و تەق و کەڕ و بێ متەقن، پێویستان بە دەستی کارامە و درەوشەی ورد و هەڵکۆڵینی بەردەوام بە ریتمێکی دیاری کراو هەیە، تا دەبن بە پەیکەر.

ولامەکان پێویستیان بە جۆشدانی بیر و بانگ کردنی عەقڵ هەیە. کەچی عەقڵ، کە گریمانە وایە ولامەکان داتاشێت، لە ساتەوەختی قەیرانی گەورەدا دوور دەکەوێتە. پەنا دەباتە بەر سێبەری دیوارەیلی رووخاو و درزی کەلاوەکان، بۆ خۆ دزینەوە لە کۆچی هەقیقەت. عەقڵ لە شەڕدا نییە. کاتێک رەمەک رادەپەڕێ و ورووژان بڕیار دەدات، عەقڵ بار دەکات. عەقڵ تەنیا گەلایەکی زەرد هەڵگەڕاوە و لە پاییزی شەڕدا دەوەرێ. عەقڵ بوار بە ئەسپی رەمەک دەدات، ئەسپی رەمەکیش چۆنی بیەوێ وا دەکات، لێرە تاو دەدات و لەوێ سەرسم دەدات، کەمێک شالاو دەبات پاشان یاخی دەبێت، لە حیلە دەدات و پاشان رادەوەستێ، سمکۆڵ دەکات بۆ ئەوەی سەر لەنوێ تاو بداتەوە.

***

سەرنشینانی ئەو پاسەی هاکا بکەوێتە جووڵە سەرقاڵی خەیاڵدانی خۆیان بوون، کە پشکۆکەی بە فووی ئازار گڕی گرت بوو. هاوکات خەیاڵدانی سووتاویان بە تەشیی یادگە کەوتە هۆنینەوەی رووداوەکانی رابردوو.

ئەبوو لەیلا دیسان گەڕایەوە نێو پێدەشتی یادگەی شەکەتی خۆیەوە، وێنەی نەوەکەی هێنایەوە بەر زەینی خۆی کە فووی لە سێ مۆمەکە و ئەو دوو پارچە پێچراوەی کاغەز دەکرد، کە دایکی لە بری دوو مۆمی دی ئاگری بۆی تێ بەر دا بوون. کاتێک بە توندی فووی کرد بۆ ئەوەی بە یەک فوو ئەو ئاگرە نەرم و نیانانە بکوژێنێتەوە، روخساری زۆر گەش خۆی نواند. بەرەو رووی کامیرای مۆبایلەکەی دایکی بزە گرتی و سەری بە لای راستدا لار کردەوە، وەک خۆ ئامادە کردن بۆ ئەوەی شەرەفی گواستنەوەی وردەکاریی روخساری بێگەردی، بە شاشەی بچووکی سامسۆنگ ببەخشێت.

هیچ کام لە ئەندامانی خێزانەکە گوێیان بە دەنگی کەوتن و بەر بوونەوەی بۆمب لە دەرەوە نەدا. دەنگی تەقینەوەکان وا دیار بوو دوور بوون، تەقینەوەشیان تێکەڵ بە دەنگی تەقینەوەی ئەو دەبدەبانەی دەستی برادەرانی مەیسوون بوون کە فوویان تێ دەکردن. لە پاش چەند خولەکێک لە زاق و زریق، منداڵەکان سوور بوون لەوەی بچنە کۆڵان بۆ هەڵاتن لە شوێنی تەسکی هۆڵەکە و زبریی دایکە .

-باشه بچنه دەرەوە، بەڵام خۆشەویستان هێندە دوور مەکەونەوە، باشە.

***

ئەو رۆژە بۆردوومانەکە خەست بوو، چەند هەلیکۆپتەرێک دەسووڕانەوە و بە ئاسمانی گەڕەکەکەدا گرم و هۆڕیان بوو، بە بێ ئەوەی فڕۆکەشکێن و هاواری ئەڵڵاهو ئەکبەر هیچ کامیان بپێکێ.

چەند جارێک لەیلا هاتە دەرێ و بانگی مەیسوونی کچی کرد و داوای لێ کرد بە پەلە بگەڕێتەوە ماڵێ. دەنگی تەقینەوەکان نزیکتر بوونەوە، هاوکات قاو و قیژی منداڵەکانیش بەرزتر بووەوە، کە لە کۆڵانەکەدا گەمەیان دەکرد بە بێ ئەوەی هیچ کامیان بە دەم بانگی کەس و کاری نیگەران و ترساویانەوە بچن و بگەڕێنەوە نێو ماڵەکانیان. ئیدی ئەوان لەگەڵ رواڵەت و وردەکاریی شەڕ راهاتوون، لە نێو فیگەرەکانیدا تواونەتەوە و بوونەتە بەشێک لە فەرهەنگی دڕندانەی ئەو، لەگەڵ مەرگی کتوپڕ راهاتوون کە رۆحی گەلێ لە هاوتەمەنانی ئەوی بردووەتەوە، چی دی گوێ بە هۆشداریی کەس و کاریان نادەن. چی دی باوەڕیان بەوە نییە کە ژوورەوە لە دەرەوەی میهرەبانترە.

-کچێ کچەکەم دە توخوا وەرەوە. تۆ و هاوڕێکانت تێر گەمە بوون. ئەرێ خۆ کەڕ نیت؟ گوێت لە دەنگی تەقینەوە نییە؟

لەیلا بەم جۆرە بە دەنگێکی تەژی لە ترس هاواری کرد.

مەیسوون بەرسڤی نەدایەوە. ڕەنگە بە هۆی تەقینەوەی بەرمیلێک کە هەلیکۆپتەرێک بە سەر گەڕەکەکەیدا باراند، گوێی لە دەنگی دایکی نەبوو بێت. دروست لەو چرکەساتەدا ساچمەیەکی تیژ ڕێی بەرەو ئەو کۆمەڵە منداڵە گرتە بەر. ساچمەیەکی کوێری کوێرتر لە شەڕ، بە خێراییەکی بێ ئەندازە بە هەوادا ڕووەوە مەیسوون هات و جەستەی نەرم و شلی لە ناوقەدەوە دوولەت کرد. ئا بەم سووک و ئاسانییە. دایکەی کۆست کەوتە بە سەرسامییەوە لە دیمەنەکەی دەڕوانی. باوەڕی بەوە نەکرد کە بە چاوی خۆی دیتی. پێی وا بوو دیمەنی فیلمێکی ترسناکە، خێوێکە لەو خێوانەی کە ئیدی بە تەکییەوە ڕاهاتووە بژی، پاش ئەوەی داعش هاوسەرەکەی ئەو، دکتۆر فەرهادی ڕفاند. ئەو خوێنەی لە خوێنبەرانی پچڕاوی جەستەی کچەکەی دەردەچوو، سەرسامییەکەی نەڕەواندەوە. قاو

و قیژی منداڵەکانی دی و هەڵاتنیان بە هەموو لایەک و پەنـــا بردنیـــان بـــۆ پەردووی کەلاوەکـــانیش، هەر سەرسامییەکەی نەڕەواندەوە. هەر تەماشای کۆڵانەکەی دەکرد کە ئیدی بێ لە تەرمی منداڵە دوولەت بووەکەی ئەو، هیچ کەسێکی تێدا نەما، تەرمەکەش بە سەر قیری ساردی کۆڵانەکەدا راکشا بوو. هەوری رەش دنیای بەرچاوی ئەویان لێڵ کرد. لە تارمایی ئەو لێڵاییە چڕەدا پێنج مۆمی کوژاوەی دیت، دووکەڵێکی سپییان لێ هەڵدەستێ و ئیدی نە شتێکی دەبینی و نە شتێکی دەبیست. بێدەنگییەکی قورس سەراپای گەردوونی تەنییەوە.

***

بەر لەوەی هەلیکۆپتەرەکە بەرمیلە تەقینەوەکەی فڕێ بداتە خوارێ، ئەبوو لەیلا لە بارگەی یەکێک لە گرووپەکانی کە گەڕەکەکەیان کۆنترۆڵ کرد بوو، وەستا بوو گفتوگۆی لەگەڵ چەکدارانی ئەو بارگەیە دەکرد، باسی کەمیی خۆراک و کاریگەریی ئابلووقە لە سەر ژیانی خەڵکەکەی دەکرد. وەک ئەوەی بە رووریاندا بداتەوە، پێی گوتن کە دەزانێت بە تەن خۆراکیان لە کوێ شاردووەتەوە و لە دابەش کردنی بە سەر خەڵکی

نەداردا نـاداد و نایەکسـانی هەیە. پاشـان دەنگی گـڕی بەرز کردەوە وەک ئەوەی دەست بە گریان بکات:

-دزەکان لە خۆمانن. دزی مـاڵ خۆن. ئاخر کوڕەکەم خەڵک روو لە کوێ بکات؟ هـا ئادەی، دە پێم بڵێ ئاخر خەڵک روو لە کوێ بکات؟

لاوێکی چەکدار کە ریشێکی پڕی هەبوو، داوای لـێ کرد هێور بێتەوە و بڕواتەوە مـاڵی خۆی، پێشی گـوت کە ئەم شتانە لەو گەورەترن. پاشان سەرکۆنەی کرد و گوتی:

-دنیا شەڕە و تۆ بێ لە ورگت هیچ خەمێکی دیکەت نیـیە؟ باشـترین شـت ئەوەیە کیسـە و مـاڵی خـۆت هەڵتەکێنی، هەرچی هەیە بیخۆیت.

ئەبوو لەیلا هەستی کرد تەوقێکی ئاگر لە گەردنی ئاڵاوە، هەستی کرد گەرووی ئیفلیج بووە، وەک ئەوەی گوللەی نیشان شکێنێک پێکا بێتی، سووکایەتییەکەی بە لیکی تفت و تـاڵەوە قـووت دا، بەر لەوەی وڵامـی ئەو لاوە چەکدارەش بداتەوە، گوێی لە تەقینەوەی بەرمیلێک لە نزیکی مـاڵەکەی بـوو. چەکـدارانی بـازگەکەی جـێ هێشت و بە پەلە بەرەو ماڵ رای کرد.

***

پاسـەکە هەر لە شـوێنی خۆیـدا وەسـتا بـوو، وەک کەسـێک لەرز و تـای گـرت بێت، هەڵدەلەرزی، ئەویـش وەک پاسەکانی دی چاوەڕوانی فەرمـان بـوو تـا قافڵەکە بەرەو بەشـی رۆژاوای حەلەب بکەوێـتە ڕێ، کە ئێـدی پێیان دەگوترا ناوچەکانی رژێم، لەوێشـەوە بە پێی ئەو ڕێککەوتـنەی کـراوە، درێـژە بە رۆیشـتنەکەی بـدات تـا دەگـاتە ئیـدلب. خەیاڵـدانی سـەرنشـینانی پاسـەکەش بە ئەندازەی ئەو لە لەرزیندا بوون. کاتێک مرۆڤ دەکەوێتە دنیـای کـپ و بێـدەنگییەوە، خەیاڵـدان دەسـت بە هەڵەوەڕی دەکات. سەرنشینانی کەسکە پاسـەکە هێندە ترسـیان لەو نادیـارە نەبـوو کە لە کۆتـایی ئەم کـۆچە چاوەڕوانیانە، هێندەی کە لەو ڕێیەی ئەوان دەگەیەنێتە جێ دەترسان. ئەو ڕێیەی بە قەنـاس بەدەسـت و مـین و تەقیـنەوە و تەبیعەتـی ئـاگرینی پاسـەوانانی بـازگەی جۆربەجـۆر، تەنـدراوە. لەو شـەڕە نەفـرەتییەدا هـیچ ڕێککەوتنێک بەهایەکی نییە، تەنانەت ئەگەر گەورەکانیش مسۆگەریان کرد بێت.

هەر یەکە لە سەر کورسییەکەی خۆیەوە، یادگارەکانی دەگێـڕایەوە، یادگارەکـانیش لە نێـو دەریـای خەیاڵـدا لە پێشبڕکێدا بوون، لە نزیکەوە بۆ نزیکتر، یادگـاریی شـەڕ

و ئـــابڵووقە و شــۆڕش و گرووپەیلێـک کە لە شــەڕی سامان و هەژموونـدا بـوون، چیرۆکی رفانـدن و بە زۆر شـاردنەوە، سـەربردەی ئەو بێوەژنـانەی لە پـڕ خۆیـان وەک نێچیـری بەر کەڵـبەی کۆمەڵگـایەک بینیـیەوە، کە بـایەخ بە قوربانیـانی شـەڕ نـادات، ئـاە و نـاڵە و فیغـانی دایکـانی جـگەر سـووتاو و فیـزاح و قیژەیـان بە دوای تابووتەکـــانەوە، هەتیـــو، کۆســـکەوتە، گیـــراوان و چیرۆکەکانی ئەشکەنجەدان کە لەبەر سامناکی لە بـاوەڕ بەدەرەن. چیرۆکی دەسـت درێژیـی سێکسـی کە کۆمەڵ لـێ بێـدەنگ بـوو، قوربانیانیشـی بەر لە هەمـووان لێـی بێدەنگ بـوون، رەو و پەڕینەوەی سـنوور پاشـان خـۆ دانە دەم مەترسییەکانی دەریا و مەرگ و کارەساتەکانی خنکـان، یـان چەقین لە نێو خێوەتگە و کەمپی پەرش و بڵاو لە سەختترین و دوورترین شوێندا، زۆریی چەک و کەمیی خۆراک، گەلێ شتی دیکە کە یادگەی ئەو رێبوارە بێدەنگانەی پێ سیخناخ بووە.

دەریـای خەم هار و هـاج کەوتە جمین و شـەپۆلەکانی رۆحی عەبـبوودی عوجەیلییان نقوم کـرد، ئیدی مـات و بێ دەنگ لە شووشـەی پەنـجەرەی پاسـەکەوە تەماشـای ئەو دیمەنـانەی دەکـرد، کە چـرکە بە چـرکە لە گۆڕانـدا

بوون. ئەو کیژۆڵە بچووکەی کیسەی پڕ لە پۆشاک و بووکە شووشەی بە دوای خۆیدا رادەکێشا، ئیدی لە دیمەنەکە بزر بوو، بەڵام ئەو رۆژە نەگریسە خەیاڵی ماندووی جێ نەهێشت، کە وێنەکانی کۆچ و رەو وروو‌ژاندوویانە.

کاتێک گەیشتە سەر کۆڵانەکە، زانیی پێکراوە. گوێی لە دەنگی ئوتومبیلی بەرگریی شارستانی و پیاوانێک بوو، کە بە کڵاوپۆڵای سپییەوە بە هەموو ئاراستەیەکدا غاریان دەدا، هەندێکیان لە ئاست کۆمەڵە دار و پەردوویەک دەچەمانەوە و گوێیان هەڵدەخست، بۆ ئەوەی گوێیان لە هەر نیشانەیەکی ژیان هەبێت کە لەو شوێنەدا نێژرا بێت، هاوکات دووانی دی بە برینداربەرێکەوە بەرەو دەروازەی تەلارێک رایان دەکرد، کە هاوار و قیژەی تاڵی لێ بڵند دەبوو. دیتی چوار پیاو شتێک هەڵدەگرن، وا هاتە پێش چاوی کە برینداڕێکی شەڕوانانە. بریندارەکە لە نێو بەتانییەکی پڕ لە پەڵەی خوێن پێچرا بووەوە. دڵی ئەبوو لەیلا بەرزتر کەوتە دڵەکوتێ، ئیدی لە خودا دەپاڕایەوە کە هیچ کام لە ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی تووشی هیچ ناڕەحەتییەک نەهات بن.

-خودا رەحمەتی خۆت، خودایە میهرەبانیی خۆت.

بەردەوام دوعـای دەکـرد و ئەو دوعـا و سـەڵاواتەی دووبـارە دەکـردەوە، هێنـدەی پێـی بکـرایە هەنگـاوی خێراتریشـی دەنـا تـا گەیشـتە ئەو کۆڵانەی کە نەوەی دوولەت بـووی لێ کەوتـووە. بە کراسـەکەی ناسـییەوە. هەر بەیـانیی ئەو رۆژە مەیسـوون لەبەری کـرد بـوو، رۆژی پێنجەمین جەژنی لەدایک بوونی، ئیدی خۆی پێ با دەدا و پیشانی باپیری دەدا:

-بـاپیرە تەماشـا کە، کراسـەکەم چەنـد جـوانە. دایە لە منبج بۆمی کڕیوە.

سـەرنجی چاوەکـانی دا، وەک جـووتە چـاوی نـازلی، هاوسـەری مردووی، دەبریقانەوە. بە سنگی خۆیەوە نـا، چـاوانی مـاچ کـرد، سـەد لیرەیەکی خسـتە نێو لەپی و رۆیشت.

لەو چرکەساتەدا ئەو نەیزانی کە بۆ دوایین جار نەوە هەرە خۆشەویستەکەی خۆی ماچ دەکات.

وەک مارانگەسـتە بەرەو تەرمە بچکـۆلانە رای کـرد، هەر زوو هەڵی گرت، دیتی زۆر سووکە. بۆی دەرکەوت ئەو تەنیا بەشـی لای سـەرەوەی جەسـتەی هەڵگرتـووە، واتە نـاوقەدی لە سـەرووی جـووتە لاقـی بـڕاوەی.

خوێنبەرەکانی هێشتا تەوژمیان دەدا. خوێنێکی گەش و گەرم و ئاڵ، هەڵمی لێ هەڵدەستا و لە بای خنکاو بە بۆنی بارووت وێنەی دێوزمەی شەڕی دەکێشا، ئەو خوێنەی دیزداشەکەی ئەو و کراسەکەی مەیسوونی سوور سوور خلتانی خوێن کرد. لە سەرسامیدا بە هەموو گەرووی شەکەتییەوە هاواری کرد:

-فریاکەوتن، فریام کەون.

لاوێکی ریشن کڵاو پۆلایەکی سپیی لە سەر بوو، لێی نزیک کەوتەوە و بە هێواشی گوتی:

-حاجی تەمەن درێژی بۆ خۆتان، کچەکە شەهید بووە.

***

ئەبوو لەیلا هەستی کرددڵی تاقانەی وا لە نێو دوو پەنجەی دێوێکدایە و دەیگوشی. ئازارێکی توند لای چەپی سنگی چزاندەوە. دەستی راستی درێژ کرد و بە سنگی خۆیدا دەهێنا و دەبرد، وەک ئەوەی بە دوای شوێنی ئازارەکەدا بگەڕێت، پاشان هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و ئەو چرکەساتە تۆقێنەرانەی وەبیر هاتەوە، ئەو رۆژەی هەلیکۆپتەرێک بە بەرمیلێکی تەقەمەنی، بەر لە سێ رۆژ کۆڵانەکەی ئەوانی بۆردوومان کرد.

ئەو رۆژە هەموو ئوتومبیلەکانی بەرگریی شارستانی لە گەڕدا بوون، تەنیا چەند ئوتومبیلێک ما بوونەوە، کە لەگەڵ چــڕ بــوونەوەی بۆردوومــان و ســەختیی هێرشــەکانی ئاســمان، فریــای دۆخەکە نەدەکەوتــن. فریادڕەسانیش ئیدی وەک خەڵکی دی بوون بە خۆراکی بەرمیل و بۆردوومـان و نیشـان شـکێن. لە کـاتی بەجێ گەیانـدنی ئەرکی خۆیانـدا، گەلێکیـان لـێ کـوژرا، ئیـدی ئەوانـیش پێویسـتیان بە خەڵکانێـک هەبـوو فریایـان بکەوێت یـان کوژراوانیـان بگـوازێتەوە و لە نزیکتـرین خاکدا بیانسپێرن، بە هەمان شێوەی خەڵکی مەدەنی کە دەکـوژرێن. لە پای دڵسۆزییان و مەترسیی کارەکەیـان لەو هەلومەرجە فرە سەختەدا، ناوبانگیان دنیا تەنییەوە، بەوەی ئاژانسەکانی هەواڵ و لاپەڕەکانی سۆشیال میدیا وێنە و ڤیدیۆی ئەوانیان بڵاو کـردەوە، چرکەسـاتی پتـر بابەنـد بـوون و پەیوەسـت بوونیـان بە سـاغە هەسـتی مــرۆڤ دۆســتییان دەخــاتە ڕوو، کە لە سیاســەت و چەپەڵیــــی شــــەڕ بەدەرە. لە لایەن دانیشــــتووانی گەڕەکەکـانی هەژارنشـینیش خۆشەویسـت بـوون و بە ڕێزێکی زۆرەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرا، هەمـان ڕەفتاری پزیشک و نەشتەرگەرانیان لەگەڵدا دەکرا، لێرە

و لەوێ، بەم لا و بەو لادا، بە هەلکەداوان رایان دەکرد، لە شەقام و بن دار و پەردوودا، بە دوای شوێنەواری مەرگدا دەگەڕان. پێویستی نەدەکرد کەس تەلەفۆنیان بۆ بکات یان بۆ شوێنانی بۆردوومان کراو بانگیان بکات، هەر دەمودەست کە گوێیان لە بەر بوونەوەی بۆمبێک لە ئاسمانەوە دەبوو، یەکسەر بێ دواکەوتن دەهاتن و ژیانی خۆیان لە بەر بۆردوومان دەخستە مەترسییەوە بۆ رزگار کردنی کەسانی گیرخواردەی بن دار و پەردوو یان تەرمی ژن و مندالی بن پاشماوەی زەبەلاحی چیمەنتۆ.

-لا ئیلاهە ئیللەڵلا.

ئەبوو عەلی کاتێک لە زاری گەنجەی فریاگوزارەوە گوێی لە پرسەی مەیسوون بوو، هاواری کرد و مات ما، نەیزانی چی بکات.

گەنجەی فریاگوزار پێشنیاری کرد تەرمەی دوولەت بخاتە نێو بەتانییەکەوە، کە لە نزیک هەردوو لاقەکەی لە جەستەی مەیسوون پەڕیو، رایخست. ئەبوو لەیلای پیرەمێرد ئەوەی کرد کە بیستی، لە پڕ ئاوڕی بە لای دەروازەی تەلارەکە دایەوە، دیتی کچەکەشی لە سەر عەرد راکشاوە، لە پەشۆکی و نارەحەتیدا هاواری کرد:

لەیلاااااااااا.

بەرەو لای ئەو رای کرد، پێی وا بوو ئەویش وەک کچۆڵەکەی کوژراوە، بەڵام ئاسەواری هیچ برینێکی بە جەستەیەوە نەبینی. هەناسەی دەدا و دڵیشی لێی دەدا. بانگی گەنجەی فریاگوزاری کرد و تکای لێ کرد بچێتە لای. گەنجەی فریاگوزار هێشتا خەریکی خڕ کردنەوەی پاشماوەی جەستەی کچۆڵەکە بوو، لە سەر بەتانییەک دای دەنان. هەر کە لەو کارەی بووەوە، بانگی هاوەڵانی کرد بۆ ئەوەی کچۆڵەی لەت و پەت ببەنە بنکەیەکی نزیکی تەندروستی، هەرچی خۆشی بوو، هەڵمەتی برد تا بە فریای ئەو ژنە بکەوێت کە لە بەردەم دەروازەی تەلارەکەدا کەوتووە.

-حاجی دڵنیا بە، هیچی نییە، تەنیا لە هۆش خۆی چووە.

گەنجەی فریاگوزار ئەمەی گوت و دەسرێکی دەرهێنا، کەمێ ماددەی کهوولی لێ دا و دەموچاوی رەنگی پەڕیو و تۆقیوی لەیلای پێ سڕییەوە.

لەیلا چاوانی هەڵهێنا، خەمی قووڵی نێو چاوانی فرمێسکاویی باوکی خوێندەوە، دەموچاوی لێوانلێو لە کۆڤانی ئەوی دیت، کەمێک سەری هەڵبڕی و بە

ئاراستەی ئەو شوێنەی روانی کە مەیسوونی لێ راکشا بوو، ئنجا فیزاحی کرد:

-کوانێ مەیسوون، بابە، مەیسوون کوا؟

-کیژەکەم، مەیسوون مرد. مەیسوون ئیدی بوو بە پەپوولەی بەهەشت.

باوکە بەم جۆرە وڵامی دایەوە، هاوکات سەری کچەکەی بەرز کردەوە و بە سنگی خۆیەوە نا.

***

لە دوورەوە کڵاو پۆڵای دوو فریاگوزاری سەر بە بەرگریی شارستانی بەدەر کەوتن، وا دیار بوو شەروانێکی برینداریان لە سەر برینداربەرێکی سادە هەڵگرت بوو، بە ئاراستەی یەکێ لەو پاسانە دەڕۆیشتن کە بە درێژایی شەقامەکە لە چاوەڕوانیدا بوون. ئەبوو لەیلا هەوڵی دا بیرۆکەکانی بخاتەوە سەر یەک و پێکەوەیان گرێ بدات، کە لەرینەوەی پاسەکە و پرتە و بۆڵەی سەرنشینانی، کە ئیدی کەوتنە نارەزایی دەربڕین، پەرت و بڵاویان دەکردەوە. چەقەچەقێک لە نێوان دوو سەرنشین لە دوو کورسیی دووری یەکدا رووی دا، یەکیان تفەنگێکی پێ بوو، بە دەنگێکی نزم کەوتنە شەرە چەقە، هێندەی نەبرد دەنگیان بەرز

کــردەوە، بە ئامـــانجی ئەوەی هەمـــوو سەرنشـــینانی پاسەکە گوێیان لە دەنگیان بێت:

-پاسەکە کەنگی دەکەوێتە ڕێ؟

-باشە بۆ وا پەلەتە دەربچی؟ دەترسی بمری؟

-مـن بـێ لە خـودا، لە کەس ناترسـم، قسـەی زیـادم لەگەڵ مەکە.

-مـن قسـەی زیـادم نەکـردووە، تۆی کە پەلەتە خێرا دەربچی. دوای ئەوەی وێرانتان کرد، پاش ئەوەی تەخت و خاپوورتـان کـرد، ئەنجـا دەتـانەوێ دەربچـن؟ هێشـتا زۆر زووە.. هێشـتا چەنـد کـووچەیەک مـاون خـاپوور نەکراون، چ پەلەتانە؟

-ئێمە خاپوورمـان کـرد؟ تۆ بە زمـانی ڕژێـم قسـان دەکەی. ئا دەی پێم بڵێ بەڕێزتـان کێن و کارتـان چییە، ئاخۆ سەلکی سیرن یان قونچکی پیاز؟

-یەکەم شـت لە بیری مەکە تۆ وا سـواری پاسـێک لە پاسـەکانی ڕژێم بوویـت، واتە کەسـکە پاسـێک، کەچـی مرەمرشـی تێدا دەکەن. بە بـاری گـوێزەوە بـا خـڕڕەی نەیەت. ئاخۆ چ جارێ گوێت لەم ڕستەیە بووە؟ دووەم لێم دەپرسی ئاخۆ من کێم؟ مـن کەسـێکی ئاسـاییم. من هاووڵاتییەکم، ماڵم چوو، خێزانەکەم مردن، منیش ئێستا

ڕێی نادیارم گرتووەتە بەر. ئێمە چ سوودێکمان لەم شەڕە بینی؟ من بە درێژایی تەمەنم لەگەڵ ڕژێمدا نەبووم. نە لەگەڵ هاتنی ئێوەش بووم بۆ نێو گەڕەکەکەمان، کە بیکەن بە سەنگەر و مەتەرێز بۆ خۆتان. ئێوە و ئەوانەی لەگەڵتن، نە ئێمەتان پاراست و نە سەرکەوتن. ئەوەتا ئێوەش بۆی دەردەچن، پاش ئەوەی داری بە سەر بەردییەوە نەما.

-پێم گوتی درێژەی مەدەری، ئەگەرنا سەر و پۆتەڵاکت دەشکێنم.

-منیش پێت دەڵێم من هەموو شتێکم لە کیس چووە. من ئێستا ماڵ و خێزانم لە دەست داوە و لە شارەکەشم دەردەچم. بە لامەوە گرنگ نییە بە ساغی لێی دەربچم یان تێیدا بمێنمەوە، تەنانەت ئەگەر بە دەستی تۆش بکوژرێم یان بە دەستی کەسێکی سەر بە ڕژێم. ئەگەر حەزت کرد، دەتوانی بە گوللەیەکی تفەنگەکەت کۆتایی بە ژیانم بهێنی. دەی تەقە بکە، بیکە و ڕەحمێک بەو دڵە بکە کە شوێنێکی بۆ ئازار و ژان تێدا نەماوە.

ئنجا بە تووڕەییەوە هەردوو دەستی بۆ یاخەی کراسە چرچ و لۆچەکەی برد، چەند دوگمەیەکی کردەوە

و چـڕە تــووکی ســپیی ســنگی بەدەر کەوت، هەر زوو چەکدارەکە هاواری لێ کرد:

-شەرم کە، هیچ نا شەرم لە مووی سپیی خۆت بکە، ئاخر ژنمان لەگەڵدان.

-دەبا یەکەم جار پیاوانمان لەگەڵ بێت.

کاتێـک مشــتومڕی نێوانیـان گەیشــتە ئەو ئاســتەی توندی، هەندێک لە سەرنشینان هاتنە نێوانیان و داوایان لێ کردن ئارام و هێور ببنەوە، هەنـدێک دەنگی نەرم بەرز بـوونەوە "جەمــاعەت ســەڵەواتی پێغەمــبەری لـێ دەن، شـایەتمان بێنن و نەفـرت لە ئەهـریمەن بـکەن. بـا رۆژەکەمـان بە خێر کۆتـایی بێـت. ئەوەی بە ســەرمان هاتووە بەسمانە".

ئەو دوو کەســـە، یەکێـــان چەکـــداری یەکێـــک لە گرووپەکـانی شـەڕکەر بـوو، تفەنگێکـی لە ئـامێز بـوو، هەروەها ریشێکی پوختە هەڵپاچراویش سیمای رەنگ و روخساری شارد بووەوە، مەندیلێکی رەشیشی لە سـەر پێچـا بـوو، هێنــدەی نەمــا بــوو چاویشــی داپۆشــێ. دووەمیشـیان کەسـێکی مەدەنی بـوو کە لە ناوەڕاسـتی تەمەنیدا بوو، ریشـێکی بەردا بووەوە کە دەکرێ بڵێین تەمەنی ریشـەکەی هەفتەیەک دەبوو، تەنکە ریشـێک کە

پیریی پێوە دیار بوو، سیمای زبر و تووڕەی داپۆشی بوو، هەردوو چاوانیشی بە قووڵدا چوو بوون، کە گەلێ خەم و تووڕەیی پەنهان و ناتوانایی و ترس و هەستی تێکەڵ و نادیاریان دەخستە روو.

شوفێرەکە لەو کاتەدا خەریکی پێچانەوەی جگەرەیەک بوو، هیچ قسەیەکی نەکرد، تەنیا لە ئاوێنە لاکێشەییەکەی ناوەوە سووکە سەرنجێکی لەو سەرنشینە پەشێوانە دا، وا دیارە بوو باکی بەوە نەبوو کە لە نێو پاسەکەدا رووی دا و رووش دەدات. دوایین قومی لە جگەرە دا، دووکەڵەکەشی لە پەنجەرەی نیوە کراوەکەی پاسەکەوە ئاودیوی دەرەوە کرد، پاشان پاشماوەی قونچکی جگەرەکەی خستە نێوان گەڵە پەنجە و پەنجەی بالابەرزەی دەستی راستی و دوور تووڕی دا، پاشان جامی پەنجەرەکەی دیسان بەرز کردەوە.

ئەبوو لەیلا ئەو مشتومڕەی بە لاوە سەیر نەبوو، کە چەند خولەکێکی خایاند. هەمووان نائارام و پەشێو بوون. ئاخر جێ هێشتنی ماڵ و حاڵ و هەوار کارێکی ئاسان نەبوو. بێ لەوە، ئەو لە کاتی تێپەڕ بوونی بە بازگەی زۆردا، لەو مشتومڕە خراپتر و توندتری بینیوە. هەندێ چەکداری بازگەی چەندین گرووپەیلی شەڕکەر

لە حەلەب بەرانـــبەر بە خەڵکــی ســڤیل بووبـــوون بە کەڵەگا، بەرتیل و ســەرانەیان لێ وەردەگرتن، هەرچی ســەلیقەی ســـادەی خۆیـان بیویســتبایە، بە ســەر ئەو خەڵکەیـان دەسـەپاند، بە تـایبەتی ئەنـدامانی ڕێکخـراوی داعـش. خەڵکـی هەمەجـۆر خەم و خەفەت و مەرگیـان چەشـــت کە لە عەرد و ئاســـمانەوە بۆیـــان دەبـــاری، تەنانەت لە بن پێلیانەوە بۆیان دەر دەکەوت، ئیدی پێی ناڕەحەت بوون و هیچ دەرەتانێکیان بەدی نەکرد، بێ لە پەنا بردنە بەر قاچاخچییان. هەندێک توانییان دەربچن، نەک تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی حەلەب، بەڵکوو ئەوان توانییان تەنـــانەت ســـنووری وڵاتەکەشـــیان ببـڕن، ئەو وڵاتەی ئـــاگری تــێ بەر بـــووە، بەرەو وڵاتـــی دیــکەی ئـــارامتر ڕەویـان کـرد، بەرانـبەر بەوەش پـارەیەکی زۆریـان دا. هەنـــدێک خەڵــک خانوویـــان فرۆشـــت، هەنـــدێکیش کە خانووەکانیان خاپوور کران، ئیدی کەوتنە فرۆشتنی زێڕ و خشـڵی خۆیـان، بـۆ ئەوەی پـارەی گەشــتی ئەگەری مەرگ بە نێو دەریا و دارستاندا بەرەو ئەورووپا بدەن.

ئەبوو لەیلا بە بێ ئەوەی ئاوڕ لە چاوگی مشـتومڕەکە بداتەوە، ئانیشکی لە شووشـەی ساردی پەنـجەرەکە گیـر کــرد، لیمـۆی یـادگەی گوشــی و هەوڵــی دا بیــری چــڕ

بکـــاتەوە و بە دوای ئەو چرکەســـــاتانەدا بگەڕێــت، کە لەوەدا بوو ژاوەژاوی نێو پاسەکە بزری بکات و لە نێو قوولایی خەیاڵدا نقوم بن.

***

مەیسوون کۆچی کرد.

ســـاچمەیەکی کـــوێر کوشـــتی، کە کـــریملین گۆپـــاڵێکی ڤیتـــۆی بـــۆ ئەو ســـاچمەیە دروســـت کـــردووە، بە نێـــو کووچەکانی حەلەب و شـــارەکانی دیکەشـــدا ڕێـــی پیشـــان دەدات، ئەو شـــارانەی هـــیچ کەس نەیتـــوانی بە چەتـــری ئاسایش و ئەنجوومەنی ئیفلیجی سایە و سێبەرێکیان بۆ بکات.

گەلێـــک منـــداڵ مـــردن و لە بـــن کەرتە چیمەنتـــۆی دارمـــاوی مـــاڵ و دیـــواری قوتابخانەکانیـــان کە دارمـــان، ئێسکی نەرم و نیانیان هـــاڕدرا. گەلێک منداڵ بە هەوای ژەهراوی مردن کە فڕۆکەیەک هەواکەی ژەهراوی کرد، هەمـــان فـــڕۆکەش فڕۆکەوانـــانی ولاتـــی خۆیـــان لێیـــان دەخـــوڕین، بەر لەوەی فڕۆکەوانـــانی ولاتـــانی ڤیتۆشـــیان بێتە پاڵ. بە بۆردوومانی کوێرانەی گرووپەیلی چەکدار بۆ ناوچەگەلێک کە ناویان نـــان ســـەر بە ڕژێم، منداڵان مەرگ بردنییەوە، مووشەکەکان کوێر بوون جیاوازییان

لەنێوان سەربازێکی رژێم و منداڵێک نەدەکرد کە لەوێ لە قوتابخـانە دەگەڕایەوە. بە چەقـۆی ڤینـی تـایەفی و تیخی میلیشیای هاوردە بۆ داکۆکی کردن لە ئاسایش و شکۆی وڵات، منداڵان مەرگ بردنییەوە. بەو مووشەکانە مردن کە فڕۆکەکانی مامە ئۆباما تێی گرتن، ئۆبامـایەک کە کێشـانی هێڵـی سـوور لە سـەر نەخشـەی ئـازاری سووریای کـردە خولیا و ئـارەزوو، بەر لەوەی بە پەلە هێڵەکـــان بســـڕێتەوە، بە بـــێ ئەوەی پەردەیەک لە پەردەکـانی کۆشـکی سـپی بلەرێـتەوە، کە عەورەتـی سیاسەتی نیشتەجێی ئەوێ دەشارنەوە.

وێڕای زۆریی ئەو وێنانەی کەناڵەکانی سۆشیال میدیا پەخشیان کرد و هەزاران بەڵگە فیلم لە بارەی قووڵیی بـــرینەکەی ســـووریاوە، کەچـــی چـــاوی کۆمەڵگـــای نێـودەوڵەتی لە ئاسـتیدا کـوێر بـوو، دۆسـتانی گەلـی سـووریاش، هەر خۆیـان ئەم ناوەیـان لە خۆیـان نـاوە، تەنیا بە بێدەنگی چاودێریی جۆگەلەی خـوێنی چۆڕاوی برینی ئەو منداڵانەیان کرد، خۆ رەنگە، ئاخر کێ دەزانێ، زۆر بە دڵ خۆشییەوە ئەمەشیان کرد بێت.

ئەوانەی بە شـــەقامەکانی مـــافی مرۆڤـــدا دەڕۆن ئاوڕێکیـان نەدایەوە، بە هەمـان شـێوە فەرمـانبەرانی بە

پەلەش، ئەوانەی لە نێوان نووسینگەکانی دادگای نێودەوڵەتیی داد و دادگای تاوان لە لاهایش، ئاوڕیان لەو خوێنە نەدایەوە، کە بێزی لە جێگەوتی هەنگاوی پڕ لە متمانەی ئەوان دەبێتەوە، ئاگایان لەو قوربانیانە نییە کە هاواریان لێ هەستا و ئازارەکانیان بە هەموو زمانانی دنیا دەدوێن. گوێیەکانیش لە ئاست خنکە خنکی ئەو منداڵانە کەڕ بوون، کە لە چرکەساتی خنکانیان بە غاز دنیایان تەنییەوە، چاوەکانیش لە ئاست بریقەی چۆڕاوی برینیان کوێر بوو، چاوەکان وایان نیشان دا کە بیناییان لەدەست داوە، گوتیشیان ئەوان ئەو گوشتارگەیەیان نەدیوە، ئەگەرچی لە خۆری تەمووز روونترە و لە هاژەی تاڤگەیەکیش کە لە بەرزییەکەوە دێتە خوارێ بەرزترە.

مەیسوون مرد.

شەڕ هەر پێنج مۆمەکەی ئەوی کوژاندەوە، دایکی دووبارە کەڕ بووەوە، پاش ئەوەی چاوی بە روخساری کیژۆڵەی کوژراوی کەوت و پرسیارێکی گەورەتر لە نیشتیمان و دژوارتر لە جەنگ، بە سیمایەوە گەلاڵە بوو. لەیلا دیسان لە زمان کەوت پاش ئەوەی کەلـبەی ڤیتۆیەک، کە لە نیویۆرکەوە هات و مەیسوونی

بچکۆلانەی کەرت و پارچە کرد و کردییە تەرمێکی سارد و سڕ لە مەیدان نەخۆشخانەی نزیکی ئەویێ، کە لە نێو قاوشەکانیدا شەڕوان و مەدەنی تەپیان داوە، هەمووان لە نێو بەتانیی پیسدا پێچراونەتەوە و لە تاو برینی گەنیویان لە ناڵە ناڵدان.

***

## بەشی سێیەم

لە کانتینی کۆلیژی پزیشکیدا، کە قوتابیان زانکۆی حەلەب پێی دەڵێن کانتینی ناوەندی، زۆر لە خوێندکارانی هەمەجۆر کۆلیژ بە یەک دەگەن. ئەو ریستورانتە پەلە خۆراکی هەیە، سەندەویچی پەنیر و سجووق و چا و قاوە و خۆشاو. دەڕوانێتە گۆڕەپانی زانکۆ و لە دەروازەی حەرەمی زانکۆیەکەدایە، لە خوارەوەی تەلاری کۆلیژی پزیشکی و بەرانبەر بە کۆلیژی ئەدەبیات و زۆر نزیک لە نەخۆشخانەی زانکۆ. ئیدی ئەو یەکەمین شوێنە کە خوێندکاران پێی دەگەن، پاش ئەوەی لە پاس و تەکسی و هۆی دیکەی گواستنەوە، لە گۆڕەپانی زانکۆدا دادەبەزن و دێنە نێو زانکۆوە.

لەو کانتینەی کورسییەکانی شکاو و مێزەکانی تەژین لە رستەی غەزەل و بەرواری جۆربەجۆر کە ئاماژە بە

ژوانی ورده عاشقان دەکەن، فەرهاد خوێندکاری ساڵی پێنجەم لە کۆلیژی پزیشکی بە دیداری لەیلا خوێندکاری دوایین ساڵی ئەدەبی عەرەبی گەیشت.

ئەمە لە کۆتایی نیسانی ساڵی دوو هەزار و پێنجدا رووی دا. رۆژێکی گەرمی بەهار بوو. دوو خوێندکاری زانکۆیەکە لە سەر مێزێکی تەنیشت پەنجەرەیەکی نزیک بە دەرگای کانتینەکە دانیشتن، کە دەیڕوانییە گۆڕەپانی زانکۆیەکە، گۆڕەپانەکەش تەنیا یەکتربڕێکی رێگاکان بوو، کە بەرەو چەند گەڕەکێکی حەلەب دەچوون و چەندین وێستگەی پاسی گەورە و بچووک و زەردە تاکسیی لێ بوو.دوای گفتوگۆیەکی کورت و بە چرپە، لە بارەی کاریگەریی کوشتنی رەفیق حەریری بە سەر ئاییندەی وڵاتەکەوە، نەمازە پاش ئەوەی هێزی سوپای سووریا لە لوبنان کشایەوە، ماوەیەک بێدەنگی بەسەر چوو، پاش ئەوەی هەر یەکەیان پەنای بردە بە خەیاڵی خۆی.

هەندێک لە خەڵکی سووریا هیوایەکی گەورەیان بەو رووداوە هەبوو، هەندێکیش پێیان وا بوو ئەمە سەرەتای رزگار بوونە لە کۆماری بە میرات و دیکتاتۆریەتی پارتی سەرکردەی دەوڵەوت و کۆمەڵ.

گەلێ لە توێژەکانی کۆمەڵ باوەڕیان وا بوو، رزگار بوون لە چنگی دەسەڵاتی ئەمنی بە کردارێکی دەرەکیی وەک ئەوەی لە عیراق رووی دا نەبێ، بەدی نایەت. ئاسۆ لە بەردەم خەڵکی سووریا داخرا، پاش ئەوەی لە ئەدەبیاتی ئۆپۆزسیۆندا پێی دەگوترێت بەهاری دیمەشق، زیندە بەچاڵ کرا، ئەویش ئەو ماوە کەمە بوو کە لە پاش حوزەیرانی ساڵی ۲۰۰۰ـەوە جۆرێک لە کرانەوەی بە خۆوە بینی، کاتێک سەرۆکە گەنجەکە کلیلەکانی کۆشکی کۆچبەرانی خستە گیرفانی خۆیەوە، وەک میراتگری باوکی گۆرینی، کە بە دەستێکی پۆلایین بۆ ماوەی سی و پێنج ساڵ حوکمڕانیی وڵاتی کرد. دەزگاکانی ئەمن ئەو یانانەی داخست کە خەڵکێکی زۆریان راکێشا، پاش ئەوەی چەندین رۆشنبیری چینی ناوەند کۆت و بەندی گەردن و لاقی خەڵکی سووریایان تێک شکاند، لەمەش سوودیان لە چاوپۆشی کردنی دەسەڵات وەرگرت. دواتر وا لێک درایەوە کە ئەمە رێکارێکە دەسەڵات مەبەستی بوو لە رێی ئەوەوە نەیارانی راستەقینەی خۆی ئاشکرا بکات و لە زیندانیان بئاخنێ، بە کردەنیش ئەوە رووی دا. لیژنەکانی ژیاندنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی بەر لەوەی بتوانن

کۆمەڵگەی مەدەنی بژێنەوە و ڕۆحی پێ ببەخشن، مەرگ بردنییەوە، ڕوونیش بووەوە کە ئەو چنگەی دەزگاکانی ئەمن کە کەمێک خاو بووەوە، مەبەستیان بوو بەمە دووبارە کۆت و بەندی خۆیان بە دەورەی جووڵەی ئاشتیانەی خەڵکدا توندتر بکەن، هەناسەیان پێ ببڕن و چالاکانیشیان بخەنە نێو زیندان و بەندیخانەوە.

خەڵکی سووریا لە پاش کوشتنی حەریری لە دۆخی چاوەڕوانی و تۆقینی ئاوێتە بە برێک هیوا ژیان، هەموو چرکەیەک پێشبینیی دەست تێوەردانێکی نێودەوڵەتییان دەکرد بۆ گۆڕینی ڕژێمی حوکمڕان لە وڵاتەکەدا. وێڕای ئەوەی حەزیان بە ڕزگاری و سەرفرازی بوو، بەڵام ترسیان لە دەست تێوەردانی دەرەکیش هەبوو، پاش ئەو پەشێوییە فراوانەی لە دوای ڕووخانی جمکەی بەعس لە بەغدا لە نیسانی ٢٠٠٣دا، بینییان.

قسەی هەردوو خوێندکارەکەی ئەو ڕۆژەی زانکۆ، خوێندکاری پزیشکی مرۆیی فەرهاد و خوێندکاری وێژەی عەرەب لەیلا، تەنیا چرپە بوو، پاش چەند چرکەیەک لە دەست پێ کردنی گۆڕا بە بێ دەنگییەک، کە تەنانەت زاق و زیقی هۆڕینی ئوتومبیلی گوزەر کردە بە گۆڕەپانی زانکۆ و هات و هاواری ئەو خوێندکارانەی

لە وانەی مەشـــــقی ســـــەربازیش دەگەڕانەوە، ئەو بێدەنگییەی نەشـکاند. هێنـدە باسـی سیاسـەتیان نەکرد، سەری خۆشیان بە بابەتەکەی حەریری بە پتر لە دوو رستە نەهێشاند، کە خوێندکاری شەرمن فەرهاد کردییە دەسپێکی قسە کردنەکەی. ئەوە یەکەمین دیداریان بوو کە خوشــکی فەرهـاد ڕێـی بـۆ خـۆش کـرد، زەیـنەب خوێنــدکاری ســاڵی ســێیەم لە کـۆلیژی ئــابووری و بازرگــانی بـۆ ئەوەی بــرایەکەی بە لەیـلا عــوجەیلی بناسـێنێ، ئەو کـچە سـەنگینەی حەلەب بە گـوتەی ئەو، پــاش ئەوەی قەنــاعەتی پـێ هێنـا کە لە نێـو ســەدان خوێندکار، ئەو گونجاوترین بووکە بۆ فەرهادی برای.

-کچێکی جوان و سەنگینە، خاڵوانی کوردن.

زەینەب خوشکی فەرهاد، بە بزەیەکی واتادارەوە ئەم قسەیەی گوت.

-جــوان و ســەنگینە، دوو ســیفەتی بەســن، زەینـۆی خوشکم. چم داوە لە خاڵوانی؟

بە بزەیەکـی شـەرمنانەوە، فەرهــاد بەرسـڤی دایەوە، ئنجـــا بە پەلە بـــۆی دەرچـــوو، نەبـــادا وانەیەکـــی نەشتەرگەریناسیی لە کیس بچێت.

***

لەیلا هەر تەماشای چاوانی هاوڕێ کوردەکەی دەکرد کە لە شاری منبجەوە هات بوو، کە تەنیا چەند پەیڤێکی کوردیی دەزانی، کەچی نیگای فەرهاد لە سەر ئەو زنجیرە زێڕە جوانە گیرسایەوە، کە ناوی خوداوەندی پێ شۆڕ بووەتەوە و ئەو بەشەی بە دەرەوەی گەردنی هاوڕێیەکەشی، رازاند بووەوە.

-هۆشت بۆ کوێ چوو؟

-خودا.

-چیی؟

-لە سەر عەرش گیرساوە.

لەیلا ئاگای لە چاوی فەرهاد بوو. دەستی بۆ گەردنی برد و ناوی زێڕینی خوداوەندی بە هەردوو پەنجەی شەهادە و گەڵە گرت، وەک ئەوەی بیەوێ ئەو پارچە زێڕەی سەرنجی فەرهادی راکێشا، بشارێتەوە، پاشان سەری خۆی داگرت و بە دەنگێک کە هەر لە چرپە دەچوو، گوتی:

-زەینەب پێی گوتم شەرمنە، بەڵام پێی نەگوتم تۆ شاعیریشی.

فەرهاد سەری سوڕما چۆن بەرسڤ بداتەوە. بە راستی ئەو شەرمن بوو، بەڵام خۆ شاعیر نەبوو و بە

هـیچ شـێوەیەک گـوێی بە تەواوی وێـژە نەدەدا. ئەو زنجیـرەی بە سـنگی هاوڕێیەکەیـدا شـۆڕ بـووەتەوە، شـەیدای کـرد، پەیڤـی خوداوەنـدیش ئەو وشـانەی پـێ بەخشی، کە خۆشی پێی سەیر بوو چۆن زاتی کرد بیان درکێنێ. دینداریکی میانڕەو بوو. هەر کە هاتە زانکۆی حەلەب، ئیـدی بەردەوام نـوێژی لە مزگەوتـی ئیمـان دەکرد کە لە نزیک زانکۆی شارەکە بوو. ڕۆژانی هەینی ئامـادەی بـانگخوازێکی بە ڕەچەڵەک کـورد بـوو، کە بە ڕۆژی ڕووناک داوای لە خەڵک دەکرد بۆ جیهاد بچنە عیـراق، تـا ئەو ڕۆژی هەینیـیەی لەگەڵ دەرچـوونی لە مـزگەوت، بە خـۆی و هـاوەڵانییەوە کـوژران. فەرهـادی لاو ترس دایگرت، کاتێک گوێی لە قسەیەک بوو کە بە نهێنی لە سـەر زاری خەڵک بـوو، قسـەکە ئەوە بـوو کە بـانگخوازەی کـوژراو لە لایەن دەزگـای هەواڵگـرییەوە خرا بووە گەڕ، بۆ کۆ کردنەوەی خۆبەخشـان و ڕەوانە کردنیان وەک موجاهید بۆ نێو ڕیزی ڕێکخراوی قاعیدە و ڕێکخراوەکـانی دیـکەی چەکـدار لە عیـراق، مزگەوتەکەش لە لایەن گەلێ سیخوڕ و ڕاپۆرتنووسەوە چاودێری دەکرا. فەرهاد وازی لە چوونە مزگەوت هێنا، ئیدی پاش ئەوەی باوکی نسـیحەتی کـرد کە خـۆی لە

سەرێشە و ماڵ وێرانی بەدوور بگرێت، تەنیا لە ماڵەوە نوێژی دەکرد. باوکی بریکار وانەبێژی زمانی عەرەبی بوو لە دواناوەندییەکانی منبج، هۆبەی هەواڵگری لەو شارەدا بۆ ماوەی پازدە ساڵ ڕێی جێگیر کردنی لە کارەکەی پێ نەدا، بە تۆمەتی ئەوەی ئەندامی پارتەکانی کوردە.

پاش کفتوگۆیەکی پچڕپچڕ کە دەستەواژەی شیرین و نوقڵان باری نێوان هەردوو هاوڕێی تازە بە یەک ئاشنای تێدا دەباری، وادەی وانەکەی لەیلا هات. ئیدی داوای مۆڵەتی لە فەرهاد کرد، ئەویش پێی گوت کە حەز دەکات تا کۆلیژی ئەدەبیات پێکەوە بڕۆن، ئەویش بە خۆشییەکی زۆرەوە، کە نەیتوانی پەردە پۆشی بکات، داواکەی فەرهادی ئەرێ کرد. هەردووکیان بە جووتە دڵێکی سەوزتر لە تازە داری سنەوبەری ئەوێ، لە کانتینەکە دەرچوون.

***

فەرهاد خوێندنی تەواو کرد و لەیلاش تەواوی کرد. لەگەڵ نزیک بوونەوەی کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧، هەرچەندە ئامۆزایانی قاچاخچیی لەیلا بەرهەڵست بوون، بەڵام ئەو جووتە زەماوەندیان کرد. ئامۆزاکان

پێیان وا بوو، لەیلا پتر مافی ئەوانی بە سەرەوەیە تا بێگانەیەک. کەچی، ئەو کە خوێندنی کۆلیژی ئەدەبیات بەشی ئەدەبی عەرەبیی لە زانکۆی حەلەب تەواو کرد بوو، ئامادە نەبوو شوو بە کەسێک بکات کە ئاستی زانستیی لەو کەمتر بێت. یەکێ لە ئامۆژنەکانی چەند جارێک هەوڵی دا رازیی بکات:

-لەیلا، کچەکەم، ئامۆزاکەت باخی مێوی هەیە و یەکێکە لە دەوڵەمەندانی عزاز و گەورە قاچاخچییەکان، باوەڕم پێ بکە لەگەڵ ئەودا زۆر بەختەوەر دەبیت.

لەیلا قسەکانی ئامۆژنەکەی رەت کردەوە. سوور بوو لە سەر شوو کردن بە فەرهاد، کە لە سالانی خوێندنی زانکۆدا ناسی بووی. ئەمەیان لەگەڵ خولیایەکی دەروونی لەیلادا وێک دەهاتەوە. باوکی فەرهادیش پاش ئەوەی ساڵێک و سێ مانگی لە بەندیخانەدا بەسەر برد بوو، لە پای ئەوەی لە شاری کۆبانێ بەشداریی لە ئاهەنگی جەژنی نەورۆزدا کرد بوو، پارچە شیعرێکیشی بە زمانی عەرەبی لە بارەی نەورۆزەوە خوێند بووەوە، تازە ئازاد کرا بوو، ئیدی خۆشیی خێزانەکەیان بوو بە دوو خۆشی، شادیی گەڕانەوەی سەرداری خێزانەکە و

شـــادیی ژن هێنـــانی دکتـۆر فەرهـــاد و گواســـتنەوەی مامۆستا لەیلا وانەبێژی زمانی عەرەبی.

ئەو زەماوەندە خۆشە لە پاش چوار ساڵ دوو کوڕ و کچێکی لێ هاتە بەرهەم، کامیران، ئالان و مەیسوون.

مەیسـوون پاشـەبەرەی ئەو دوو هـاوژینە بـوو کە لە ساڵی ٢٠١١دا لەدایک بوو، بەر لەوەی خەڵکی سووریا راپەڕن و خۆپیشاندانی نارەزایی دژ بە دەسـەڵات رێک بخەن و پاشان داوای رووخانی رژێمیشیان کرد.

لەیلا لە فەرهاد زیاتر دڵی بە مەیسـوون خۆش بوو، بەڵام فەرهاد دوو نێرینەکە، کامیران و ئالانی بە لاوە لە خۆشـــکەکەیان خۆشەویســـتتر بـــوو. کەچـــی هەر کە کچەکەی کەمێ گەورە بوو، هێندە هۆگری بوو، تەنانەت نـۆرینگەکەی کە کەوت بـــووە ئەو نەخۆشـــخانەیەی لە خـــواروویماڵەوەیـــان بـــوو، جـــێ دەهێشـــت و ســـەر دەکەوتە مـــاڵێ بـۆ ئەوەی گەمە لەگەڵ کـچە جوانەکەیـدا بکات، ئەو کـچەی جمە و شـادییەکی پەنهانی بە مـاڵەکە بەخشی بوو، کە بەو شادییەی جارانی ژیانی پێشـووی ئەو جووتە هاوژینە نەدەچوو.

هاوینی ساڵی ٢٠١٢ شاری منبج وەک گەلێک شـار و شارۆچکەی دیکەی سـووریا، لە ژێر دەسـەڵاتی کۆشـکی

کۆچبەران دەرچوو، چەند گرووپێکی سوپای ئازاد کە لە پاش دابڕان و جیا بوونەوەی ژمارەیەک لە سەرباز و ئەفسەر لە سوپای حکوومەت، تازە بنە و بارەگەیان دانا بوو، دەسەلاتی شارەکەیان گرتە دەست. دکتۆر فەرهاد چووە پاڵ جموجۆڵی تازەی سیاسییەوە، پاش ئەوەی دڵنیا بوو ئیدی رژێم لە منبج و شوێنانی دیکە کۆتایی هات. زۆر حاڵەتی ئەستەمی بریندارانی سوپای ئازاد و خەڵکی سڤیلی چارەسەر دەکرد، ئەوانەی لە پێکدادان و بۆردوومانی بەرانبەر بریندار دەبوون، تەنانەت بریندارانی ناکۆکیی نێو خێزان و هۆزەکانیشی چارەسەر دەکرد.سەرگەرمیی رەوشی تازە، دڵی دکتۆر فەرهادی داگیر کرد، گۆڕانێک بە سەر رەوشیدا هات، ئیدی دەستی بە چالاکییەکی زۆری پزیشکی لە بواری مرۆیی هەروەها لە بواری سیاسیدا کرد. هۆگری شارەکە بوو، بۆی ئاشکرا بوو کە پتر لە هەر کاتێکی پێشوو ئەو شارەی خۆش دەوێت. باوکی بە جەڵتەیەکی توند کۆچی دوایی کرد. بەر لە مردنی داوای لە کوڕەی پزیشکی کرد منبج جێ بهێڵێت:

-کوڕەکەم من بۆنی وێرانی دەکەم.

-باوکە، هیچ شتێک روو نادات. رژێم لە ماوەی چەند مانگێکدا دەڕووخێ.

-ئەگەر بشڕووخێ، رەوش باشتر نابێت. باوەڕم پێ بکە فەرهاد. بڕوانە ئەوانەی کە خۆیان بە بەدیل دەزانن. خودا ئاگادارە کوڕەکەم....

-باوکە گیان، ئەوەندە بەسە کە رژێم چوو.. ئەوە خەونی ئێمە بوو.

-فەرهاد.. بەڵام...

-باوە گیان..

مشتومڕێک بە خۆ بەدەستەوە دانی باوکە کۆتایی هات، کە بە چاوی غەیب و پەنهان لە ئایندەی وڵاتی دەڕوانی.

چەند مانگێک بە سەر مەرگی باوکەدا تێپەڕی و رەوش هەر وەک خۆی و رژێمیش نەڕووخا. دکتۆر فەرهادی نەشتەرگەریش وەک چالاکێکی نێو چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی مایەوە، تا ئەو بەیانییە ساردەی یەکەمین مانگی ساڵی ٢٠١٤، خەڵکی منبج بە دەنگی بڵندگۆی سەر ئوتومبیلی مۆدێل تازە بەخەبەر هاتن، کە بە شەقامەکانی شارۆچکەکەدا دەسووڕانەوە و سروودی "دەوڵەتەکەمان سەرکوتووە" و "هەژا هەژا" و

سروودی دیکەی بە جۆش و خرۆش، لە بڵندگۆیەکانەوە دەبیسترا .

-داعش دەستی بە سەر منبجدا گرت.

ئەو هەواڵە تۆقێنەرە لە نێو خەڵکی، ئەم زارە و زاری دەکرد.

بەر لەوەش شـــــارەکە زۆر بە چـــڕی بە هـــــاوەن بۆردوومـــان کـرا، خەڵکێکـی زۆری مەدەنـی کـوژران، بریندارانیش گەیانـدرانە نەخۆشـخانەی شـارەکە. شـەوی بۆردوومـانەکە دکتۆر فەرهـاد تـا بەیـانی نەنووسـت، لە پسپۆرییە نەخۆشخانەی ئیبن سـینا خەریکی چارەسـەر کردنی برینی مەترسیداری بریـنداران بـوو، تـا بەیـانی دا و دەنگی سـروود ئاسـمانی شـارە مەرگەسـات دیـتەکەی تەنییەوە.

تەرمـــــی کـــــوژراوێکی زۆر لە بەردەم دەرگـــــای نەخۆشـــخانەی نیشـتیمانیدا پەرت و بــڵاو بـــوونەوە، مۆڵگەی سوپای ئازاد کە پاسـەوانیی شـارەکەی دەکرد، بەرەو گونـدەکان کشـایەوە و دانیشـتووانی شـارەکەشـی لە بن شمشێری داعش جێ هێشت.

ئەبـوو لەیـلا زۆر جـار داوای لـێ کـرد منـبج بەرەو تورکیا جێ بهێڵێت:

-دکتۆر تۆ دەبینی ئیدی وڵاتەکە بووەتە چ چەمێک. تۆ باشتر لە من ڕەوشی منبج دەزانی. تۆ پزیشکی و منداڵیشت هەیە. بڕۆ بۆ تورکیا. دایکت و منداڵەکانت ببە، وەک ئەو خەڵکە بۆی دەربچە.

-نا مامە. من سوێندم خواردووە وڵاتی خۆم جێ ناهێڵم. من لێرە دەمێنمەوە و چارەسەری برینداران دەکەم. ئەمە ئەرکی سەرەکیی منە.

-رقە لەگەڵ قەدەردا مەکە، ئەوانە ڕەحم و بەزەییان لە دڵدا نییە.

-مامە، من دەزانم هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەم. مەترسە، ئەوان پێویستیان بە منە نەک من پێویستیم بەوان بێت.

ئەبوو لەیلا بە هیچ شێوەیەک نەیتوانی کار لە زاواکەی بکات. دکتۆر فەرهاد لە مانەوەی لە نێو شارۆچکەکەدا سوور بوو، تا لە تەک ئەوانەدا بمێنێتەوە کە پێویستیان بە تیماری ئەو دەبێت، وەک ئەو گوتی.

گەلێک لە چالاکانی پێشوو، بۆ پاراستنی سەر و ماڵی خۆیان ناچار بوون مەرایی بۆ ڕێکخراوی داعش بکەن و لەگەڵیدا هەڵ بکەن، کە وەک پەتایەک لە سووریای دا. دکتۆر فەرهاد یەکێک بوو لەوان. ترس و تۆقین گیانی

هەمـووانی تەنییەوە. خەڵکی لە گۆڕەپانـدا، لە بەردەمـی جەمـاوەری خەڵک، لە بەردەمـی منـداڵ و مێردمنـداڵ و هـی دیـکەش، سـەر بـڕدران و ملیـان پەڕێنـدرا.لە هەر شارێک کە پەتای سیا رەنگی لێ دەدا، مەرگ دەبوو بە نانی رۆژانەی خەڵک. چەند مانگێک بەم جۆرە تێپەڕین تـا لە کۆتـایی مـانگی حـوزەیرانی ئەو سـاڵەدا خەلافەت راگەیانـدرا، خەڵکیش ناچـار بـوون موبـایەعەی خەلـیفە بکەن.

پزیشـــکی نەشـــتەرگەر دکتـۆر فەرهـــاد کە ئەنـــدامی شەرعە پزیشکی بوو، بەڵگەنامەی مەرگی گەلێک کەسی کە ملیان دەپەڕێندرا، واژۆ کرد بوو، ناچار بوو دەست درێژ بکات و موبایەعەی ئەبوو سـەلاحی مەککی میری داعش لە منبج و نوێنەری خەلیفەی لە مووسڵ بکات، بە دەنگێکی تەژی لە ترسەوە گوتی "موبـایەعەم بۆ میری موسـڵمانان خەلـیفە شـێخ عەبـدوڵلا ئیبـراهیم کـوڕی عەوواد کوڕی ئیبراهیمی قورەیشیی هاشمیی حوسەینی رادەگەیەنـــم، دەڵـــێم بە دڵ و بە گیـــان لە خۆشـــی و ناخۆشی و لە تەنگانە و شێنەییدا، موبـایەعەم کردووی و نابمە رکابەری خاوەن فەرمان تەنیا مەگەر کوفرێکی

ئاشکرا ببینم، کە لە لای خوداوەند بەڵگەم لە بارەیەوە بە دەستەوە بێت".

دەقی موبایەعەکە بە زمانی عەرەبی بەم جۆرەیە :

"أعلن بیعتی لامیر المؤمنین الخلیفه الشیخ عبدالله إبراهیم بن عواد بن إبراهیم القرشی الهاشمی الحسینی، فأقول بایعتک علی السمع والگاعه فی المنشگ والمکره والعسر والیسر، وأن لا أنازع الامر أهله إلا أن أری کفرًا بواحًا عندی من الله فیه برهان".

بەم جۆرە بوو بە رەعیەیەکی دەوڵەتی ئیسلامی، لە سایەی سێبەری بەردەوامیدا متمانەی بە خۆی بوو، کە لە دەرد و بەڵای رێکخراوەکە رزگاری دەبێت، وەک نەشتەرگەرێکیش لە نەشتەرگەر نەخۆشخانەی ئیبن سینا درێژە بە کاری خۆی دەدات .

***

دوو مانگ دوای ئەوەی دکتۆر فەرهاد تاعەتی بۆ داعش دەبڕی، واتە لە کۆتایی مانگی ئاب و ئێوارەیەکی فرە گەرم، کۆمەڵێک چەکداری تفەنگ بە دەست، کە تەقین پشتێنیان بەست بوو، خۆیان بە نەخۆشخانەکەدا کرد.

-دکتۆر فەرموو.

-برایان بۆ کوێ؟ من لە کاتی کاردام.

-دواتر دەزانی.

-دە هیچ نەبێ ڕێم پێ بدەن ئەم نەخۆشەی بەر دەستم تەواو بکەم. دۆخەکەی پەلەیە و پێویستی بە نەشتەرگەرییە. بریندارەکە وا لە ژووری نەشتەرگەریدا.

-درێژەی مەدەرێ. ئەمیر داوات دەکات.

دڵی چون کەرتە شاخێک لە بەرزییەوە بەر بێتەوە، داچڵەکا. زانیی ئەمە ڕفاندنە نەک ئەوەی دەسگیر کردنێکی ئاسایی بێت. وەیشوومەی لە چاوانی "برایان"دا خوێندەوە، کە هاتن هەر بە جلی نەشتەرگەرییەوە بردیان و لەگەڵ ئەواندا نەخۆشخانەکەی جێ هێشت.

کاتێک دوا کەوت و بۆ ماڵ نەگەڕایەوە، ژنەکەی تەلەفۆنی بۆ کرد، وڵامی نەدایەوە. دوای دوو کاژێر دیسان تەلەفۆنی بۆ کردەوە، هەر وڵامی نەدایەوە. دوای سێیەم تەلەفۆن، پیاوێک بە عەرەبییەکی ستاندارد (فەسیح) بەرسڤی دایەوە:

-دکتۆر لە لای پیاوانی دەوڵەتە. لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەین، پاشان پشت بە خودا دەگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆی.

یەکەم جار لەیلا پێی وا بوو گوێی لە دەنگی کارمەندێکی ئەمنی دەوڵەتی سەر بە رژێم بوو. ناوی لێرە و لەوێی دەوڵەتی لێ تێکەڵ بوو. پاش ئەوەی مۆبایلەکەی دەستی دانا، کەمێک بیری کردەوە، زانیی کە ئەو خۆی و هاوسەرەکەی هاووڵاتیی دەوڵەتی ئیسلامین، هەروەها لە رەعیەی خەلیفەن، کە بەر لە چەند رۆژێک بە جبەی رەشەوە لە مینبەری مزگەوتی نووری لە مووسڵ، خەلافەتێکی بە گوێرەی پەیڕەوی پێغەمبەر راگەیاند. ئیدی لەیلا زانیی کە ئەوەی وڵامی دایەوە کارمەندی موخابەرات نەبوو، بەڵکوو ئەندامێکی داعش بوو. نەیزانی چی بکات. تەلەفۆنی بۆ برایەکی دکتۆر کرد و هەواڵەکەی پێ راگەیاند، ئەویش دڵنیای کردەوە کە دۆخەکە مەترسیدار نییە، بەوەی دکتۆر هیچ تاوانێکی نەکردووە، پیاوێکی دینداریشە، پێشتریش کە بریندارانی سوپای ئازادی تیمار و چارەسەر کردووە، ئەوە دەچێتە چێوەی کاری خۆی وەک پزیشکێکی نەشتەرگەر، ئەرکیەتی هەموو حاڵەتێکی کە روو لە نەخۆشخانە بکات، چارەسەری بکات.

ئەو شەوە لەیلا خەو نەچووە چاوی. هەردوو کوڕەکەی، کامیران و ئالان هەستیان کرد شتێک هەیە

دڵــی داکیـانی شـێواندووە، بەڵام گوێیـان پێـی نەدا و درێژەیان بە گاڵتە و گەپی شەوانەی خۆیان دا. هەرچی مەیسـوون بـوو، ئەوە بەردەوام لە بـاوکی دەپرسـی کە ئاخۆ کەی دێتەوە. ئەو وا راهـات بـوو، هەمـوو شـەوێک بـاوکی لە نەخۆشـخانە دێتەوە، باوەشـی پێدا دەکـات و مـاچی دەکـات، تـا مـاوەیەکیش گەمەی لەگەڵ دەکـات، چیرۆکێکی کورتیشـی بۆ دەگێڕێتەوە، پاشـان بۆ سـەر کارەکەی دەچێتەوە. ئیدی ئەو شەوە کە باوکی نەبینی، ئەویـش وەک دایکـی نـیگەران بـوو. رەمەکـی مێنیـیە لە نـاخی کەوتە جمـین، بەرەو ئەو پەنــجەرەیە دەچـوو کە دەیڕوانییە شـەقامەکە، جووتە پێـی وردیلەی هەڵدەبڕی، ئێـە، بەڵکـوو پرشـنگی بـاوکەی پزیشـکی لەو شـەقامە تاریکەدا دەبینێ. بەم جۆرە دەم نادەم بەرەو پەنجەرەکە دەچوو، تا چەند خولەکێک قەدی هەڵدەبڕی، بە جۆش و نـاڕەحەتییەکی زۆرەوە بـانگی دەکـرد "بـاوکە، بـاوکە"، پاشان بە دووڵی و نیگەرانییەوە دەگەڕایەوە، تا شەکەت و ماندوو بوو، پاشان خەو بردییەوە. هەردوو براکەشی کە لەو گەورەتــر بــوون، ئەوانــیش لە پــاش شــەڕ و چەقەیەکی زۆر نووستن، بەڵام لەیلا هەر لە نێو دەریای تـرس و نیگەرانیـی خۆیـدا مـایەوە، کەوتە بیـر کـردنەوە

لەو چیرۆکانەی هاوسەری پزیشکی لە بارەی کوشتن و لەناو بردنەوە بۆی گێڕا بوونەوە، ئەو کوشت و بڕەی بە دەستی داعش رووی دا و چالاکانی پێشووی ئەو بزووتنەوە ئازادیخوازەی گرتەوە، کە بەهار و هاوینی ساڵی ٢٠١١ لە شاردا دروست بوو.

زۆر نیگەران بوو، بە سەر دەسەڵاتی خەودا زاڵ بوو، ئێە بەڵکوو هاوسەرەکەی بێتەوە. شەو راکشا و دنیا کش و مات بوو. بەیان نزیک بووەوە و لەیلا خەو نەچووە چاوانییەوە، چەند ئایەتێکی قورئانی خوێند تا ترس و نیگەرانیی خۆی بێ بشکێنێ، ئیدی لەوە و دوا خۆی دایە دەستی خەوەوە.

***

لەیلا تا دوو رۆژ خۆی راگرت و بە ددان بە خۆدا گرتنەوە، چاوەڕوانی گەڕانەوەی مێردەکەی بوو. لەگەڵ داهاتنی رۆژی سێیەم، لە پڕ ترسێکی توند دای گرت. گوێی لە رووداوی کوشت و بڕی ترسناک بوو، کە ئەندامانی حەسبە، واتە پۆلیسی داعش لە شەقام و زیندانەکانی منبجدا کردوویانە. گوێی لەوەش بوو رۆژانە تەرمی خەڵک دەدۆزرێتەوە کە لەو دەر و دەشتە فڕێ دراون، گوێشی لێ بوو کە خەڵکانێک بزر

بـوون و چ بـاس و خواسـێکیان نەمـا، جـا شـتێک لە ترسیش گەورەتر خۆی بە نێو دڵیدا کرد.

لەگەڵ داهــاتنی ســێیەمین شــەوی داوی رفانــدنی هاوســەرەکەی، نەیتــوانی چــاو لە یەک بنـێ. هەر کە دەیویست چاو لەیەک بنێ، سەری هاوسەرەکەی دەهاتە پـێش چـاوی کە لە پێپلیکـانێی مـاڵەوە بەر دەبێتەوە تـا دەگـــاتە دەروازەی نەخۆشـــخانەکە، کە بەرانـــبەر بە یارگای تۆپی پێیە.

وا هـــاتە پـــێش چـــاوی کە ســـەری مێـــردەکەی لە دەروازەی نەخۆشــــخانەکەوە بەرەو یارگـــاکە غـــل دەبێتەوە، دەبێتە تۆپێک و ژمـارەیەکی زۆری یـاریزان بەر شـەقی دەدەن، یاریزانەکـانیش تەنیـا چاویـان دیـارە کە وەک دەمە گرگـانی بچـووک گڕیـان لـێ هەڵدەسـتێ. چەندین وێنەی تۆقێنەر هـاتنە بەر زەینی. هەر وێنەیەک لەوەی پێش خۆی دژوارتـر بـوو، تـا رۆژ بـووەوە، جـا جبەکەی لەبەر کرد و دوای ئەوەی منداڵەکانی لە ماڵدا جـێ هێشــت و پێـی گـوتن، دەرگـا بـۆ هـیچ کەسـێک نەکەنەوە، بەرەو مـــاڵی خەزووری کەوتە رێ، مـــاڵەکە کەوت بووە پشت مزگەوتی گەورەوە.

لە گۆڕەپانی شەهیدان کە کەوتووەتە ناوەڕاستی ڕێی نێوان ماڵی خۆیان و ماڵی خەزووری، خەڵکێکی زۆری بینی خڕ بوونەتەوە و بە بڵندی دەنگی تەکبیرە دێت. دڵەکوتە گرتی و خەریک بوو ساتمە لە دامەنی جبەکەی بکات، ئەگەر ڕانەوەستایە و پرسیاری، چ باسەی، لە پیرەژنێک نەکردایە کە لەوێدا وەستا بوو. پیرەژنەکە ئاهێکی هەڵکێشا و ئەو پەڕەکەی هەوڵی دا بە کپی قسان بکات و گوتی:

-بڕۆ کچەکەم بڕۆ. بڕۆ بە ڕێی خۆتا و تەماشای ئەو دیمەنە مەکە.

-خێرە، میمی چی ڕووی داوە؟

-پیاوێکیان سەر بڕیوە و لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەدا هەڵیان واسیون.

دڵی لەیلا ڕاچڵەکی. هەناسەیەکی وای هەڵکێشا، وای کرد هەڵ پرینگێتەوە، لە ترسا بسمیللا و ئەعوزوبیللای کرد، پاشان لە شوێنەکە دوور کەوتەوە.

لەیلا نەیزانی چۆن چۆنی گەیشتە ماڵی خەزووری. پەنجەی بە زەنگی ماڵەوە نا، بەڵام چاوەڕوانی کردنەوەی دەرگای نەکرد، بەڵکوو بە دەست کەوتە لێدانی دەرگاکە، تا لەو دیوی دەرگاوە گوێی لە پرتە و

بــۆڵەی خەســـــووی بـــــوو، لەیـــلاش بە تـــــرس و هەناسەبڕکێوە وڵامی دایەوە:

-منم من، منم لەیلام.

خەسـوو دەرگـای کـردەوە و خەریکی ڕێک خسـتنی سەرپۆشـەکەی سـەری بـوو، لەیـلا خـۆی فـڕێ دایە باوەشی و دەستی بە گریان کرد.

***

پاش کاژێرێک زەینەب هات، پاشان نیهاد برای دکتۆر فەرهاد بۆ ماڵەوە هات، بینیی کە دایکی و براژنەکەی و زەینەبـی خۆشـکی مـات و خـامۆش دانیشـتوون. لەیـلا دوای گریان و فیغانێکی زۆر، پاش ئەوەی خەسـووی و دشــەکەی دڵنیایــان کــردەوە، کە فەرهـــادی مێــردی سەلامەتە، ئەو لە زیندانەوە داوای هەندێ کەل و پەل و پۆشاکی کردووە، هێور بووەوە. نیهاد قسەکەی دایک و خوشکەکەی پشت ڕاسـت کردەوە، ئەو سـەربڕاوەی کە لە گۆڕەپـانی شـەهیدان هەڵیـان واسـی بـوو داعشـێکی بیانی بـوو، بە سـیخوڕی و لایەنگری کـافران تۆمەتبـار کــرا بــوو. بە براژنەکەشــی گــوت کە ئەمیــری دیــوانی حەسـبە، ئەبـوو ئەنەسـی توهـامی پێـی گوتـووە، دکتۆر فەرهـاد باشـە و تەنیـا هەنـدێک لێکۆڵینەوەی پێویسـتی

لەگەڵـدا دەکریـت، لە چەنـد ڕۆژی داهاتووشـدا ئـازاد دەکرێت، ئەگەر بێتوو تۆمەتێکی مەترسیداری لە سەر ساغ نەبێتەوە، وەک پشتیوانی کـردن لە سـەحوە و لایەنگری دوژمنانی دەوڵەتی ئیسلامی نەبێت.

لەیـلا بە پەلە گەڕایەوە، گـڕی هیـوای گەڕانەوەی مێردەکەشی دڵی داگرت.

ئەو گردبـوونەوەیەی تەماشـای لە سـێدارە دانـی شەڕوانە بیانییەکەی دەکرد لەو گۆڕەپانە نزیکەدا، پەرت و بڵاوەیـان لـێ کـرد و گۆڕەپـانەکەش بـێ لە هەنـدێ ئۆتومبیل کە سروودی جیهادیان دەگوتەوە و دیواریان دەهێنـایە لەرزە و گوێیان کەڕ دەکرد، هیچ کەسی لێ نەما.

ڕۆژ و هەفتە بەسەر چوون، لەیلاش هەر چاوەڕوانی ئـازاد کردنـی مێـردەکەی بـوو، خەونـی سـەردەمی قوتابێتی لە کۆلیژی پزیشکیی پێوە دەبینی، لە کانتینی ناوەندیی زانکۆدا یەکیان دەبینی، تا دەروازەی کۆلیژی ئەدەبیات لەگەڵیدا دەڕۆیشت، بە دەستێکی لەرزۆک و خەندەیەکی شەرمنانەوە، خوا حافیزیی لێ دەکرد. گەلێ خێوی تۆقێنەر دەهـاتنە پـێش چـاوی، سـەری بـڕاو و جەسـتەی پەرش و بـڵاو لە گۆڕەپانەکـان و فـیچقەی

خوێن بە سەر قادرمەی ماڵەوە، کە خانمە کرێکاری پاکساز بەردەوام رای دەماڵی و کەچی تەوژمی بەتینی خوێن وەستانی نەبوو. نیوە شەوان بە خەبەر دەهات و دەلەرزی و هاواری دەکرد، مەیسوونی بچکۆلەی تۆقیوی بە باوەشەوە دەگرت و پێکەوە دەگریان، تا ئەو کاتەی شەپۆلی وەنەوزی خەو بەرەو کەناری قووڵایی خۆی دەبردنەوە.

پڕوپاگەندەیەکی زۆر لەو کاتەدا بڵاو بووەوە، دەگوترا داعش هەندێک لە زیندانیانی بەرەو دێرحافر و باب گواستووەتەوە. پڕوپاگەندەی دیکەش هەبوو، کە چەکدارانی داعش خەڵکێکی زۆر لە چۆڵەوانیدا دەگوژن و لە نزیک گوندی قەبر ئیمۆ لە رۆژهەڵاتی منبج لە کەناری فرات دەیانئێژن. نیگەرانی دڵی کەس و کاری زیندانی و شوێنبزرانی داگرت. داعش رێی نەدەدا کەس و کار سەردانی دکتۆر فەرهاد و هیچ بەندکراوێکی دیکە بکەن. خەڵکی لە بارەی ئاهەنگەکانی ئەشکەنجەدانێک کە بە خەیاڵی کەسدا نایەت، چیرۆکی زۆر دژواریان دەگێڕایەوە، کە زیندانی و بەندکراوان لە سەر دەستی ئەندامانی بیانیی رێکخراوەکە دەیچێژن، ئەوانە بە دروشمی پشتیوانی کردن لە موسڵمانان لە وڵاتی شام

و شەڕی دژ بە نەسیری، بە گوێرەی ئەدەبیاتی خۆیان، هات بوون. پاشان پڕوپاگەندەیەکی دی لە منبج بڵاو بووەوە، کە پزیشکانی پسپۆر نەخۆشخانەی ئیبن سیناش باسیان دەکرد، گوایە داعش پزیشکی نەشتەرگەر دکتۆر فەرهادی بۆ رەققە گواستووەتەوە، بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی چارەسەر کردنی چەکدارانی بریندار بکات، کە لە شەڕی کۆبانێ بریندار دەبوون، ئەو شەڕە لە زستانی ئەو ساڵەدا گەرم بوو.

دوای تێپەڕ بوونی چەند مانگێک بە سەر رفاندنی دکتۆر فەرهاد، چەکدارانی داعش هاتن و بە توندی لە دەرگایان دا. لەیلا بێ هیوا بووبوو لەوەی بەم نزیکانە مێردەکەی بێتەوە. دەرگاکەی بۆ نەکردنەوە. ئاماژەی بۆ منداڵەکان کرد کە قسە نەکەن، قامکی شادەیسەر بەرەو هەوراز خستە سەر زاری وشک هەڵاتووی. گوێی لە دەنگی گڕ بوو لە دەرەوە دەیگوت:

-ئەم خانووە موڵکی دەوڵەتی ئیسلامییە، دەبێ یەکسەر چۆڵی بکەن. ئەگەر هاتینەوە و بینیمان ئێوە هێشتا لە ژوورەوەن، ئەوا دەرگاکە دەشکێنین.

کارەکە چەند بارە بووەوە، چەکدارانی داعش لە رۆژێکدا چەند جارێک دەهاتن، هەڕەشەی لە بێخەوە

دەرهێنـانی دەرگـاکە و هـاتنە نێـو شـوقەکە و بە زۆر دەرکردنـی ئەوانەیـان دەکـرد، کە لە نێویـدان. لەیـلا بە جـارێ تـۆقی بـوو. زاتـی نەکـرد تەنـانەت تەلەفـۆن بـۆ باوکی بکات کە لە حەلەبدا نیشتەجێیە، بۆ ئەوەی بێت رزگاری بکات. لە نێو ترس و تۆقینێکدا بوو، کە بینەری فیلمی ترسناک لەو جۆرە ترس و تۆقینەدا نابێت، ئیدی دەرگـاکەی لە سـەر خـۆی کڵـۆم دا، رێـی بە هـاتن و سەردانیی هیچ کەس نەدەدا، بێ لە خانمی خزمەتکار کە خۆراک و خواردنەوەی بۆ دەهێنان.

***

نـازلی و عەببـوود ئەبـوو لەیـلا، لە خەسـووەکەیەوە گوێیـان لە بـارودۆخی لەیـلای کـچە تاقانەیـان بـوو، کە خەمێکی زۆریان بۆ خـوارد. هیچ کام لە کوڕەکانیان لە لا نەبوو، بۆ ئەوەی بتوانن کارەساتی خوشـکەکەیان بـۆ بگێڕنەوە و داواشـی لـێ بـکەن هەر شـتێکی بتـوانێ بـۆ رزگار کردنی بیکات. نازلی پێداگریی لە مێردەکەی کرد کە بۆ خۆی بچێت بیهێنێ. نازلی بۆ خۆی نەخۆش بـوو، بە هۆی ئازاری ئەژنۆوە، نیمچە لە جووڵە کەوت بوو. هەمـوو سـەرە سـەعاتێک داوای لـێ دەکـرد بـڕوات و کچەکەی بهێنێ و لە داوی رەش تاعوون رزگاری بکات.

ئەبـــوو لەیـــلا کە لە خەســـووی لەیـــلاوە گـــوێی لە بـارودۆخی مەترسـیداری دەروونیـی کـچەکەی بـوو، کە ئیـدی تونـد و تیژییەکـی تـا رادەی بەرگە نەگـرتن، دای گرتـووە، ناچـار ئێـوارەیەک ئەوەی بە سـەر کچەکەیـدا هاتووە، بە خوشکەکانی راگەیاند.

-من بۆ منبج دەچم.

ئوم محەمەد (دایکی محەمەد)ی خوشکی، ئەمەی گوت و بە متمانەوە سنگی خۆی کوتا.

ئەبـوو لەیـلا تەماشـایەکی ئـوم ئەنەسـی خوشکیشـی کرد، کە خەریکی چنینی چاکەتێک بوو بۆ کـچەزاکەی و وا خـۆی پیشـان دا کە گـوێی لە هـیچ شـتێک نەبـووە، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک براکەی بە ناو بـانگی کرد، وازی لە چنین هێنا:

-ئوم ئەنەس بۆچوونت چییە، تۆش لەگەڵمان دێیت؟

ئـوم ئەنەس دوودڵ بـوو، بەر لەوەی لە شـەرمی روو دابمێنێ ئەو ئەرکە قورسـە قبـووڵ بکـات: رۆیشـتن بـۆ خەلافەتی ترسناکی خوێن.

-ناچارم، منیش لەگەڵتان دێم، بەڵام چۆن؟

***

## بەشی چوارەم

ئەمبولانسـێکی بچـووک ئـالای سـوور خـاچی بە سەرەوە بوو، بە تەنیشت ئەو کەسکە پاسەوە وەستا کە ئەبوو لەیلا و کۆمەڵێک شەڕوان و خەڵکی سڤیل لە ژن و پیاو و منداڵی هەڵگرت بوو.

دیسان هالاوی هەناسەی ئەبوو لەیلا تەمی بە سەر شووشـەی پەنـجەرەکەوە دروسـت کـرد و بەر چـاوی گـرت. ئەم جارەیـان تەمەکەی نەسـڕییەوە.لە دانیشـتنی سـەر کورسـییەکە وەڕسـت بـوو، هەسـتایە سـەر پێ و پەنـجەرە لاکێشـەییەکەی لای سـەرەوەی بە لای راسـتدا کـردەوە، کەمێک سـەری دەرهێنـا و لەو کۆمەڵە خەڵکە سـەرگەردانەی روانـی و گـوێی لە ژاوەژاویـان بـوو، کە بـێ لە جانتـا و چەنـد کیسـەیەک بەو لاوە، کە ناشـزانن چییان تێ ئاخنیون، هیچی دیکەیان لە ماڵەکانی خۆیان

لەگەڵ خۆ نەهێناوە. دوو فریاگوزار برینداریێکیان هێنایە خوارێ کە لە سەر برینداربەرێکی سادە راکشا بوو، بە بەتانییەکپێچرا بووەوە، ئەویان گەیاندە نێو یەکێ لە پاسە نزیکەکان، ئنجا دووبارە سواری ئوتومبیلەکەی خۆیان بوونەوە.

ئەبوو لەیلا، لەگەڵ ئەوەی لە دیمەنەکەی بەردەمی خۆی دەڕوانی، پڕ بە سییەکانیشی هەوای ساردی دەرەوەی هەڵمژی و هەستی بە بووژانەوەیەکی زۆر کرد. ئەو دڵتەنگییەی یەک کاژێر لەمەو بەری نەما، نیمچە بزەیەکیش لێوانی گرتەوە، لەو کاتەی تەماشای منداڵانی بچووکی دەکرد، دەستیان لە نێو بەرکیاندا بوو، بە بێ دەنگی تەماشای ئەو ئەمبولانسە بچووکەیان دەکرد، کە رێی خۆی دەبڕی و دەچووە پاڵ ئەمبولانسەکانی هاوشێوەی خۆیەوە.

-حاجی تو خوا ئەو پەنجەرەیە دابخە، سەرما کوشتمانی.

دەنگێکی گڕ لە پشتەوەی پاسەکەوە هات.

ئەبوو لەیلا بە بێ ئەوەی وڵام بداتەوە، شووشەی پەنجەرەکەی بەرەو لای چەپ راکێشایەوە، دووبارە لە شوێنی خۆی دانیشتەوە، هەوای دوایین کاژێری لە

حەلەب مـــانەوەی، یـــادگەی تێــک شـــکاوی ئەوی بووژاندەوە، ئەوی گەڕاندەوە بۆ گەشتێکی مەترسیدار بۆ رزگـار کردنی لەیلای کچی لە دۆزەخی منبج لە کۆتایی سالّی ٢٠١٥دا.

***

ئەرکەکە هەرگیـز ئاسـان نەبـوو. ئەنـدامانی تیمـی رزگـــاری، وەک ئەنەس ئـــامۆزاکەی لەیـــلا بە دەم پێکەنینەوە ناوی نان، لە بەردەم زەحمەتییەکدا بوون کە دەبـوو دەیـان بـازگە ببڕن، بـازگەی گرووپەیلـی پێـک نـاکۆکە کە لە شـەڕی یەکدیـدان، ئنجـا دوای ئەو هەمـوو دەردەسەرییە بگەنە منبج، هەندێ لەو گرووپانە باج و سـەرانە لە ڕێبـواران دەسـتێنن، تەنـانەت لە بـازگەی شاراوەشدا لاوان دەڕفێنن، لە نێو خاکێکدا کە پەشێوی دای گرتـــووە و مەرگـــی هەرزان و خـــۆڕایی تێیـــدا بالادەسـتە، ئیـدی ئەو خـاکە بـووەتە بیابـانێکی پـڕ لە گـردی لمـین و ناگیرسـێنەوە، ئەو گـردانەی گرووپەیلـی چەکدار بە گوێرەی مەیلی خۆیان نەخشەڕێژیان دەکەن.

ئەبوو لەیلا سوور بوو کە خۆی لە نێو تیمەکەدا بێت، کە لە هەردوو خوشـکەکەی پێـک هـات بـوو، ئەنەسـی گەنجی دوور خستەوە، نەبادا تووشی رفانـدن بێت یان

بەرەو نـاوجەرگەی شـەڕ بپێچـنەوە، پاشـان هەر بـۆ خـۆی پلانـی چـوونە منبجـی دانـا، لەوەدا پشـتی بە شـارەزایی پێشـووی خـۆی لە بـواری قاچـاخچێتی و هەڵسـوکەوت کردن لەگەڵ بازگەکـان و بەرتیل دان بۆ رایی کردنی کارەکان، بەست.

هەر سێک، ئەبوو لەیلا و هەردوو خوشکەکەی، پاش ئەوەی تاکسییەکی گواستنەوەی گشتییان بە کرێ گرت، کە شـوفێری بە ناوبـانگی، ئەبـوو حەسـەن مشـالح دەیگوت، هەموو ئەوانە دەناسێت کە لە بازگەکاندا، هەر لە سـەربازانی رژێـم و سـەربازانی سـوپای ئـازادەوە بیگرە، تـا دەگاتە نوسرە و داعش و کورد و گرووپی دیکەی جوداجودا.

-١٥٠ دۆلار، کەمتر لەوە ئەبوو لەیلا بۆ من دەست نـادات. ئەوەش لەبەر خـاتری تـۆ، ئەگەر یەکێکی دیـکە بێت، کەمتر لە ٢٠٠ دۆلار ناچم.

-بەڵام ١٥٠ دۆلار زۆرە، بە پـارەی سـووریا چەنـد دەکات؟

-دەوری پەنجا هەزار لیرە دەکات.

-ئـاخر ئەمە کەی خـودا قبـووڵی دەکـات. بە پەنجـا هەزار لیرە کۆنە ئوتومبیلێک دەکڕم.

-ئەبوو لەیلا تۆ باسی سەردەمی سەفەربەلک دەکەی، ئێمە لە ئێستا لە شەڕداین.

-نەفرت لەو شەڕە و ساتەوەختی هەڵگیرسانی. ئیدی دەبێ کۆتایی نەیەت؟ کەسی تێدا نافەوتێت هی وەک منی کۆستکەوتە نەبێت. براکەم بە راستی ماڵ وێران بووین. ئێمە ماڵمانوێران بوو، جیهانیش ئێمەی لە بیر کردووە. ئاخر چیم ماوە شەڕ لێمی نەبرد بێت، بێ لەم رۆحەم ئاخر چیم ماوە؟ بە خودا ئەگەر مووشەکێکم بە سەردا بکەوێت و خودا ئەمانەتەکەی خۆی بباتەوە، زۆر باشترە. خودا وەکیل، کەس ئیسراحەتی نەکرد ئەوانە نەبێ کە رۆیشتن.

-ئەبوو لەیلا ئەوەش لە بیر مەکە ئێمە بە ناوچەی ژێر دەستی داعشدا تێپەڕ دەبین، خەڵکێکی زۆر لەوێدا فەوتان، بە هەمان شێوە بە گەلێک بازگەدا تێپەڕ دەبین و دەبێ پارە بدەین. پاشان ئێوە سێ کەسن، واتە بۆ هەر کەسێکتان تەنیا پەنجا دۆلارە، لە گەڕانەوەشدا چوارەم و منداڵیشتان لەگەڵدا دەبێت.

-چارم ناچارە، پشت و پەنا هەر خودایە.

ئەبوو لەیلا بە دەستێکی لەرزۆکەوە بڕە پارەیەکی زۆری بە شوفێرەکە دەدا، پاش ئەوەی شوفێرە بە

لێکدانەوەیەکی سـادە بـڕی سـەد و پەنجـا دۆلارەکەی کردە پارەی سووریا، کە سـاڵانی قورسـی شـەڕ شـکۆی هارپیوە و کردوویەتی بە خۆڵ و خاشاک.

ئەبوو لەیلا نەیتوانی تەنانەت یەک دۆلار کرێیەکە بە ئەبوو حەسـەن مشالحی شوفێر کەم بکاتەوە. شوفێرەکە پیاوێکی مەعلان بوو، قاچاخچێتیی بە مرۆڤ و کاڵاوە دەکرد، سـەرکێش بوو خۆی لە مەرگ و مەترسـی دەدا تا ناوبانگێکی زۆری لە مەساکن هەنانۆدا پەیدا کرد. لە پای ئەوەی قاچاخچیی جلی ژێرەوەی ئافرەتـانی بـوو، نازنـاوی مشـالحیان پێـوە نـا، خەڵکـی حەلەب بە جلـی ژێـرەوەی ئافرەتـان دەڵـێن مشـالح و شـەلحات، پـاش ئەوەی بـازاڕی بە ناوبـانگی زەهـراوی و ئەوەی پێـی دەگـوترا بـازاڕی ژنـان، کە بە دەم مزگەوتـی گەورەی کۆنە شاری حەلەبەوەیە، خاپوور کران، کە لەوێدا ژنانی حەلەب و شـارۆچکەکانی نزیکـی جـل و بەرگـی کەمەنـدکێش و جلی بـووک و تەنـکە جلی ژێرەوەیـان دەکڕی.شوێنەوار بازاڕەکانی کۆنە شـاری حەلەبیش لە بۆردوومـان و دژە بۆردوومـان و بـۆمبڕێژ کـردن و تەقانـدنەوە و مووشـەک بـارانی لە ئاسـمانەوە بێ بەش نەبـوون، تـا رادەی بەشـێک لە قەڵا بە ناوبـانگە

مێژووییەکەشی، کە هێمای شاری حەلەبە، زیانی بەر کەوت. سەرباری ئەو زیانەی بەر بازاڕەکانی گرنگ و پڕ لە جم و جووڵەی حەلەب کەوت و بەشێکی زۆریشیان لێ خاپوور بوو، کارگەکانیش بە تایبەتی کارگەکانی چنین لە کار وەستان، کە بەرهەمی خۆیان بۆ گەلێ لە وڵاتانی جیهان هەناردە دەکرد .

پاش ئەوەی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١دا ئاگر لە گەورەترین کارگەی حەلەب بەر بوو، ئیدی نەفرەت پیشەسازیی چنینی گرتەوە، هەندێک کارگە تاڵان کران، هێڵی بەرهەمی هەندێ کارگەش لە پاش هەڵوەشاندنەوەی ئامێرەکان، بۆ تورکیا گواسترانەوە، گەلێک کارگەی ناوچەکانی بن دەسەڵاتی بڕێ لە گرووپەکانی سوپای ئازادیش دزران، خاوەن کارگەکانیش ئەو گرووپانەیان تۆمەتبار کرد، بەوەیلەبەر یەکیان هەڵوەشاندوونەتەوە و دزیویانن و بە بازرگاکانی تورکیان فرۆشووتن.

ئەگەر کارگەکان وەک خۆیان بمبانایە و خاپوور نەکرابان یان نەدزرابان، ئەوا مایە پووچ دەبوون یان لە کار دەکەوتن، لە لایەکەوە بە هۆی کۆچ کردنی دەستی کار لە پای شەڕەوە، لە لایەکی دیکەوە بە هۆی ئەوەی

ناوچەکـانی بە ناوبانـگ بە چانـدنی پەمـوو لە رەقـقە و دێرەزوور و گوندەواری رۆژهەڵاتی حەلەب تـا دەگـاتە باشووری حەسەکە، کەوتنە دەستی داعشەوە.

حکـوومەتیش کە داوای لە خـاوەن کارگەکـان کـرد کارگەکانیـان بـۆ شـوێنانی ئـارامتر بگـوازنەوە، ئەوان گوێیـان پێـی نەدا، بەڵکـوو پێیـان وا بـوو ئەمە فەنـد و فێڵێکە ئامانج ئەوەیە ئەو سامان و داراییەی کە ماویانە، لە رێی گواستنەوەی بۆ نـاوچەی ژێر دەسـەڵاتی رژێم دەسـتیان بە سـەردا بگیرێـت. هەنـدێک لە خـاوەن کارگەکـانیش دووپاتیـان کـردەوە کە بڕیـار یـان ئۆفەرەکەی کە رژێم خستییە روو، تەنیا فێڵێکە ئامـانج بە تاڵان بردنی سامانی تـایەفەیەک لە لایەن تـایەفەیەکی دیکەی دیاری کراوەوە، ئەویش بە سـایەی بڕیارەکـانی حکـوومەت و لە بـن پەردەی یارمەتیـدانی سـەرمایەی نیشتیمانی بۆ پاراستنی پیشەسازیی چنین.

ئەبـوو حەسـەن سـوودی زۆری لەو قەیـرانە سـەختە بینـی کە بە هـۆی شـەڕەوە دروسـت بـوو، داراییەکـی زۆری لە رێـی بازرگـانی کـردن بە مەشـالیح (جلـی ژێـرەوەی ئافرەتان)ـەوە کۆ کـردەوە، کە لە تورکیـاوە دەی هێنا و دووکانێکی بچووکی لە نێو مـاڵەکەی خۆیـدا

بـۆ کردەوە،پڕی کـرد لە هەمەجـۆر سـتیان و دەرپێـی ئافرەتان و جلی شـەوانەیان، کە دوای ئەوەی ڕێبـوارانی لە دەروازەی (بابـل سەلام)ـەوە بەرەو شـاری کـیلس دەبرد، لەگەڵ گەڕانەوەی لە بەری تورکیاوە، ئەو جل و بەرگەی ژێرەوەی ئافرەتانی بۆ فرۆشتن دەهێنا.

-یەک ملیـۆن جەنـگ ڕێ لە، لەبەر کردنـی مەشـالح و جلی ژێرەوە ناگرێت، براله خەڵک دەیەوێ چێژ ببینێ.

ئەبــوو حەســەن ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو قســەیەی بــۆ شــوفێرانی هــاوەڵی کــرد، پاشــان تریقـایەوە و شــتی دەگمەن و دانسقەی ئەم جۆرە بازرگانییە سـەیرەی بۆ گێڕانەوە.

***

ئوتــــومبیلەکە لە گەڕەکـــی مەســــاکن هەنــــانۆ لە ڕۆژهەڵاتـی حەلەبەوە دەرچـوو، کە ئەبـوو لەیـلا لەگەڵ هاوســـەرە نەخۆشــەکەی نیشـــتەجێی ئەو گەڕەکەن، ئوتــومبیلەکە کەوتە تەی کردنـی شــەقامی تاریــک و نـووتەک،کە بە هەردوو دیویدا تەلاری شـڕ و ماندووی دەســتی شــەڕ هەبــوون، لە شــەکەتییا ئیـدی توانـای وەستانیان نەما بوو.لە پاش چەند خولەکێک ئوتـومبیلە ڕەنـگ زەردەکەی کرێ گەیشـتە گەڕەکی جەبەل بدرۆ،

که ئەویش وەک گەڕەکەکانی دیکەی هەژارنشین کە لە دەستی رژێم دەرچوون و نەفرەتی چەک دای گرتن، ئیدی هەر تەنیا دار و پەردووی بە پێوە ماوە. لەوێشەوە ئوتومبیلەکە درێژەی بە رۆیشتنی دا و بە شەقامەکانی گەڕەکی (تەریقل باب)ی خاپوور و کاولدا گوزەری کرد، ئنجا بەرەو منبج رێی گرتە بەر. نیگەرانی بە سیمای هەمووانەوە دیار بوو. دوای ئەوەی ئوتومبیلەکە چەند کیلۆمەترێک رێی بڕی، تەنانەت شوفێری تاکسییەکەش کە وا خۆی پیشان دەدا ئازا و بە جەرگە و چەکدارانی بازگەکانیش دەناسێت، زۆربلێیەکەی لە کزیی دا، تا بە جاریٚ قڕ قەپی لیٚ کرد، ئیدی تۆز و گەردی نیگەرانی نیشتە سەر سیما و رووی ئەویش.

ئەوان لەو گەشتەیاندا تووشی گەلێک بازگە و ئاڵا و بەیداخی هەمەچەشن هاتن، ئەبوو حەسەن پارەی بە چەکدارانی بازگەکان دەدا و بە پێکەنینەوە پێی دەگوتن: ئێوە سەدتان دەویٚ یان ئازادی؟ ئەمە رستەیەکی باو بوو، رێبواران لە هەندێک بازگەدا دەیانگوتەوە، مەبەستیشیان ئەوە بوو کە ئێوە شۆڕشگێڕ و

ئازادیخوازن، بە سەلامەتی تێپەڕین یان سەد لیرە باجی تێپەڕ بوون بدەین؟

ئەبوو حەسەن بە سەرنشینەکانییەوە بە ڕێی نادیار و بە نێو گوندی پەرت و بڵاوی دوورە دەستەدا ڕۆیشت، بە تەسکە ڕێی خۆڵ و قوڕاوی و پڕ لە هەوراز و نشێودا چوون. پتر لە جارێک تایەکان لە قوڕدا دەچەقین، ئەبوو لەیلا و هەردوو خەشکەکەی دادەبەزین و بەرەو پێشەوە پاڵیان بە ئۆتومبیلەکەوە دەنا. ئوم ئەنەس و ئوم محەمەد ئیدی بە برا پیرەکەیان پێدەکەنین، هەنسکە هەنسک بە هەرچی تینی کە تێیدا ما بوو، پاڵی بە ئۆتومبیلەی لە قوڕ چەقیودا دەنا، ئەو تین و تاقەتەی پێنج ساڵی شەڕ برد بووی، پتر بوو لە سەراپای ئەو تین و تاقەتەی تێکڕای ژیانی پێشووی، برد بووی. پێڵاوی هەمووان نقومی نێو قوڕ و لیتە بوو، ناچار بەرگەی تاوی باران و تەڕ بوون و گەزی سەرماشیان گرت تا ئەوەی لە پاش پێنج کاژێر لە شاری منبج نزیک بوونەوە، لە گەشتێکدا کە لە باری ئاساییدا تەنیا یەک کاژێر دەخایەنێت.

***

کاتێک ئوتومبیلەکە گەیشتە نزیک منبج، ئەبوو لەیلا و هەردوو خۆشکە نیگەرانەکەی، بازگەیەکی گەورەیان بەدی کرد کە ئالایەکی رەشی لە سەر دەشەکێتەوە، بە رەنگی سپی و زمانی عەرەبیش لە سەری نووسراوە. ئەوە ئالای داعش بوو. ئالای لا ئیلاهە ئیللەڵلا: ئەو تەپکە و داوەی هەزاران سەرگەرمی بۆ خاکی مەحشەر و مەنشەر (ژیان و قیامەت) پەلکێش کرد، ئەو ناوەی ئەدەبیاتی موجاهیدان لە وڵاتی سووریایان نا، ئەو وڵاتەی خوێنی رۆڵەکانی بە دەست رۆڵەکانی رژاوە.

ئوتومبیلەکە لەگەڵ گەیشتنی بە بازگەکە وەستا، پیاوانێکی پڕ ریش پێشوازییان کرد، پیاوانێکی پرچ تێک چرژاو، کراسی تا ئەژنۆ و دەرپێی تا گۆزینگیان لەبەردایە، لەگەڵ پالتۆی بەڵەک و بە عەرەبییەکی ستاندارد، واتە فەسیج قسان دەکەن، دورست وەک ئەو فیلمانەی وێنای موجاهیدانیان دەکرد و ئەوانی کرد بووە بابەتێک بۆ گاڵتەجاڕی.

-سەلامو عەلەیکوم وە رەحمەتوڵڵا.

-وە عەلەیکومە سەلام، بۆ کوێ ئیشەڵڵا؟

-ئیشەڵڵاهوو تەعالا بۆ شار و بۆ سەردانی خزمان. براکەم ئەمەش ناسنامەکانمان.

ئەبــوو حەســەن شــالح دەنگــی (خالیـد غامــدی)ی قورئانخوێنی لە ریکۆردەری ئوتومبیلەکە بەرز کردەوە، ئنجا ناسنامەی خۆی و هی هەر سێ سەرنشینەکەش، کە بەر لە چەند خولەکێک کۆی کرد بوونەوە، رادەستی چەکدارەکەی داعشی کردن.

تەماشـا کردنی ناسـنامەکان هێنـدەی نەبـرد، چـونکە گەنـج لە نێو سەرنشـینانی تاکسـییەکەدا نەبـوو، بەڵکوو دوو ژنی رەش جبە پۆشـی تێدا بوون، لەگەڵ پیاوێکی بە تەمەن و شـوفێرێک کە پێشـتر دەیانناسـی. لە پـاش کورتە ورد بوونەوە و پرسـینێک، چەکدارەکەی داعش رێی دان بچنە نێو منبج، گرنگترین شـارەکانی خەلافەتی خوێن لە باکووری سووریادا.

***

بەر لەوەی ئەبوو لەیلا و هەردوو خوشـکەکەی بچنە ماڵی لەیلا کە لە خوارەوەی نەخۆشـخانەکە بوو، چوونە مــاڵی خەســـووەکەی، دایکــی فەرهـــاد و ئەویــش بە خەمباری و چاوی پڕ لە فرمێسکەوە پێشـوازیی کردن. بەسـەرهاتەکەی لەیلای لە نـووکەوە بـۆ گێـڕانەوە. بـۆی گێڕانەوە کە چۆن لە کاتێکدا ویسـتوویەتی قەنـاعەت بە

لەیلا بێنێ ماڵەکە جێ بهێڵێت و بێتە لای دابنیشێ، کەچی لەیلا لێی داوە:

-بە خودا، بە خودا زۆر خراپ لێی دام. من نازانم ئەو هەموو تین و تاقەتەی لە کوێ بوو؟ سوێند بە سەری فەرهاد، لەوە زیاترم پێ نەگوت کە کچەکەم منداڵەکانت بێنە و ورە لە ماڵی ئێمە بمێننەوە. ئاخر گوناهە تۆ تەنیا باڵ بمێنیتەوە.

-لا حەوله وەلا قووەتە ئیللا بیللاه. ئیننا لیللاه و ئیننا ئیلەیهی راجیعوون.

بەم جۆرە ئەبوو لەیلا بەرسڤی دایەوە، هاوکات هەردوو خوشکەکەی بە کڕی ئەسرینیان دەباراند.

لە پاش نان خواردن و پشوویەکی کورت، هەمووان روویان لە ماڵی لەیلا کرد، لە دەرگاکەیان دا. دایکی فەرهاد دووپاتی کردەوە کە لەیلا دەرگا ناکاتەوە، ئەو لەو رۆژەی مێردەکەی گیراوە ئیدی لە ماڵدا گۆشەگیر بووە، زۆر درێش بووە بە رادەیەک ژنانی داعش کە دێنە سەری بۆ ئەوەی بە فەرمانی ئەمیری داعش لە ماڵەکە دەری بکەن، بێ ئومێد دەگەڕێنەوە. بۆشی گێڕانەوە کە رۆژێکیان سوور بوو لە سەر ئەوەی بیبینێ، ئیدی لە بەردەمی شوقەکەدا نەبزوا، بە نەرمی

و لاواندنەوەوە قسەی لەگەڵ دەکرد، تا ئەو کاتەی دیتی لە پڕ دەرگا کرایەوە و لەیلا دەرچوو، پڕی بە پرچیدا کرد و بە لێدان بەر بووە دەموچاوی تا بە خوێنی هێنا.

-بە خودا شێت بووە. سوێند بە خودا جنۆکە چووەتە لەشــییەوە. لەیــلا ئەو کــچە ئاقــڵ و خوێنـــدەوار و مامۆســـتای قوتابخـــانەیە وا دەکـــات؟ لــێم دەدات و سووکایەتیم پێ دەکات؟

لەیـلا دەرگـای مـاڵەوەی لە ســەر خـۆی کڵـۆم دا و کـردییە سـەنگەری خـۆی، سوێندیشـی خـوارد کە لێـی دەرناچێت تـا ئەو کـاتەی مێردەی پزیشـکی بـۆ خـۆی دێتەوە و داوای لێ دەکات دەرگاکە بکاتەوە یان ئەوەتا لە نێو ماڵەکەیدا مەرگ دەبیـاتەوە. رێـی لە منداڵەکانیش گـرت بچـنە جـادە و گەمە بـکەن. بەوە ترسـاندنی کە درنــدە مــرۆڤ هەیە کە کەڵــبە و چرنووقیــان هەیە و کەوڵــی ئاگرینیــان پۆشــیوە، جەرگ و هەنــاوی منــداڵ دەخـۆن. پێـی گـوتن جنـۆکە دابەزیـوەتە گۆڕەپانەکـانی منبج و درنجیش بە نێو شـەقامەکاندا دەسـووڕێنەوە و ئەهریمەنانی رەشپۆش پەلامـاری مـاڵان دەدەن و منداڵ دەرفێــنن بــۆ ئەوەی قەترانــی رەشــیان پــێ بــدەن. منـداڵەکانی، بە تـایبەتی کـامیران و ئـالان، لە ترسـا بە

جاریَ تەترەشیان چوو بوو. لە ترسی ئەوانەی دایکیان بۆی گێڕانەوە، ماڵیان جێ نەدەهێشت، بەوەندە بەسیان لێ دەکرد، کە ئەو ژنەی لە سەردەمی باوکی پزیشکیان لە سەر کار بوو خزمەتی لەیلای دەکرد، بۆی دەهێنان.

باوکی پاش ئەوەی گوێی لەم قسانە بوو، بە خەمبارییەوە گوتی:

-من لە دەرگاکە دەدەم و قسەی لەگەڵدا دەکەم. من دەزانم چەندی خۆش دەوێم. ئێوە هیچ قسە مەکەن. مەهێڵن بزانێ ئێوەش لێرەن.

ئەبوو لەیلا بە چنگی لەرزۆکەوە لە درەگای دا، پاشان گوێی بە دەرگاکەوە نا، زۆر بە وردی گوێی راگرت. نە دەنگ هەبوو نە چرکە. دیسان لە دەرگای دایەوە، ئەم جارەشیان لە ژوورەوە را تەنانەت گوێی لە سووکە ئەرینیەکیش نەبوو. پاشان پەنجەی خستە سەر دوگمەی زەنگەکە و بانگی کرد "لەیلا، کچەکەم دەرگا بکەرەوە، من باوکتم، دەی کچەکەم خودا دەست بە باڵتەوە بگرێ بیکەرەوە. من و میمکەکانت بۆ سەردانیت هاتووین. لەیلا ئێمە میوانین، دەمەوێ مەیسوون ببینم".

لەوەدا بوو جارێکی دی لە دەرگا بداتەوە، لە ژوورەوە خشپەیەک هات و دەنگی فیغان و رۆڕۆی

کچەکەی بە دوادا هات. لەیلا کە گوێی لە دەنگی باوکی بوو، دەستی بە گریان کرد، پاشان دەرگای کردەوە و خۆی هاویشتە باوەشی باوکییەوە و لە هارژنی گریان و فیغانی دا. مەیسوون کراسەکەی دایکی گرت و ئەویش دەستی بە گریان کرد، کامیران و ئالانیش بە سەرسوڕمانی تێکەڵ بە ترسەوە، لە داپیریان و هەردوو میمکی دایکیان روانی، کە بە خەمناکییەوە لە بەردەم دەرگاکەدا وەستان، وەک ئەوەی بوونەوەری گەردوونێکی دی بن.

ئەمە تەنیا دیمەنێکی هەردەم دووبارە بووی دیمەنەکانی ئەو شەڕە دژوار و شەیتانەیەی سووریا بوو، دیمەنێک بوو نە کامیرا وێنەی گرتووە و نە مانگی دەسکردیش کە پەی بە هەڵسان و دانیشتنی مێروولە لە نێو شارەکەیدا دەبات، وێنەی گرتووە. دیمەنێکە تەنیا کاری لە دڵی ئەوانە کرد کە ئامادەی بوون و تێیدا ژیان، کە باوکێک و جووتە خوشکەکەی بوون، ئنجا هەر سێ نەوەکەی و کچەکەی و خەسووی ئەویش، خوداوەندیش نۆیەمی هەمووانە.

کاتێک گریان و فیغان کەمێک هێور بووەوە، باوکی بە نەرمییەوە دواندی:

-کچەکەم، ئێمە هاتوون لەگەڵ خۆماندا بتبەین بۆ حەلەب. دایکت نەخۆشە و حەز دەکات بتبینێ. تۆ خودا لەگەڵماندا وەرە.

-نەخێر، ئەگەر دنیا کوێر بێتەوە من لە ماڵەکەم دەرناچم. ماڵەکەم بۆ جنۆکە جێ بهێڵم؟

-جنۆکەی چی کچەکەم؟ خوا بتهێڵێ جنۆکەی چی؟

-باوکە جنۆکە، ئەو جنۆکانەی شەقام و گۆڕەپانەکانیان پڕ کردووە. ئەو جنۆکانەی رەش پۆشن و ئاگر لە چاویان دەبارێ، کە دەشڕۆن خوێن لە بەر پێیان دەردێت. من بەو چاوانەم کە کرم دەیانخوا، ئەوانم بینیوە. باوە گیان من بینیومن، بە چاوانی خۆم بینیومن.

دووبارە دەستی بە گریان کردەوە.

ئوم محەمەد میمکی گەورەی باوەشی پێدا کرد. دڵی دایەوە و بە دەنگێکی پڕ لە سۆز پێی گوت، چاکتر وایە لە دەست جنۆکە هەڵ بێت و بڕواتە حەلەب. پێشی گوت مانەوەی لە نێو چوار دیواری ماڵەوە لە مەترسیی جنۆکەی ناپارێزێت، کە منبج و دەوروبەری ئەویشی کۆنترۆڵ کردووە. کەچی ئەو هەر رازی نەبوو. رازی

نەبوو لەگەڵیان بڕوات، بەم زووانە هاتنەوەی مێردەکەی کردە بەهانەی نەهاتنەکەی:

-چاوەڕوانی فەرهاد دەکەم. زۆری پێ ناچێت. ناکرێ بۆ ماڵ بێتەوە و منیش نەبینێ.

-کچەکەم دە لەگەڵمان وەرە. هەر کە دکتۆر ئازاد کرا، بەڵێن بێت دەگەڕێینەوە.

-باشە دەکرێ تۆ خۆت و ئەم منداڵانە هەر بەند بکەیت؟ ڕۆحەکەی میمکی خۆی دەکرێ تۆ بەم حاڵەوە بمێنیتەوە؟

-منداڵەکان لەگەڵ خۆتان ببەن. ئەوان ببەن و سەلام لە دایکیشم بکەن. من نایەم، نایەم نایەەەەەم.

ئەمەی بە توورەییەوە گوت و سەرپۆشەکەی دەکەند و زۆر بە توندی پرچی پێ شەتەک دا، تا ئەوەی میمکی نەیهێشت لەوە زیاتر توندی بکات.

مەیسوون خۆی لە پشت قەنەفەکە شاردەوە و تەنیا جووتە چاوی تۆقیوی بە دەرەوە بوون کە دەیانڕوانییە دایکی. هەرچی کامیران و ئالان بوون، ئەوا ڕوویان لە ئاشخانەکە کرد، کەوتنە خواردنی هەر شتێکی کە لە سەلاجەکەدا بوو، ئیدی هەر لەوەتای دایکیان تووشی ئەو بارە ناهەموارەی دەروون بووە لە پاش ڕفاندنی

باوکیـان لە نەخۆشـخانەکە، ئەمـانە ئەوە پیشـەیانە. منداڵەکان لە نێو ژیانێکی پڕ لە تۆقینی بێ وێنەدا بوون، باوەڕیان بە قسەکانی دایکیان کرد کە جنۆکە شەقام و گۆڕەپانەکانی منبجیان پڕ کردووە، جا دەستیان بە رفاندنی منداڵان کردووە بۆ ئەوەی ئێسک و پرووسکیان بخۆن. دایکی پێی گوتن کە کپ و بێ دەنگ بن و لە ناو ماڵەکەدا نەسووڕێنەوە، نەبادا جنۆکە ئاگای لە ژاوەژاوی ئەوان بێت و شوێنەکەیان پێ بزانێت و بیانڕفێنێت، چونکە کەوڵیان دەکەن و گۆشتیان پێوە ناهێڵن و ئێسکی ناسکیان بە ددان دەکرۆژن.

-ئێسکی ناسکی منداڵ خۆراکی جنۆکەیە.

لەیلا هەموو شەوێک ئەو قسەیەی بە گوێی منداڵەکاندا دەدا.

-ئەدی ئەگەر جنۆکە منداڵیان دەست نەکەوت، ئاخۆ چی دەخۆن؟

ئالان بەردەوام ئەو پرسیارەی لە دایکی دەکرد، برا گەورەکەشی بە متمانەوە وەڵامی دەدایەوە:

-پاشەڕۆی ئاژەڵ دەخۆن.

-نا، نابێ قسەی وا بکەیت.

لەیلا بەرسڤی دەدایەوە، ئنجا دەیگوت:

-گـۆڕی منـدالانی مـردوو هەڵ دەدەنەوە، کە لە نێـو گۆڕدا گۆشـتیان تـواوەتەوە، ئەوانیش ئێسـکی رووتیـان دەخۆن.

-باشە بۆچی وەک ئێمە نان ناخۆن؟ باشتر نییە؟

-خودا بەم جۆرە دروستی کردوون، جنۆکە جیهانێکی دیکەیە.

مەیسـوون لەو شـتانە حـاڵی نەدەبـوو، ئەو زارۆیەک بـوو حەزی بە گەمە و سـتران و سـەما و بە ئـازادی سووڕانەوە بوو بە نێو ماڵەکەدا یان چوونە کۆڵان یـان بە لای کەمەوە چـوونە بـانیژەی مـاڵەکە بـۆ تەماشـا کردنـی جـووڵەی دەرەوە هەر لە هـاتن و چـوونی ئوتومبیـل و هەرا و زەنـای میوانـانی نەخۆشـخانە و ژاوەژاوی رێبـواران و قـاژ و قیـژی منـدالان. ئەو لەوە حـاڵی نەدەبـوو کە بـۆچی دایکـی خـۆی و هەردوو براکەشی سەرکوت و قیڕەبڕ کردووە. هەمـوو شـەوێک داوای باوکی دەکرد، دایکی بەڵێنی پێ دەدا کە هاکا لە دەرگا بدات، بەڵام بەر لەوە دەبێ ئەو چاوی بنـووقێنێ و بخەوێ .

ئەو سـێ منـداڵە رۆژانێکیـان بەسـەر بـرد کە گەورە بەرگەی نەدەگرتن. دایکی لە نێو ماڵەکەدا بەندی کردن،

ترسی دەرەوەی نایە دڵیانەوە، تا وای لێ هات بوون بە خێوی قسـەنەکەر تەنیـا بە چـرپە نەبێت، لەم ڕۆژانەی دوایـیش ئیـدی بە زمـانی ئامـاژە قسـەیان لەگەڵ یەکدا دەکرد، تا باپیریان هات و خۆیان هاویشتە باوەشییەوە، وەک شتێکی پیرۆز بە دەوری ئەودا دەسووڕانەوە.

باوکە لە نێوان سەرسەختی و خەمباریی کچەکەی و پەرۆشـی و سـەرگەرمیی نەوەکـانی بـۆ ئـازادی، دۆش داما. هیچ ئەگەرێکی لە بەردەمدا نەما بێ لەوەی ئەگەر بە زۆریش بێت، ئەوان لەو خێوە تۆقێنەرە ڕزگار بکات. چـاوی لە دوو خوشـکەکەی هەڵتەکانـد و قسـەی لەگەڵ کچە کەللە ڕەقەکەی کرد:

-ئێمە دەڕۆین، واتە دەڕۆین. ئەوە بە کەیفی تۆ نییە. خۆ تۆ خۆشـت پێویسـتت بە وچانێکی دەروونی هەیە. هەر تەنیا دکتۆر فەرهاد بە خێر و سەلامەت، بە سایەی ڕوحمـی خـودا بێتەوە، لە مـنەوە بەڵـێن بێت بـۆ ڕۆژی دوایی تۆ لێرە لە منبج دەبیت.

لەیلا لاملیی نواند. ڕازی نەبوو مـاڵ بەجێ بهێڵێت و بـڕوات کە بە دڵنیـاییەوە داعـش دەسـتی بە سـەردا دەگرێـت. باوکیشـی هەر دەبـوو لەگەڵ خـۆی بیبـات تەنـانەت ئەگەر بە زۆریـش بێت، هەڵبەت پـاش ئەوەی

پیرەمێردە سەری خۆی هەڵگرت و ملی ڕێی گرتە بەر و بۆ خاکی خەلافەتی خوێن هات.

باوکە دەستەکانی گرت، پاش ئەوەی میمکی بە زۆر جبەی لەبەر کرد. ویستی لە چنگی قایمی باوکی هەڵبێت. باوکی زللەیەکی پێدا کێشا و دڵیشی بۆ کچەکەی هەنج هەنج دەبوو. ئوم محەمەدی میمکی دەستی بە گریان کرد، داوای لە براکەی کرد لەگەڵ کچەکەیدا میهرەبان بێت.

-خوشکەکەم، کارەکە بەم جۆرە مەیسەر نابێت، ئەگەر بەم جۆرە بین لەگەڵی، ئەوە یەکساڵی دەوێ تا لەگەڵمان دێت.

باوکە بەم جۆرە وڵامی دایەوە، هاوکات دەستی کچەی گرتووە و بەرەو دەرەوە ڕای دەکێشێت، لەوێش تاکسی لە چاوەڕوانیدایە.

***

دوو فرمێسکی گەورە کە لە چاوانی ئەبوو لەیلا هاتنە خوارێ، ڕێیان پێ نەدا ئیدی ئاگای لە ڕووداوی دەرەوەی پاسەکە بێت. ئەو دوو فرمێسکە ئیدی ڕێی ئەوەشیان لێ گرت درێژە بە قوڵپی یادگەی کۆستەکەشی بدات. دیمەنەکەی بەر چاوی لێڵ بوو.

جـــووته فرمێســـــکەکەی بە پشـــــتی کەڵە پەنجەکـــانی سڕینەوە، ئیدی لە بەردەمی پاسـەکەدا پیرەژنێکی بینی جبەیەکـــی رەشــــی پۆشـــیوە و بە گۆچـــان دەڕوات، منـداڵێکی بە دواوەیە کە کیسـێکی گەورەی خسـتووەتە سـەر سـەری، بە دوای هەردووکیشـیانەوە کچۆڵەیەکی رەنگ هەڵبزڕکاوی ترساو لۆژەکە لۆژەکە دەڕوات. پاش کەمێک هەر سێکیان لە پشت کەڵەکی دار و پەردوو بزر بـــوون، کرێـوەش دەســـتی پـێ کـــرد، ئەمەش وای لە شـــوفێرەی روو گـــرژ کـــرد، جـــووتە ئاوســـڕی جـــامی رووکـــاری زەبەلاحـــی پێشـــەوەی ئوتـــومبیلەکە وەگەڕ بخـــات، کە وردەنـــمە ئـــاوی کرێـوەی قەد جامەکەیـان سـڕییەوە، دروســـت بە هەمـــان شـێوەی جـــووتە کەڵە پەنجەی ئەبوو لەیلا کە پێشتر کردیان.

ئەبوو لەیلا جارێکی دی بە لای راستدا ئاوڕی دایەوە، ئیدی روومەتی کە ریشێکی پڕی سپی دای پۆشـی بوو، بە جـامی پەنـجەرە سـاردەکەوە نووســا، ئەمەش سـەر لەنوێ پاشماوەی یادگەی زیندوو کردەوە.

***

## بەشی پێنجەم

بە درێژایی ڕێی گەڕانەوە لە منبجەوە بەرەو حەلەب، ئاوسڕانی پێشەوەی تاکسییەکە نەوەستان. بە ڕیتمێکی مات بەردەوام، ئەو ئاوە دەستەسڕانەی دەسڕییەوە، کە پەنجەی باران بە تەشیی شووشەی پێشەوەی تاکسییەکە دەیچنی، ئەمەش هێندەی دی دیمەنەکەی خامۆشتر دەکرد .

لەیلا زۆر گریا، لە باوکی پاڕایەوە بەرەو منبج بیگێڕێتەوە، بەڵام باوکە ئامادە نەبوو گوێ لە پاڕانەوەکەی بگرێت. هەرچی منداڵەکان بوون، ئەوا بە ڕزگار بوونیان لەو بەندیخانەیەی ئەو تێی پەستا بوون، زۆر دڵشاد بوون، جا بە درێژایی ڕێگاکە کەدەستیان بۆ هەموو شتێک درێژ دەکرد، هاواریان دەکرد، وەک ئەوەی بۆ یەکەمین جار بێت لە ژیانیاندا ئەو شتانە دەدۆزنەوە.

دوای تێپەڕ بـوون لە بـازگەی سـەرەکی، مەیسـوون نووست.

نووست وەک ئەوەی بیەوێ قەرەبووی خەوی هەزار و یەک شەو بکاتەوە، کە چیرۆکی تۆقێنەری خەوزڕێنی تێـدا دەبیسـتن. هێنـدە قـووڵ نووسـت وەک ئەوەی تەرمێک بێت. دایکی گوێی پێ نەدا، بەڵکوو هەر تکای لە باوکی دەکرد کە بەرەو منبجی بگێڕێتەوە، تا ئەویش هێور بووەوە و ئنجا خۆی بە دەستی خەوەوە دا.

کاژێرانی قورسی گەشتەکە، خەمناکانە و زۆر سست گوزەریان کرد، دروست وەک ئەو کاژێرانەی مرۆڤ لە پرسـەدا بە سـەریان دەبات. ئەبوو لەیلا مـاوە نامـاوە ئاوڕی بە لای کوشنی دواوەی تاکسییەکە دەدایەوە، بۆ ئەوەی بە خەمبـاریـیەوە لە روخسـاری کـچەکەی بڕوانێـت، کە بـاری شـڵەژاوی دەروون و رۆژانـی ئابلووقە کە بۆ خۆی بە سەر خۆیدا سەپاند بووی، بە جارێ رەنگ زەرد و لێو بەباریان کرد بوو. لە سیمای ئەو دەموچاوە بچووکەدا لێشاوی تۆقینی چەند مانگی رابردووی بەدی دەکرد. منداڵیی ئەوی وەبیر هاتەوە کە پرچێکی زۆر جوانی هەبوو، بە زاق و زریقیش ماڵەکەی پـڕ لە شـادی دەکـرد، گەرم و گـوڕییەکی دیـکەی پـێ

دەبەخشی. چاوی لە نێوان ئەو و مەیسوونی نەوەکەی، ئەم سەر و ئەو سەری دەکرد. مەیسوون زۆر بە دایکی دەچـــوو. بە بێگەردیـــیەکەی وەک دایکـــی وا بـــوو، بە مانـــدوویی و خەمـــی نەخشـــاوی ســـەر هەردوو روخساریش، هەر چون یەک بوون.

-خوداوەند.

ئەبـوو لەیـلا هەناسـەیەکی هەڵکێشـا و ئـاوڕی لای پێشـەوەی دایەوە، تەماشـای هەردوو ئاوسـڕەکەی کـرد کە سـەرگەرمی دەرکردنـی دڵـۆپە بـارانی رووکـاری پێشەوەی تاکسییەکە بوون.

-ئەبـوو لەیلا پشـووت درێژ بێت. خـودا وەکیل هەر یەک لە ئـێمە زۆر چیرۆکـی سـەختتر لە چیرۆکـی کچەکەتمان هەیە، خودامان هەیە خودا.

-وەڵلا راستە.

ئەبوو لەیلا بەرسڤی شوفێرەکەی دایەوە، پاشـان کـپ و بێدەنگ گوێی بۆ یادگە و سیرە سیڕی ئاوسڕەکان راگرت.

***

یادگەی ئەبوو لەیلا شەپۆلی دا، بە سەر شەپۆلی هـاژ و هـووژی کەسـکە پاسدا زاڵ بـوو، هاوکـات شـوفێرەی

روو گــرژ دابەزی جــگەرەیەک پــێ بکــات، تــا بە دەم کرێوەوە بیکێشێ.

پاش ئەوەی خەڵکەکە لە هەواڵەکانی میدیاوە بیستیان کە قافڵەی پاسەکان دوێنێ تەقەیەکی زۆری لێ کراوە، بە هــۆی ئەوەشــەوە بریـنــدار و کــوژراو هەن، ئیــدی سەرنشینانی کەسکە پاس شەکەت و بێدەنگ بوون، ســامی گەشــتەکە دای گــرتن. لەو چرکەســاتەدا ئەوان گوێیان بە هیچ شتێک نەدەدا، بێ لەوەی بە سەلامەتی لەو دۆزەخە دەربچــن، کە بە درێژایــی چەنــد مــانگێکی سامناک داخ کردەی ئاگرەکەی بوون. تێکڕای منداڵەکان نووســتن، کەچــی ســەر و ســیمای مــات و خامۆشــی پیاوەکان نقومی نێو شانیان بوو، بە هەمان شێوەی ئەبــوو لەیــلا لە شووشــەی پەنــجەرەکەوە تەماشــای بارانەکەیان دەکرد، کە ئیدی بە گوڕتر دای کرد.

میلی یادگەی ئەبوو لەیلا بەرەو دوا گەڕایەوە، تاکوو دیســان لە ئاســت رووداوەکــانی ئەو رۆژەدا وەســتا کە تێیدا کچەکەی لە منبج هێنایەوە. هاتەوە بیری کە ئەوان پاش ئەوەی لە شــاری باب تێپەڕین و لە حەلەب نزیک کەوتنەوە، لە نزیک بــازگەیەکی ســوپای ئازاد ویستیان کورتە پشوویەک بدەن. منداڵەکان بە نووستوویی لە نێو

ئوتومبیلەکەدا مانەوە، لەو کاتەی کە مەکینەکەی لە هاڕ و هووڕ نەکەوت، ئەبوو لەیلا و کچەکەی و هەردوو خوشکەکەی و شوفێرەکەش، کە پێشنیاری کرد پشوویەک بۆ جگەرە کێشان بدەن، هەموو هاتنە خوارێ. باران وەستا بوو، خۆریش شەرمنانە لە نێوان هەوری هەڵاتووی بەردەم بای شەماڵ دەرکەوت، بەڵام بە تیشک و پرشنگێکی روون.

لە پڕ لەیلا بە لای رۆژهەڵاتدا ئاوڕی دایەوە، ئنجا بە هەموو تینی رای کرد. باوکی و هەردوو میمکی کەوتنە دوای. بەرەو لای منبج رای دەکرد و ئاوڕی لای دواوەی نەدەدایەوە.ئوم محەمەد کەوتە نێو قوڕ و لیتەوە، ئوم ئەنەسیش بۆ هاریکاری کردنی وەستا. چەند خولەکێک پاشتر لەیلاش کەوت، باوکی گەیشتە سەری و بە توندی دەستی گرت و زللەیەکی پێدا کێشا، جا بە ئاراستەی ئوتومبیلەکە بە ناو قوڕ و قوڕاودا، رای دەکێشا. شوفێرەکە و چەکدارانی بازگەکەش لە ئاست ئەو دیمەنە سەیرە، سام بردنییەوە. چەکدارێکی بازگەکە پرسیاری لە بارەی بابەتەکەوە کرد، شوفێرەکە بە پەنجەی شادە ئاماژەی بۆ گەللەی سەری خۆی کرد و گوتی:

-شێتە، خوا هاوکاری خۆی و کەس و کارەکەی بێت.

-ئاخر تۆ تێم بگەیەنە، کامیان شێتەکەیە؟

شوفێرەکە پێکەنینەکەی شاردەوە، پاشان بە زمانێک قسەی کرد مەبەستی بوو خەمبارانە بێت:

-بـــــراکەم، ئەوەی یەکەم جـــــار رای کــــــرد. ئەو بەستەزمانەی باوکی کەوتە شوێنی و چەپۆکێکی پێدا کێشا. سەربردەیەکی تاڵی هەیە.

چەکداری بازگەکە سەری با دا، پاشان بە دەوری خۆیدا سووڕا وەک ئەوەی بە دوای شتێکدا بگەڕێت، هێندەی نەبرد رووی لە برادەرێکی کرد کە لە نزیکییەوە وەستا بوو. ئەبوو حەسەن مشالح کەوتە دوایان، پاکەتی جگەرەکەی بۆ راداشتن و بە پێکەنینەوە گوتی:

-دەی گەنجەکان، جگەرەیەک بکێشن. خودا وەکیل لە ترسی داعش لە شوێنێکی وای ئۆتومبیلەکەدا شارد بوومەوە، کە بە خەیاڵی خاوەن کارگەکەشیدا نایەت کوییە. بیست گلۆز جگەرەی بیانیم بە قاچاخ پەڕاندەوە، تەنانەت سەرنشینانی کە لەگەڵم بوون پێیان نەزانی.

پاشان هێندەی بۆی کرا لە چەکدارەکە نزیک کەوتەوە، دەمی بردە بن گوێی و گوتی:

-بیست جلی شەوانەشم لەگەڵ خۆمدا بە قاچاخ پەڕاندەوە. گوتیان داعش ئەو شتانەی قەدەغە کردووە چونکە حەرامن. بە شەرەفم لە داعش پیستر نییە، لە هەمووان شەهوەتبازترن و خۆیان کردووەتە فریشتە.

***

شوفێرەکە دووەمین سیغارە جگەرەی فڕێ دا، کە ئەو بەیانییە کێشا، پاشان سەرکەوتەوە سەر کوشنەکەی، هاودەم لە پاشەوەی پاسەکە دەنگێکی توورە بڵند بوو، گوتی:

-باشە هەر دەبێ چاوەڕوانی فەرمان بین؟ ئێ خۆ براکەم ئەگەر هەر ناتەوێ بڕۆی، دە گۆرانییەکمان بۆ بخەرە سەر، بێزار بووین.

دەنگێک بە سەرزەنشت و حەیاوە وڵامی دایەوە:

-کەی کاتی ئەوەیە؟ لەم ڕۆژەدا نەبێت، گۆرانیت وە بیردا نەهاتەوە؟

-براکەم چیی تێدایە؟ بە قوڕ و قوڕاودا چووە.. دەبا هەندێک پشوو بدەین. بە ئاشکرا مەرگمان دیت. ئێ دەبا بەس بێت، کەمێ خۆشی ببینین.

شوفێرەکە دەستی بۆ ریکۆردەرەکە برد، پەنجەی خستە سەر دوگمەیەک، ئیدی مووزیک لە چریکەی دا:

-یا بچیە شەڤا تاری، ئەڤ شەڤ بمینە ل هێرە
رێکا دویرە دێ کیڤە چی، ئەڤ شەڤ بمینە ل هێرە

گـۆرانیی فەیـرۆز لە چـریکەی دا، بەردەوام بـوو تـا گەیشـــتە ســترانی "عەل رۆزەنە"، سـەرنشـینان هەمـــوو گوێیان رادێرا، تەنـانەت شـوفێرەی روو گرژ و مـۆنیش، زۆر بە کپی و بایەخێکی زۆرەوە گوێیان لە گۆرانییەک گرت، کە دەیان جار گوێیان لێ بووە و چیرۆکەکەشیان بیستووە:

بۆ رۆزنە بۆ رۆزنە، هەموو خۆشییەک لەوێیە
شێت و شەیدای کردین خودا پاداشتی رۆزنە بداتەوە
یـان بـۆ حەلەب دەڕۆن و خۆشەویســتم لەگەڵتــان دەڕوات
یان بارتان ترێیە و لە بن ترێش سێوە
هەر کەس خۆشەویستی لەگەڵدایە و هی چووە
خودا شنە بایەک کە شۆخی لەگەڵدا بێت
***
ئەبوو حەسەن مشالح، شوفێری تاکسییەکە سیدییەکی خستە گەڕ، بۆ شکاندنی ئەو بێدەنگییەی بەر لە چوونە

نێو حەلەب بە لای (باب)ـەوە، هەمووانی گرتەوە، ئیدی دەنگ و چریکەی سەباح فەخری زرینگایەوە:

ئەی شۆخەکە ئارامی دڵەکەم
بە ئاگری دووری داخت کردووم
ساقیی چۆخ و شەنگ بۆم پڕ کە پیاڵە
چاوەکەم
لەبەر گڕی سۆزت نییە خەوم

ئوم محەمەد سەرنجی دا فرمێسکی روون بە چاوانی لەیلا دەهاتنە خوارێ، کە بە سەرسامییەکی زۆرەوە لەو خاپوورییەی دەڕوانی. گەردنی لەیلای بە لای راستدا سووڕاند، ئنجا سەری خستە نێو کۆشی خۆیەوە، ئەوجا لەیلا ئارامی گرت و بە کپی هەنکسی دەدا. منداڵەکان لە جامی پەنجەرەکەوە بە هەردوو لای ئەو رێیەی ئوتومبیلەکە پێیدا دەڕۆیشت، تەماشایکەڵەکی دار و پەردوویان دەکرد، کامیران بە بێگەردییەوە پرسیی:

-باپیرە، لێرەدا چی رووی داوە؟

-باپیرە گیان بوومەلەرزە، بوومەلەرزە.

ئەبوو لەیلا بە خەمبارییەوە بەرسڤی دایەوە. بەر لەوەی وڵامەکەی تەواو بکات، لە نزیکەوە دەنگی تەقینەوەی بۆمبێک هات:

-میمی، ئەوە چی بوو؟
ئالان بە ترسەوە پرسیی؟

***

دڵۆپی باران لەو پەنجەرەیەی ئەبوو لەیلا لێیەوە دەروانییە دەرەوە، بە هێواش دەهاتنە خوارێ. ئەو ئاو هەیڵانە سیمای وڵاتێکی ئەتک کراویان کێشا، کە زیناکارانی هەموو کونجێکی ئەم دنیایە بە نۆرە هاتنە گژی. خەڵکی گردەوە بووی دەرەوەی پاسەکە بێ سیما، خەمبار، لێو بەبار دەرکەوتن، سەرگەردانی رەنگ و رووی گۆڕیون، ترش و تاڵی دەموچاوی لە بنەڕەتدا رەشی ئەوانی، سەخت و سەختتر کردووە.

باران دار و پەردووی شووشتەوە، یادگارییش خەیاڵی سەرنشینانی پاسەکەی شووشتەوە. ئەبوو لەیلا دەستی چەپی خستە سەر هەنیەی و جارێکی دی لیمۆی یادگەی گوشییەوە.

لەیلا و سێ منداڵەکەی لەگەڵ دایک و باوکی لە ماڵەکەدا ژیانیان بەسەر دەبرد. باری دەروونیی تا دەهات خراپتر دەبوو. ئیدی روون بووەوە و لە نیشانەکانی لێی بەدی دەکران، ئەو تووشی قەیرانێکی قووڵ بووە. لە ماڵ دەردەچوو بۆ لای دراوسێکان، لە

دەرگای دەدان، قاوەی دەخواردەوە، لە پاشماوەی ناو فنجانەکەی دەڕوانی و دەیخوێندەوە، پاشان بانگی ژنانی ماڵەکەی دەکرد و دەیگوت بە ئیزنی خودا چاکتان دەکەمەوە. هەندێ ئایەتی قورئانی بە بڵمە بڵم دەگوتەوە، پاشان بەو کەسەی دەگوت کە پێی وا بوو نەخۆشە "تەواوی ئازیزەکەم، بە ئیزنی خودا چاک دەبیتەوە." پزیشکی دەروون لەو نزیکانە نەبوو. دوای بۆردوومان کردنی نەخۆشخانەکان، زۆربەی پزیشکان لە رۆژهەلاتی حەلەب هەلاتن. کاتێک ئەبوو لەیلا ئێوارەیەک پێشنیاری کرد کە بە نەخۆشخانەی ئیبن خەلدوون بۆ نەخۆشیی عەقلیی بسپێرن، نازلی شێت و هار بوو، بە دەنگێک کە لە قیزاحەوە نزیک بوو، گوتی:

-کچە تاقانەکەم بخەمە شێتخانەوە؟ چ قەوماوە تۆ دڵت نییە؟ ئا بەم شێوەیە کچەکەت خۆش دەوێت؟ ئاخر عەببوود کەس هەیە جەرگی خۆی بخاتە نێو ئاورەوە؟

-ئەدی باشە چار چییە؟ واز لە کچەکە بهێنین بەم شێوە و لە بەر دەستمان بفەوتێ؟

-با لە ماڵەوە لە لای خۆمان بێت، باشترە.

دوا جار پزیشکێکی گشتییان دۆزییەوە کە لە خۆ ئامادە کردن بوو بۆ کۆچ، هەندێ دەرمانی بەهێزی

هێور کردنەوە و حەبی دژە نەخۆشیی عەقڵیی بۆ نووسی. دوای چەند رۆژێک ئەبوو لەیلا زەحمەتیی چوون بۆ رۆژاوای حەلەبی گرتە بەر، بە دەروازەی مەرگ لە (بستانل قەسر)دا تێپەڕی، کە بە هەزاران کەس لە چاوەڕوانیدان، دەڕۆن و دێنەوە، دەرمانی نێو راچێتەکەی کڕی و بە هەمان ئەو سوور بوونەی کە چوو، گەڕاشەوە. دوای چەند مانگێک لە خواردنی دەرمان، لەیلا باشتر بوو، ئیدی بایەخی بە منداڵەکان دەدا، چێشتی بۆ لێ دەنان و جل و بەرگی دەشووشتن و گەمەی لەگەڵ مەیسوون دەکرد و سوعبەتیشی لەگەڵ دایکی دەکرد. ماوە ناماوەش لە دشەکەی، هاوڕێی رۆژانی زانکۆی، زەینەب کە دواتر لەگەڵ مێردەکەی و کوڕە تاقانەکەی بەرەو عەنتاب هەڵاتن، دەی بیست کە دکتۆر سەلامەتە.

-ئەو باش بێت، ئەمیش باش دەبێت.

سووریایی بۆ روون کردنەوەی رەوشی کەسێکی بێ سەروشوێن، یان رفێندراو یان شوێنبزرێک، ئەم رستەیەیان زۆر بەکار دەهێنا. ئەو هەواڵە کەم و کورتانەی لە بارەیانەوە دەگەیشت، ناڕوون و پچڕپچڕ و هاودژ بوون، بەڵام هەر فەرامۆشییەک بوو بۆ کەس

و کاریـــان که له چـــاوەڕوانیی گەڕانەوەی کـــوڕ و کچانیاندا بوون. ژمارەی کوژراو، گیراو و رفێندراو له کن هەموو لایەنەکان زۆر بوو، تا وای لێ هات سووکه هەواڵێک له بارەی بەردەوام بوونی ژیانی بزران، سەنگی هۆقەیەک زێڕی هەبوو. دایکان باوەڕیان نەدەکرد رۆڵەکانیان که له زینداندان، له ئاکامی ئەشکەنجه گیانیان سپاردووه. پێیان وا بوو ئەوان هێشتا زیندوون و رۆژێک له رۆژان هەر دەگەڕێنەوه:

-ئەمڕۆ خەونم پێوه بینی.

-منیش.

-دەگەڕێتەوه، دڵم وام پێ دەڵێ.

-خودا هەموویان ئازاد بکات.

لەگەڵ ئەوەی به تـــونێلی درێـــژی میحـــنەت و چاوەڕوانیی تفت و تاڵدا دەرباز دەبوون، ئەمه قسەی دایکان بوو بۆ دایکان.

کەس و کار پارەی زۆریان به ئەفسەر و کەسانی دەست رۆیشتوو دا، هەر بۆ ئەوەی گوێیان له هەواڵێک بێت که بڵێ "کوڕەکەتان له فلانه زیندانه"، یان تەنانەت "کوڕەکەتان له فلانه شارۆچکەدا کوژرا".

ئەو زیندانیانەی ئازاد کرا بوون، بووبوونە ئەستێرەی شەوچەرە و دیوەخانان لە هەموو شوێنێکی سووریادا. "هەر دەبێ هەواڵێکیان لە بارەی فلان یان فیسکەی گیراوەوە لە لا هەبێت." خەڵک لەو کاتەی بۆ پیرۆزبایی و گوێ گرتن لە هەواڵێک کە زۆر بە تاسووقەیەوە بوون، بەرەو لای ئەوان دەچوون و ئەم قسانەیان لە نێوانی خۆیاندا دەکرد. هیچ ئازارێک ناگاتە ئازاری چاوەڕوان کردنی کەسانی شوێنبزری چارەنووس نادیار. لەو شەڕەی بەرۆکی وڵاتی گرت، ژمارەی بزر و رفێندراو هێندە زیادی کرد، بە شێوەیەک مێژووی دوور و درێژی لە سایەی دیکتاتۆریەتدا نەی دی بوو، ئەو دیکتاتۆریەتەی پتر لە پەنجا ساڵی پڕ لە نەهاتی خایاند، هەر لەو کاتەوە کە بەعسی شۆڕشیان دەرهەق بە جوداخوازان بەرپا کرد، کە دژ بە یەکێتییەکەی جەمال عەبدولناسر راپەڕین، ئەو یەکێتییەی تەنیا سێ ساڵی نەهات بەردەوام بوو.

رێکخراوێکی کورد بە درێژایی ساڵانێک کوڕ و کچانی هەرزەکاری لە قوتابخانە و لە شەقام و لە بەردەمی ماڵەکانیاندا دەرفاند، بۆ ئەوەی بیانخاتە نێو ئاگری شەڕی فرە بەرە و فرە مەیلی خۆیەوە. خەڵکی لە داخا

توانەوە، بە بێ ئەوەی وڵامێکی دڵ فێنکەرەوەیان لەو دەسەڵاتە دەست بکەوێت، کە رژێم بۆ پاراستنی باکووری خۆی لەو ئاگرەی لە درعاوە گڕی سەند، رای سپارد بوو. داعش لە بازگەکانی لە دەروازەی هەر شارۆچکەیەک لەو شارۆچکانەی داگیری کردن، بە هەزاران لاوی رفاند، ئنجا رفاندن و دەسگیر کردنی هەزاران خۆپیشاندەر لە سەرەتای داگیرسانی گڕی ئاگرەکە لە درعا، لەو بازگانەی کە بریتی بوون لە تەڵە بۆ راو کردنی چالاکان و هاووڵاتیانی دیکە، ژن و پیاو و منداڵ، چون یەک رفێندران. گرووپەیلی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی چالاکانی نێر و مێی رفاند، ئەوانەی چاودێریی پێشێلکارییەکانی دەرهەق بە خەڵکی سڤیلیان دەکرد. ئیدی هاووڵاتیان بوون بە نێچیری ئاسان کە گرووپی راوکەران هەوڵی قووتدانیان دەدان، ئەو گرووپانەی وەک کوارگ لە خاکی سووریا تەشنەیان کرد، خوێنیش ئەو خاکەی شێدار کرد کە هەمەجۆر کەمتیاری رادەکێشاو بۆ گەشە کردنی کەڕوو گونجاو بوو.

* * *

لەیلا ددانی بە خۆیدا گرت و رۆژانی دەژمارد، ئەو رۆژانەی قورس و زۆر هێواش دەڕۆیشتن، چاوەڕوانی

گەڕانەوەی مێردەی پزیشکی بوو یان ئەوەی گوێی لە هەواڵێک بێت لە بارەیەوە، لە نێو چرکەساتەکانی تۆقینەری بۆردوومانـدا دەژیـا، لای وا بـوو بە هەمـان شێوەی ئەو چرکەساتانە بوو کە لە سایەی خەلافەتی خوێن لە منبج تێیاندا دەژیا. نان و ئاوی ترسی لەگەڵ رۆڵەکانی و باوک و دایکی و خەڵکی ئابلۆوقە دراوی ئەو گەڕەکەدا بەش دەکـــرد. رۆژانـــی چـــون یەک تێدەپەڕین: بۆردوومـان، وێرانی، دارمـانی تەلارەکـان و دەرهێنـانی تەرمـی ژێـر دار و پەردوو، تەقە کـردن و چیرۆکی تۆقینەری قوربانیانی نیشان شکێن، تا بەیانیی ئەو رۆژە سامناکەی مەیسوونی کچۆڵەی تێدا دیت، کە بەر لە ماوەیەکی کەم ئاهەنگی پێنجەمین ساڵەی لەدایک بوونی گێڕا، وەک پارچە پەنیرێک کە چەقۆیەکی تیژی بە سەردا تێپەڕ دەبێت، بوو بە دوو لەت.

دوای ئەوە هیچ شتێکی نەدیت.

کاتێک بە هۆش خۆی هاتەوە، ویستی بانگی کچەکەی بکـات و بە هەرچی تینێ کە لە گەروویـدایە، هـاوار و بانگ بکات: مەیسووووون، کەچی هەستی کرد ناتوانێ بە زاری گۆ بکـات. گەرووی ئیفلیج بووبـوو، ئیدی بە جـووتە چـاوی خەمبـاری، بە فرمێسـکی گەرم و شـۆر

هاتە ئاخافتن.بە چاوانی لە مەیسوون گەڕا، هێدمەکە هێندە گەورە و دژوار بوو، بۆ دەربڕینی پێویستی بە وشە نەبوو. ئازارێک لە هەر قسەیەک گەورەتر بوو، کە لەیلا لەگەڵ چاو کردنەوەی دیتی و وای لێ کرد بکەوێتە نێو چاڵی بێدەنگییەوە.

لەیلا لاڵ بووە.

هەوڵی دایک و باوکی و هەردوو مێمکەکەی بۆ بە قسە هێنانەوەی، شکستی هێنا. هەردوو کوڕەکەشی کە کوژرانی خوشکەکەیان زۆر کاری لێ کردن، هەوڵیان دا دایکیان بە قسە بهێنن، بەڵام شکستیان هێنا. بە ئەنقەست بێعارییان دەکرد، زمانیان دەر دەهێنا، جووڵەی سەیر و سەمەرەیان دەکرد، لاسایی دەنگی ئاژەڵانیان دەکردەوە، کامیران هەموو ڕۆژێک کۆمەڵێک نوکتەی دەگێڕایەوە، ئێمە بەڵکوو دایکی لە گێژەنی بێدەنگی دەر بهێنێت، بێ سوود بوو. ئالان لە براکەی زیاتر لە دۆخی لاڵ بوونی دایکی نارەحەت بوو، ئەو ڕاهات بوو هەموو شەوێک بەر لە خەوتن بە زمانی ئاژەڵان گوێی لە چیرۆکێکی ئەو بێت، ئێدی دایکە ئەو توانایەی نەما، نەنکی ئەو ئەرکەی گرتە ئەستۆ، جا کەوتە گێڕانەوەی گەلێک چیرۆک و حەکایەت بۆ خۆی

و کـامیرانی بـرای، ئەو چیرۆکـانەی خەیـاڵی پـاراو و یـادگەی چەمـاوەی ئەو ڕێیـان پـێ دەدان و هەمیشـە کۆتاییەکەیان بە خۆشی و شادی بوون.

ئەو چیرۆکـی لە بـارەی دێـو و درنـج و جنـۆکە و ئەهریمەن و پیاو خراپانی بۆ دەگێڕانەوە، کە بە سـایەی توانای لە رادە بەدەری پاڵەوانانی جوامێر و جوانمەرد، دێـو و درنـج و ئەهـرێمەن دەبەزیـن و تێک دەشـکان، کەچی بۆمبەکان هەموو شەوێک چیرۆکی واقیعییان بۆ گەڕەکەکانی رۆژهەڵاتی حەلەب دەگێڕایەوە، کە تێیانـدا خراپەکاران نەدەشکان.

***

بە درێژایی چەندین مانگی دوور و درێژ بەر لە هاتنی لەیلا لە منبجەوە، رەوشەکە نەگۆڕا بوو. ئەبوو لەیلا و نـازلیی هـاوژینی، خەمیـان لە سـەر خەم دەخـوارد. کوڕەکانیـان لە پـاش شـۆڕش پەرت و بـڵاو بـوونەوە. عومەر لە بەهاری ٢٠١٢دا لە سوپای عەرەبی سووریا جیا بووەوە و چووە پاڵ سوپای ئازادەوە، ئیدی هیچ کەس چ هەواڵێکی لە بارەوە نەدەزانی. قسە و قسەڵۆکی زۆر و فـرە هەواڵـی دژ بە یەکـیش لە بـارەیەوە بـاس دەکرا.

هەواڵێک دەیگوت چووەتە پاڵ بەرەی نوسرە لە رەققە بەر لەوەی لە ئـاداری ٢٠١٢دا هێرشـی بکـرێتە سـەر، هەشـبوو دەیگـوت لە شـەڕێکدا لە عـزاز لە لایەن هێزی رژێمەوە دەسـگیر کـراوە، هەشـبوو دەیگـوت لە کـاتی شـەڕەکەی ئیدلب کوژراوە. هەرچی عاسـمی کوڕیەتی، ئەوا ژن و هەر سێ کچەکەی لە ئەنتاکیە جێ هێشـت و وەک هەزاران سـووریایی دیـکە هەیـپەی لـێ کـرد، ئەوروپـا خـۆت بگـرە وا هـاتم، کە بە بەلەمـی پلاسـتیک خۆیـان دەدایە دەم دەریـای ئـیجە و هـی دیـکەش، ئەو پەلەمـانەش بە گەلێـک سەرنشـینەوە وەرگەڕان، جـا شەپۆل قووتی دان، هاوکات کەسانێکی زۆریش توانییان مەرگەسـاتی دەریـا ببـڕن و بە سـەلامەتی گەیشـتنە کەناری دوورگەکانی یۆنان، بۆ ئەوەی دواتر هەلومەرجی دیکەی ئۆدیسیانە ببڕن. دوایین تەلەفۆن کە لە عاسـمی کوڕییەوە بۆی کرا، تەنیا کورتە رستەیەک بوو.

-سوپاس بۆ خودا باوە گیان، من گەیشتمە یۆنان.

ئەبوو لەیلا سەبارەت بەو نیعمەتە سوپاسی خـودای کرد، نیعمەتی ئەوەی کوڕەکەی بەرزەخی مەرگ ببڕێت بەرەو کەنـاراوای ژیـانی گریـک. لە رۆژانـی دوای دەرچـوونی عاسـم لە حەلەب بە نیەتـی ئەوەی لە رێـی

تورکیاوە بۆ ئەورووپا بچێت، ئەبوو لەیلا زۆر دڵەڕان بوو. ئەو تاڵاوی مەرگی کوشتنی کوڕی نۆبەرەی، عەبدولناسری چەشت بوو، کاتێک لە شەڕی کەمپەکاندا لە بەیروت بە دەستی نیشان شکێنێکی فەلەستینی کوژرا، لەو کاتەی هێزی بزووتنەوەی ئەمەل هێرشی کردە سەر هەردوو کەمپی سەبرا و شاتیللا. هەر بۆیە زوو ژنی بۆ عاسم هێنا. عاسم هێشتا سەرباز بوو لە سوپای سووریا و تەمەنی بیست ساڵ بوو کە ژنی هێنا و سێ کچیشی بوو. لە سێیەمین ساڵی شەڕەکەدا بە خۆی ژن و منداڵەکانی پەنای بردە بەر تورکیا، بە دوای کار و ئارامیدا دەگەڕا. هەرچی عەلیی کوڕی بوو، کە عومەری برای، ئەویش رووی لە ژن هێنان نەبوو، چووە لای خاڵوانی لە عەفرین بۆ ئەوەی ئارەزووی دڵگیری خۆی پیادە بکات، کە بزق ژەنین بوو. سەرەتا سەرگەرمی شۆڕش بوو، بەڵام پشتی تێ کرد، پاش ئەوەی تفەنگەکان ریشی چڕ و پڕیان بەر دایەوە، دنیاش پڕ بوو لە دروشم، نموونەی سەرخستنی ئایین و دەسەڵات بۆ شەرعی خوداوەند تا بە دروشمی دیکە دەگات، کە هیچ کامیانی بە دڵ نەبوو، ئیدی بەرەو حەلەب هەڵات، پاش ئەوەی بە باوکی گوت:

-ئەگەر پێتـــان خۆشـــە لە حەلەب بمێنـــنەوە، ئەوا بمێنـــنەوە. مـــن دەڕۆم. بـــزق بە لای مـــنەوە هەزار ئۆپۆزسیۆن و هەزار رژێم دێنێ.

بێ لە ئەبوو لەیلا و ژنەی نەخۆشی، نازلی کەسی دی لە مـــاڵەکەدا نەمـــایەوە، بە دەم دەنگـــی تەقیـــنەوە خەویان لێ دەکەوت و هەر بە دەم دەنگی ئەویشەوە بە خەبەر دەهاتن.

***

باران لە دەرەوە توند دای کرد، چۆڕاوگەی بچووکی باران باریک باریک بە تەختایی لووسی شووشەی ئەو پەنـجەرەیە دەهـاتە خـوارێ، کە ئەبـوو لەیـلا لەویـیەوە دەیـــڕوانییە دەرەوە. حەشـــاماتی خەڵـــک لە پشـــت دەزوولەی ئـاو کە هەور رســتنی، بـزر بـوون و وەک خێوی نێو خەونێکی قورس دەجوولانەوە. سەرنشینانی بێزار لێی بێدەنگ بوون، تێکڕا وەک ئەبوو لەیلا کەوتنە تەماشـا کردنـی دەرەوە، لە دەزوولەی بـاریکی بـاران دەسرپیان دروست دەکرد و زامی قووڵی رۆحی خۆیان پێ تیمار دەکرد.

یادگـاری هـورووژمی هێنـا. بـارانیش بە دابـارینی نەپسـاوەی و دنـدووکی خـۆش ئـاوازی دەنکەکـانی بە

سـەر پەنجەرەکـانەوە، هەروەهـا هـاژەی مەرزیـب و دەنگی بڵقە ئاو، کە گۆلاو و چاڵ و چۆ َی پڕ ئاویان دەڕازانـدەوە، هەمـوو ئەمـانە بەهـرەی رامـان دەبووژێننەوە و ئاگر لە هێلانەی یادگە بەر دەدەن، جا زەردەواڵەی یادگە هار دەبێت. لە کاتی باران باریندا مرۆڤ کڕ و کپ دەبێت، بۆ ئەوەی گوێ لە لێزمەی ناخی زۆربلێی بگرێت، خەمبارانەش گوێ لە یادگاری پێشین و دەنگدانەوەی رۆژانی بەسەرچوو بگرێت، کە پەنجەرەی خەیاڵ دەدەنە بەر دندووک.

ئەو رۆژەش رۆژێکی باراناویی کۆتایی نیسانی ٢٠١٦ بوو، لەیلا و هەر سێ رۆڵەکەی میوانی ئوم محەمەدی میمکیان بوون لە گەڕەکی حەیدەری بە تەنیشت گەڕەکی مەساکن هەنانۆ. ئەبوو لەیلا لە حەوتی بەیانی و بەر لە نـازلیی هاوسـەری، بە دەم گـرمەی گەواڵە هەورێکەوە بە خەبەر هـات، پێـی وایە بۆردوومـانێکی چڕە بۆ سـەر گەڕەکی مەسـاکن هەنـانۆ، کە ئەو بەو دەنگە تۆقێنەرانە راهات بوو. بە دەنگێکی نیمچە بڵند کەوتە پرتە و بۆڵە تا ژنەکەشی بێدار کردەوە:

-باشه ئاگربەستەکە کوانێ؟ ئەدی قەول نەبوو کە لە نێوانی رژێم و ئۆپۆزسیۆن ئاگربەست هەیە؟ ئاخر ئەمە چ حاڵێکە خودایە؟

ژنەی نەخۆش بە دەم بسمیلا بسمیلاوە هەستا، بە ترسێکی زۆرەوە لە مێردەی تووڕەی روانی، پاشان بە هێواشی لە پێخەفەکەی جودا بووەوە و چوو ئەو پەردە تاریکەی سەر ئەو پەنجەرەیەی لا دا، کە دەڕوانێتە شەقامەکە.

ئەبوو لەیلا بە خۆشەویستییەوە لێی روانی. کراسێکی ئاسمان رەنگی لەبەردا بوو، کە نەخشەی جەستەی پیری بە جوانییەکی زۆرەوە دەکێشا. گەلێ هەستی بە جۆش هوروژمیان بۆ هێنا. رۆژانی رابردووی ئەوی وەبیر هاتەوە، سەرنجی دایە هەردوو سمتی شۆڕەوە بووی، کە وەک دوو هەنجیری وشک کراوەی زەبەلاح وا بوون، خەیاڵ بردییەوە، کە بەر لە چەندین ساڵ پاشووی ژنەکەی چۆن بوو: خڕ و نەرم و نیان و لووس هەر وەک پەیکەری مەڕمەڕ.

جووتە سمتەکە ئەویان کەمەندکێش کرد. یادی ئەو جووتە سمتە بەر لەوەی شل و شۆڕ بن، ئەویان کەمەندکێش کرد. بە جۆشێکی زۆر گەرم و گوڕەوە کە

خۆی پێی سەیر بوو، لە پێخەفەکەی راست بووەوە، بە وزەیەکـی مەزنەوە هەسـتـا کە سـالآنێکە ئەو تـین و تـاقەتەی لە خۆیدا بەدی نەکردووە، بەرەو نـازلی چوو کە لە لای پەنـجەرەکە وەسـتـا بـوو، لە بـارانەکەی دەرِوانی کە بە مەرەکەبی روونی خۆی دێرە ئاوی لە سەر پەنجەرەی خانووە رۆژهەلاتییەکە دەکێشا.

دەستێکی لە کەمەری پێچا، بە دوو چاوی نووقاوەوە گەردنی پڕ لۆچی بۆن کرد، پاشـان سەری خۆی بردە نزیک سەر ئەو تا مووی سپی دێکەڵ بە پرچی سپی بوو، بە بێ ئەوەی یەک وشەش بڵێ، ئەویش وەک ئەو لە شیعری ئاوی دەرِوانی کە سەمای هەورین دەیچڕی.

تەنیا ئاسمان نەبوو کە شیعری تەڕی خۆی بە گوێی ئاسۆدا دەدا، بەڵکوو مەرگیش ئاوازی باوی خۆی بە گوێی گەڕەکە لێقەوماوەکانی حەلەبدا دەژنی. گرمەی هەور و لـرمە تـۆپ و گیـزەی گـولله تـێکەڵ بە یەک دەبوون.

-دەی ئاخۆ بۆ کوێمان دەبات؟

لەوەدا بوو ئەبوو لەیلا هاوارێک بە رووی ئاسمانی هەوریندا بکات، بەڵام هەسـتی بە سـۆزی گەرمـی دەستێکی لەرزۆک کرد، کە هاتە سەر ئەو دەستەی کە

له سـەر سـكی ژنەكەی گیرسـاوەتەوە. ئەوە دەسـتی نـازلی بـوو. دەسـتەكە بە هێواشی بەرەو ژوور هەڵكشـا تـا لەگەڵ دەسـتی عەبـوود عـوجەیلیی مێردی یەكیان گرت. هەستی بە ئەڵقەی زێڕینی هاوسەرایەتییان كرد، كە دەیـان سـاڵە پەنـجەی مێردەكەی جێ نەهێشـتووە. ڕۆژانـی خـوازبێنی و گواسـتنەوەی لە سـەردەمێكی بەسەرچوودای هاتەوە یاد. گوڵە كێویلەی جوان لە دڵی پشكوتن، چاوی خۆی نووقاند خۆی رادەستی سڕییەكی بە تام كرد، كە هەردەم بە ڕەمەكی مێیانە و شـەهوەتی پیرۆزی خۆی، تاقیی كردووەتەوە.

ئەو پەنجـانەی سـاڵانیان بە كـاڵی و كـوڵاوی تـاقی كـردوونەتەوە، تێک ئـاڵان. ئەو پەنجـانەی پـاش ئەوەی چاوگەكانی گەنجێتی و بارانەكەی وەستا، وەک چۆڵ و رووتەنیـان لـێ هـاتووە. ئەو پەنجـانەی هـیچ شـوێنێكی جەسـتەی هـاوژینەكەی نەهێشـتووە كە بە سـەری نەكاتەوە، گازی لێ داوە، تاقی كردووەتەوە، دەستی پێدا هێناوە، پەی بە بەرز و نزمییەكەی بردووە. بە خێرایـی نـازلی پەردەكەی وەک خـۆی دادایەوە، خێـراییەک كە ئەبوو لەیلا لێی حاڵی دەبێت، نازلی بە جووتە چاوی نیگای خستە سەر چاوانی مێردەكەی، ئەو چاوانەی كە

شـەهوەتی کتوپڕ بریقەدارتری کـردن. هەردووکیـان بە دەم کەشێکەوە کە دەیان جار کردوویانە، لە پەنجەرەکە دوور کەوتنەوە. وازیان لە باران هێنا بۆ ئەوەی هێدی هێـدی خەمبـارانە دنـدووک بە شووشـەی روونـدا بکێشـێت، وازیـان لە تۆپخـانە هێنـا تـا لە دەرەوە بلوورێنێت، کە نەفـرەت لەگەڵ یەکدا ئـاڵوگۆڕ دەکەن و تـۆوی مەرگ لە کـووچە و گەڕەکەکانـدا دەنێـژن، ئەو کـووچە و گەڕەکـانەی تێر و تەژی بـوون لە کـاولی و خـاپووری، بەرەو ئەو سیسـەمە چـوون کە هێشـتا هەر گەرم بوو.

-نازی.

-عەبوودی.

هەردووکیـان بە چـرپە و نـازێکی زۆرەوە، نازنـاوی یەکدییان بە گـوێی یەکدا دا. ئەمەش سـەرەتای دەسـت پێ کردنی جەنگی ئەڤین بوو لە سـەر سیسـەمەکە، کە ماوەی چەندین مانگە شەڕی توند و تیژی نەبینوە، تەنیا هەنـدێک پێکدادان نەبێت، کە بە خـۆ بەدەسـتەوە دانـی لایەکیـان و ملـکەچ کردنـی بـۆ رێککەوتـن لە بـارەی ئاگربەستێکی ماوە کراوە، کۆتاییان دەهـات. هەر لەگەڵ ئەوەی شــەڕ کەشــی کوشــندەی رۆژانەی خــۆی لە

حەلەب دەســـت پــێ کــرد، ئیــدی خۆشەویســـتی و سرووتەکانی لە لای ئەو جووتە هاوسەرە بزر بوون.

گەردەلـــوولی ئەڤـــین دامرکـــایەوە، بەڵام شــــەڕ دانەمرکایەوە، بەڵکوو لە جاران دژوارتر بوو.

شەڕ خۆشەویستیی کەوڵ کرد و ئێسکەکەشی فڕێ دایە گۆشەی هەموو کووچە و کۆڵانێکەوە .

ئـاگری شـەڕ هەمـوو گەڕەکێکی گرتەوە، جـا بەر لە هەر شـــتێک خۆشەویســـتی ســـووتا و دڵان بـــوون بە خەڵووز، بەڵام نازلی و مێردەکەی ئەو بەیانییە سوور و مکوڕ بوون، کە دەبێ گەڕێکی نوێی ئەڤین دەست پێ بکەنەوە، کە گڕ و کڵپەی چەنـدین مانـگ بـوو دامرکـا بووەوە.

عەببوود دەستی بۆ گەردنی نازلی برد، پاشان بەرەو سنگی شۆڕی کردەوە تا گەیشتە جووتە مەمکی شۆڕ و خاوەوە بووی، چەشنی دوو چرا لە کۆشکێکی چۆڵ و هۆڵدا. کەڵە پەنـجەی زبـری بە سـەر کۆڵمەکانیـدا هێنـا، توند مەمکی راستی گرت پاشـان بەرەو مەمکی گەرمـی چەپـی چـوو، هەســتی بە تـرپەی خێـرای دڵــی کــرد. هەردووکیـان بە یەک ریـتم هەناسـەیان دەدا. نــازلیش دەســـتی بــۆ دامەنــی دیزداشــەی مێــردەکەی بــرد و

هەڵیبڕی، جا پەنجەی لەزۆکی هێدی هێدی بە جووتە لاقی لەڕ و لاوازیدا هێنا، پاشان بۆ رانەکانی تا گەیشتە باڵندەی نووستووی نێو لانەکەی.

هەناسەیان تاوی سەند.

باڵندەکە راپەڕی، هەردوو کوڵمەکەش گرژ بوون.

عەببوود لە خوارەوە کراسی ژنەکەی هەڵبڕی، جەستەی هەردوو پیرەکە پێکەوە نووسان و تۆڵەیان لە شەڕ کردەوە، کە وا دیار بوو پیر نەدەبوو.

تۆپخانە لە دەرەوە لە گرمەی ناسازی نەکەوت، بەدڕەوشتیی کوشندانەی خۆی بە ریتمێکی توندتر لەوەی بەیانیی زوو، چڕاند، هاوکات باران لە لێزمە کەوت و باش دیرەگی خێوەتی هەوری هەڵبڕی، بۆ ئەوەی پرشنگی گەشی خۆر دەربکەوێت و بە گاڵتە و جەفەنگی زەردی، لە بەشەری لەگەڵ یەکدا بەشەڕ هاتوو، بڕوانێت.

***

شەڕی کتوپڕی شەهوەت بە سەرکەوتنی هەردوو جەستەی پیر کۆتایی هات. ژن و پیاوە پاش تەواو بوونی ژوانی ئەڤین، لە سەر سیسەمەکە راکشان، هەردووکیان بە بێدەنگی لە میچی خامۆشی ژوورەکە

رامان، که چلچرایەکی جوانی پێوە شۆڕ بووبووەوە، چراکانی بە دەگمەن نەبێ رووناکی بە خۆیانەوە نابینن، هەموو کاتەکەی دیکەیان بە کپ و تاریکی بەسەر دەبەن.

به درێژایی ئەو رۆژە نازلی خولق و خووی ساز بوو. بەدەم گنەگنی گوتنەوەی هەندێک ئاوازی کۆنەوە نانی بەیانی و ئێوارە، تێشت و فراڤینی ئامادە کرد. وا دەجوولایەوە وەک ئەوەی گەنج بوو بێتەوە. چی دی گوێی بە بۆردوومان نەدەدا کە سفرەی کوشندەی لە هەموو کووچە و گەڕەکێکی حەلەبدا راخست: بەرمیل، هاوەن، تفەنگ، دۆشکە، راجیمە و گەلێ جۆرە چەکی دی.

کاتێک خۆر ئاوا بوو، نازلی ناڵە ناڵی بوو بە دەست ژانە زگێکی توندەوە. بە مێردەکەی گوت سەرم دەسوورێ و ناتوانم بەرگەی ئازارەکە بگرم. عەببوود پێکەنی. بە گاڵتەشەوە پێی گوت:

-بەس پێم مەڵێ دووگیانم. وا دەچم بە لەیلا دەڵێم بۆ ئەوەی بێت پیرۆزباییت لێ بکات.

-ئێستا کاتی گاڵتەی تۆ نییە. هەر هیچ شتێک بە لەیلا مەڵێ. ئەو گیرۆدەی دەدری خۆیەتی. بمبە بۆ دکتۆر، چی دی بەرگە ناگرم.

ئەبوو لەیلا لە قسەکانی را هەستی کرد بە راستیەتی. بە زوویی لە شوققەکە دەرچوو، لە دەرگای ماڵە دراوسێیەکی دا کە ئوتومبێلێکی سوزووکیی بچووکی بۆ گواستنەوەی سەوزە هەبوو. دراوسێیەکە لە یارمەتیدانی سێ و دووی نەکرد. ئەبوو لەیلا سەرکەوت و لە تەنیشتی شوفێرەکە دانیشت، پاشان نازلی سەرکەوت و لە تەنیشت مێردەکەیەوە دانیشت، بۆ ئەوەی ئوتومبیلەکە بەرەو نەخۆشخانەی قودس لە نزیک مزگەوتی ئەمەوی بکەوێتە رێ، ئەو مزگەوتەی خەڵکی حەلەب و خەڵکی گوندەکان پێی دەڵێن مزگەوتی حەزرەتی زەکەریا.نەخۆشخانەکە پڕ بوو لە برینداranی مەدەنی، لە ژن و منداڵ و هەندێک برینداری گرووپەیلی چەکداریش. تیمی نەخۆشخانەکە وەک پوورەی هەنگ چالاک بوو، هیچ کات لە جووڵە نەدەکەوت. تەنیا پزیشکی منداڵان کە لە ناوچەکەدا مابووەوە، محەمەد وەسیم مەعاز بوو کە بە دکتۆر مەعاز ناسرا بوو، بە کەوای پاک و کەسکی، بە ریشە رێکەکەی و رووی

خۆشـییەوە، لە نێـو ئەو پـووورە هەنـگەدا لە هەمـووان چالاکتر دیار بوو، لەم منداڵی بریندارەوە دەچووە سـەر ئەوی دیـکە، دڵنەوایـی کەس و کـاری بریـندارانی دەدایەوە، گەمەی لەگەڵ منـداڵەکان دەکـرد و بە رووبـانەوە پێـدەکەنی، هێنـدەی لە توانایـدا بـووایە، لە ئەشـک و زەحمەتیـی ئەوانـی کەم دەکـردەوە، نـوکتە و قسەی خۆشیشی دەکردن، کە کەشێکی گەشبینانەی لە نێو میوانانی نەخۆشخانە دروست دەکرد.

پزیشـکی هەنـاو بە لایەوە زەحـمەت نەبـوو پەی بە ئازارەکەی نازلی ببات:

-ریخۆڵە کوێرەیە. بۆ نەشتەرگەری.

هەر دەبوو ریخۆڵە کوێرەی هەو کردوو دەر بکرێت. ئنجـا لەبەر رەوشـی مەترسـیداری ئاسـایش و نەبـوونی قەرەوێـڵەی پێویسـت، دەبـوو رۆژێـک نەک زیـاتر لە نەخۆشخانەدا بمێنێتەوە.

-حـاجی تـۆ بـرۆرەوە. سـبەی ئێـوارە ئیشـەڵلا دێـی ژنەکەت دەبەیـتەوە. چارەسـەر کردنـی ریخـۆڵە کـوێرە نەشتەرگەرییەکی بچووکە.

ریـم، پەرسـتاری خـاوەن دوو چـاوی گەورە و هەنگوینی و کەمێک قەڵەو، ئەمەی بە ئەبوو لەیلا گوت.

-ناتوانم لەگەڵیدا بمێنمەوە؟

ئەبوو لەیلا بە دەنگێکی ئاشکرای تکاوە ئەو پرسیارەی لێ کرد.

-جەنابتان بە رەوشی سەختی ئاسایشی شار ئاشنان و جێش بۆ مانەوەی یاوەر نییە. چاکتر وایە حاجی بچیتەوە ماڵێ و بەیانی بێیتەوە.

عەببوود خودا حافیزیی لە ژنەکەی کرد. لە سیمایدا شتێکی نادیاری بەدی کرد و لێی حاڵی نەبوو. بۆ دڵدانەوە پێی گوت:

-سبەی بەیانی لە لات دەبم. دەی گوێ مەدێ.

-ئاگاداری لەیلا و منداڵەکانی بە.

نازلی ئەم رستەیەی بە زمانێکی تێکەڵ لە سۆز و بێ هیوایی گوت.

ریم، خانمە پەرستاری حەلەبی بزەی هاتێ، بە سۆزەوە دەستی وشک و رەقی نازلیی گوشی، تەماشای ئەبوو لەیلاشی کرد و بە متمانەیەکی تەواوەوە گوتی:

-دەی حاجی، وەک کە پێم گوتی. چارەسەر کردنی ریخۆڵە کوێرە بە نەشتەرگەرییەکی سووک و ئاسان

دەکرێت، سبەی ئیشەڵلا دێیت و خالۆژن لەگەڵ خۆت دەبەیتەوە و پێکەوە دەچنەوە ماڵێ. خەم مەخۆ.

کاتژمێر حەوتی ئێوارەی پیشان دەدا. بۆنی کلۆر و پاکژکەر لە قاوشەکانەوە بڵاو بووەوە، دەنگی ناڵەی برینداران و نەخۆش و قاو و قیژی میوان و خەوتووی نەخۆشخانە و یاوەرانیان و جرت و فرتی پەرستار و پزیشـــــکان، کە لێـــرەوە بـــۆ ئەوێ بە هەڵەداوان لە جووڵەدان، گریانی منداڵ و هاواری هەندێک لە ژنان کە داوا لە پەرســــتاران دەکەن کیســــی ئــــاوەخۆراکی نەخۆشەکانیان بگۆڕن، ژاوەژاوێکی زۆری نا بووەوە.

ئەبوو لەیلا ئەو هەمــوو ژاوەژاوەی جێ هێشت و گــوێی لە گــرم و هــۆڕی تۆپخــانە بــوو، کە تــێکەڵ بە ژاوەژاوی یادگەی ئەو بوو، یادگەیەک کە بۆنی پاکژکەر گەشاندییەوە. ئیدی گوێی بۆ ژاوەژاوی یادگەی گرت کە تەژییە لە دیمەنی یەکجار سەخت.

بیری لە هەموو ئەو شتانە کردەوە کە بە سەر خۆی و خێزانەکەی و حەلەبدا هات. هیچ راڤەیەکی بۆ هەموو ئەو شتانە دەست نەکەوت. ئایا سزای خوداوەندە؟ ئایا نەفرەتییەکە و لە وڵاتی داوە؟ ئاخۆ ئەو دێوزمانە چۆن بە خەبەر هــاتن تــا ئەو شــارانە یەک بە دوای یەکــدا

خاپوور بکەن، دانیشتووانیان ئاوارە بکەن و گیانی خەڵکی بێتاوان بە مەرگ بگەیەنن، بە بێ ئەوەی جیاوازییەک لە نێوان چەکدارێکی شەڕوان و مەدەنییەکی کە کەوتووەتە داوی ئەگەری ئەستەمەوە، بکەن؟ ئەو دەوڵەتانە چییان لە وڵاتی ئێمە دەوێ، لەبەر چیش ناتوانن ئەو رووباری خوێنە رابگرن؟ باشە چۆن دەکرێ جیهان بە بێدەنگییەوە، خۆ رەنگە بە خۆشییەوە یان بە لای کەمەوە بە بێباکییەکی کوشندەوە، تەماشای ئاهەنگەکانی مەرگ بکات، کە رۆژانە روو لە هەڵکشانن؟ دەیان هەزار کوژراو و بە ملیۆن هەڵاتووی دەستی ئاگری شەڕ و ژمارەیەکی بێ شوماری بزر و گیراو و کەم ئەندام. ئەو هەمووە بەس نییە؟

بیری کردەوە چۆن خێزانەکەی لەبەریەک هەڵوەشا، کوڕەکانی پەراگەندە و پەرتەوازە بوون. کچە تاقانەکەشی وانەبێژی زمانی عەرەبی، لەیلا لە منبجەوە بۆ حەلەب، پاش ئەوەی داعش مێردەی پزیشکی نەشتەرگەری رفاند، ئەویش تووشی نەخۆشییەکی ئاوەز بوو.

-بە ملیۆنان وەک منن.

لەگەڵ ئەوەی سـواری ئوتـومبیلێکی کرێ بـوو بەرەو ماڵ، ئەمەی لەبەر خۆیەوە گوت.

***

## بەشی شەشەم

شوفێری رووگرژ بزوێنەری پاسەکەی کوژاندەوە، ئیدی ئەو لەرینەوە یەک ریتمییەی وزەیەکی شاراوەی بە یادگەی ئەبوو لەیلا و سەرنشینانی دیکەی دەدا، نەما. بارانیش وەستا و ئاسمان وەنەوزی دا و لە خەوە کوتکەی هەور وەئاگا هات، خۆر بە بریقداری دەرکەوت و وەک سێبەری خامۆش، وێنەی دار و پەردووی کێشا. پەنجەی ژەنینی باران بە سەر پەنجەرەکانی کەسکە پاسەوە هێوری کردەوە، بەم جۆرە ئەو سەرنشینانەی وا شارەکەیان جێ دەهێڵن دەتوانن روونتر شارەکە ببینن .

ئەبوو لەیلا تەماشای دەرەوەی کرد، یەک پارچە دار و پەردووی کەلاوەی تازە بە باران شۆراوە، چەکدارێکی بێزی تفەنگێکی بە شانەوەیە لەگەڵ ژنێکدا

که سەرپۆشـێکی رەش و بالاپۆشـێکی رەنـگ مەیـلەو شـینی لەبەردا، ئەوان روویـان لە کەلاوە و پشـتیان لە جیهان بوو. گەنجەی چەکدار بە سپرایەکی رۆن رەنگی رەش شـتێکی نووسـی، هەر زوو پیتەکـانی سـەرەتای دەرکەوتن. ئیدی هەر چەندی گەنجەی چەکدار و کچەکە بەرەو لای چەپ دەچوون، پیتەکـانی دی دەر دەکەوتـن: دە. دەگ. دەگە. دەگەر. دەگەرێ. دەگەرێـ- دەگەرێنـ- دەگەرێنە. دەگەرێنەو. دەگەرێنەوە. کـچەکە قوتـووی سـپرایەکەی لە هـاورێیەکەی وەرگـرت و دەسـتەواژەی "ئەی دڵ"ی دایە پاڵ پەیڤی "دەگەرێنەوە"، بە شـەرمێکی زۆرەوە لەو سـترانەی هەردەم عاشـقان لە دەرکەوتنـی تاریکستاندا دەیانگوتەوە .

"دەگەرێینەوە ئەی دڵ." "ئەی دڵ دەگەرێینەوە."

ئەو نووسـینە پـڕ لە هیـوایە لە ناوەراسـتی دار و پەردووی شـەقامێکی گەرەکـی سـوککەری بە روونـی دەرکەوت، پاشان شەروانی گەنجی خاوەن تەنکە ریش، بەرواری دەرچـوونی خـۆی و هـاورێیەکەی و سـەدانی وەک خۆی لە حەلەب، نووسی:

٢٠١٦/١٢/١٥

هەردووکیان لە دیوارەکە دوور کەوتنەوە. گەنجەی شەڕوان سێلفییەکی بۆ خۆی و هاوڕێیەکەی لەگەڵ ئەو دەستەواژەیەدا گرت کە بەر لە چەند چرکەیەک نووسیی، پاشان بەرەو یەکێک لە پاسەکان چوون.

-ئەی دڵ، باشە بۆ کوێ بگەڕێینەوە؟ جا ئەگەر بگەڕێینەوە، هەوا بخۆین.

ئەبوو لەیلای ئەمەیلە دڵی خۆیدا گوت و لێوانەکانی خۆیان بە دەستی بزەیەکی شەهیدەوە دا.

ڕۆژهەڵاتی حەلەب لە پاش چەندین مانگی دوور و درێژ لە ئابلۆوقە و چەند مانگێک لە بۆردوومانی بەردەوام، بوو بە ناوچەیەک کە بۆ ژیان و نیشتەجێ بوون دەستی نەدەدا. هەموو پێداویستێکی ژیانی تێدا نەما، بوو بە نیمچە کاولگەیەک کە خێوی تێدا دەژیا. قوتابخانە و نەخۆشخانە و تەلارەکان رووخان. گەلێک خانوو تەختی زەوی کران، زۆر کەسیش لە بن دار و پەردووودا مردن. حەلەب بوومەلەرزە و هەژان لێی دا، ئەم دەستەواژەیە لە کتێبی "سەرەتا و کۆتا"ی ئیبن ئەسیری جزیریدا لە بارەی کارەساتی حەلەب لە سایەی مەغۆلدا هاتووە، کە "حەلەب وەک کەرێکی گەڕی لێ هات"، ئەمەش لە دۆخی حەلەب لە مانگەکانی

بۆردوومانی سامناکدا دوور نەبوو، بەڵکوو حەلەب لە سایەی ئەو شەڕە کوێر و بۆردوومانە دژوارەدا، کە ئامانجەکانی لە یەکدی جیا نەدەکردەوە، بوو بە تەرمی سوارچاکێک کە برین برستی لێ بڕیوە و کەس نییە بە هانایەوە بێت و لە مەیدانی شەڕەکەی هەڵگرێتەوە، جا لە پاش ئەوەی برین خوێنی لە جەستە و خوێنبەرانی بڕی، ئەویش مەرگ بردییەوە. هەموو هاواری لێقەوماوان: "خەڵکینە، جیهان لە کوێن؟" بە فیڕۆ چوو، بە بێ ئەوەی رۆح وەبەر ئەو گەڕەکە خاپوور کراوانەی حەلەبدا بێتەوە. بەڵکوو ئەو گیانانەی لە کووچە و گەڕەکەکاندا ددانیان بە خۆیاندا گرت، ئەوانیش دەرچوون بۆ ئەوەی پرسەی رۆژهەڵاتی شارەکە لە بەر گوێ و چاوی هەموو جیهان رابگەیەندرێت.

***

نازلی مرد.

بەڵێ، بەم سادەییە.

وەک هەر ژنێکی کە لە شەڕدا دەمرێت، ئەویش مرد.

کاتێک ئەبوو لەیلا بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەکە چوو، پەرستارەکە پێی گوت:

-کارەبا بڕا، ناچار بووین لەبەر رووناکیی مۆبایل نەشتەرگەرییەکەمان کرد. تەنانەت مۆبایلەکانیشمان بە داخەوە کوژانەوە و پێویستیان بە شەحن بوو. بەر لەوەی بچێتە ژووری نەشتەرگەرییەوە من لەگەڵی بووم، سەلاواتی لە پێغەمبەر دا و گوتی "وا هەست دەکەم بۆ گەشتێکی دوور دەڕۆم و ناگەڕێمەوە. ئەگەر خودا دووبارە تەمەنی بۆم نووسی بێتەوە، لە حەلەب دەر دەچم و دەڕۆمە شارۆچکەکەم، شەڕان." کاتێک بۆردوومان دەستی پێ کرد، من لە ژێرزەمینەکەدا بووم خەریکی تیمار کردنی کوڕێکی بریندار بووم کە لە قاوەخانەی (شەعار)ەوە هێنا بوویان. بۆردوومانەکە سامناک بوو. دروست وەک ئەوەی لە فیلمدا روو دەدات. بۆچی فیلم؟ دروست وەک ئەوەی هەموو چرکە و هەموو رۆژێک لە سووریادا روو دەدات. هەستمان کرد ئیدی تەواو قیامەت رابوو، دنیا کۆتایی هات. ئاگر و دووکەڵ و دەنگی تەقینەوە تەواوی نەخۆشخانەکەی هەژاند. نەخۆش و برینداران کەوتنە هاوار و فیزاح و داوای بە هاناوە چوونیان دەکرد: فریامان کەون، فریامان کەون. ئەم وشەیەمان لە هەموو شوێنێک بەر گوێ دەکەوت، بەڵام دەبوو کێ فریای کێ بکەوێت؟

کاتێـک پزیشـــکەکان بە بۆردوومـــان مـــردن، ئەگەر پەرسـتارەکان لە بـن کەرتە سـەبی چیمەنتـۆدا نێـژران، ئیدی دەبێ کێ بە فریای کێوە بچێت؟ دکتۆر مەعاز کـوژرا، پـارچە پـارچە بـوو، هەر پـارچەیەکی کەوتە شـوێنێکەوە. دوای نیو کاژێر بە قادرمەدا سەرکەوتین، دیتمـان نەخۆشـخانەکە هەمـووی خـاپوور بـووە، یەک پاچە خوێنە، تەرم لە هەموو شوێنێک کەوتووە. من پێم وایە خـــاڵۆژن هەســـتی بە هـــیچ نەکـــرد. بەر لەوەی نەشتەرگەرییەکە بکەن، بۆردوومانیان دەست پێ کرد.

ئەبوو لەیلا پێویستی بە راڤەی زیاتر نەبوو.

ژنەکەی مرد و تەرمەکەشی وەرگرتەوە. هێشتا هەر کراسـە جەرەسـە رەنگ ئاسـمانییەکەی لەبەردا بـوو، کە بەیـانیی بەو کراسـەوە، بەر لەوەی بـۆ نەخۆشـخانەی بگوازێتەوە، لەگەڵی جـووت بـوو. پەڵە خـوێنی گەورەی مەیێو وێنەی گوڵی سـووری بە سـەر کراسـە شـەهیدە رەنـگ ئاسـمانییەکەوە کێشـا بـوو. نـازلی هێشـتا جلی نەشـــتەرگەریی نەپۆشـــی بـــوو، کاتێـک بۆردوومـــان پەلامـاری شـەوی خەمنـاکی حەلەبـی دا و هێشـووی رۆحەکـــانی چنیـــیەوە. زۆر جـــاریش پزیشـــک نەشـتەرگەریی بچووکیـان لە نەخۆشـخانەی مەیدانیـدا

دەکرد، بە بێ ئەوەی جلی نەشتەرگەری بە نەخۆش بپۆشن، کە هەمیشە دەست نەدەکەوت.

نازلی بەر لەوەی نەشتەرگەریی ڕیخۆڵە کوێرەکەی تەواو بێت، کوژرا. ئەو مرد و ڕیخۆڵە کوێرە هەو کردووەکەشی لەگەڵ خۆیدا برد.

***

دوای کوژرانی دایکی، ڕەوشی لەیلا خراپتر بوو. دۆخی دەروونیی سەیر دای دەگرت، وڕێنەی دەکرد و لە قسە نەدەکەوت، بە بێ ئەوەی پەیوەندییەک لە نێوانی ڕستە سەیر و پچڕپچڕەکانیدا هەبێت.

-لەیلا بە تەواوی شێت بووە.

ئوم محەمەدی میمکی بەرسڤی دایەوە، بەم جۆرەش پێشنیاری بۆ عەببوودی برای کرد:

-ڕات چییە بیبەینە لای خاڵوانی لە شارۆچکەکەدا، بەڵکوو هەندێک باشتر بێت و خۆی لە بیر بکات. ئاخر گوناهە وا خەریکە کچەکە لە دەستمان دەچێت.

ئەبوو لەیلا پێشنیاری ئوم محەمەدی خوشکی بە دڵ نەبوو.

-چارەنووسمان حەلەبە، من جێی ناهێڵم. با هەمووومان لێرە بمرین و لە خاکەکەیدا بنێژرێین.

-بەڵام براکەم...

-بەس و مەسی پێ ناوێ. ئەگەر لەیلا بڕوات، ئەوا بە تەنیا دەمێنمەوە و شێت دەبم. هەر یەک لە ئێوە بە ژیان و ماڵ و منداڵی خۆتانەوە سەرقاڵن، با ئەو لە لای من بمێنێتەوە، ئیە بەڵکوو خودا دەرووییەک بکاتەوە.

-ئەگەر دەرووی بکردایەتەوە، ئەوە زۆر دەمێک بوو دەرووی دەکردەوە. ساڵانێکە ئێمە هەر بەو حاڵەوەین. نە چارەسەر هەیە و نە تەڕەماش. ڕاستت دەوێ پێویستە هەمووومان دەربچین.

-بۆ کوێ دەربچین؟ بۆ زەعتەری یان بۆ عرسال؟ بۆ کەمپەکانی عەنتاب و مەرەش و هی دیکە، یان بڕۆین لە نێو دەریادا مەرگ بمانباتەوە؟ بۆ هەر کوێ بچین مەرگ و زیللەت و خەمە. لێرەدا بمرین باشترە. هیچ نەبێ بستە عەردێک هەیە تێیدا بنێژرێین.

ئەبوو لەیلا بە پێشنیاری خوشکەکەی ڕازی نەبوو. لەیلا وێڕای شێتی و وڕێنە کردنی، لە ماڵەکەی باوکی لە هەنانۆ لە حەلەبدا مایەوە، نانی ڕۆژانەی ترس و بۆردوومان و وێرانی و گرانیی لەگەڵ باوکی و خەڵکی گەڕەکەکەدا، بەش دەکرد، تا ئەو کاتەی ساچمەیەکی کوێر مەیسووونی پێکا، ئیدی لەیلا کە لە وڕێنە

نەدەکەوت، بە جـاری لاڵ بـوو. ئەوکـات بـاوکی پێـی وا بــوو دەبـێ ڕێــی پـێ بــدات بچێـتە لای خــاڵوانی لە شــارۆچکەی شــەڕان لە عەفـرین، بەڵکـوو هــیچ نەبـێ وچانێک بدات و ئازاری لەدەست دانەکانی سووک بێت.

ئەبـوو لەیـلاش لە حەلەب تەنیـا بـاڵ وەک پێـرە داری سەر گردێکی وشک و برینگ مایەوە. دارێک هەمـوو لق و چڵەکانی، هەروەها خشپەی گەڵا و هێلانەی باڵندەشی لەدەســت داوە، کە خۆشـییان پـێ دەبەخشـی، تەنـانەت سـێبەر و شـنەی شەماڵیشـی نەمـا، شـنەیەک کە بە نێو گەڵای زۆری ئەودا بە خۆشییەوە گوزەری دەکرد. ئەو ماڵەی چی دی نـازلیی هـاوژینی بۆڵە بۆڵی تێدا ناکات، لەو تاریک داهات. کپی و بێدەنگیی سامناکی ماڵەکە، بێ لە دەنگــی شــەڕ و پێکــدادان، بۆردوومــانی بەرمــیلە باروت و گیزە گیزی گوللە و دەنگی تەقینەوە، واق و ویقی ئەو ئەمبولانسانەی ماون و هاواری فریاکاران، کە تەرم و خەڵکی زینـدووی بن دار و پەردوو دەردەکەن، هــیچ شــتێکی دیـکە نەی دەشــکاند. هەمــووان، بــرا و خوشک و ڕۆڵەکانی کۆچیان کرد، ئەو هەر مکوڕ بوو کە لە مــاڵەکەی خۆیـدا بمرێـت. هەنـدێ جــار لە خـودا

دەپاڕایەوە، کە بۆمبێک بەر ماڵەکەی بکەوێت و دار و پەردوو بیشارێتەوە.

-باشترین شتی ئەم شەڕە ئەوەیە، هەر یەکەمان لە ماڵەکەی خۆیدا دەنێژرێت.

ئەم قسەیەی بەیانییەکی بارانـاوی بە یەکێ لە دراوسێیەکانی گوت. دراوسێیەکە ئاماژەی بۆ شوێنی کەوتنەوەی بۆمبێک کرد و بەرسڤی دایەوە:

-وڵاتەکە هەمووی بووە بە گۆڕستان. گوێ بگرە گوێ. ئەوە مووشەکی گرادە.

-گراد بێت یان مراد، گرنگ ئەوەیە زۆرترین خەڵک بکوژێت و ماڵەکانیان خاپوور بکات. خودا وەکیل برادەرانمان شێت بوون. براکەم چی دی ئەمە نە شۆڕشە و نە شەڕی دژ بە تیرۆر. ئەمە شێتییە، ئەم هەموو وێرانییە ماقوولە؟ ماقوول چییە؟ ئەم دەوڵەتانەش لەبەر چی ئاوێک بەو ئاگرەدا ناکەن؟ کاکە ئەوەتا لەبەر چاویان دەسووتێین و دەبرژێین. باشە بۆنی گوشتی برژاو و سووتاومان ناکەن؟

-ئەبوو لەیلا ئێستا تۆ واز لە دەوڵەتان بێنە.. بڕوانە گرووپەکانی خۆمان چییان بە ئێمە و بە یەکتر کرد. هەر گرووپە دەوڵەتێکە بۆ خۆی.

تا درەنگانی شەو نەدەچووەوەماڵەکەی. ماڵەکە تەنیا بوو بە لانەیەک تێیدا دەخەوت، رۆژی درێژ و بەشێک لە شەوی درێژیشی وەک گورگێکی تەنیا لە نێو کووچە و کۆڵانی خاپووردا بەسەر دەبرد. دەستەکانی دەخستە پشتییەوە و تەماشای پەنجەرە و دار و پەردووی شوقەگەلی خاپوور و چۆڵی دەکرد.تووشی هەندێک لەوانە دەبوو کە لە دۆزەخی بۆردوومان هەڵات بوون، ئیدی بە بێ دەنگی سەری خۆی دەلەقاند، چاوی سەر و ژوور بە ئاسمانێک کە مەرگی لێ دەباری و زەوییەک کە ویرانەی لێ دەڕوا، دەگێڕا. دەستەواژەکانی بەرگری و خۆڕاگریشی دەخوێندەوە کە شەڕوانان لە قەد دیواردا نووسی بوویان، تووشی پشیلەی لەڕ و لاواز دەبوو، کە بە دوای هەر شتێکدا دەگەڕان بۆ ئەوەی بیخۆن، سەگی بەرەڵلا کە لە نێو دار و پەردوودا بە دوای تەرمدا دەگەڕان بۆ ئەوەی تێی روو بن، قەلە رەش دەیان قیڕاند و لە سەر کەلاوە دەنیشتنەوە، برە کۆترێک کە زرمەی بۆمب و تەقینەوە شێتی کردوون، ئیدی بە ئاسماندا سەرگەردان دەسووڕێنە، بە بێ ئەوەی بە سەر هیچ سەربانێکەوە بنیشنەوە.

-مانای چییه كه تۆ دەست له گەڕەكەكەت هەڵناگریت؟ ئاخر ئەو كەللە رەقییەت مانای چییە، ئەدی دەتەوێ لێرە بنێژرێیت مانای چییه؟ بچیته هەر شوێنێك، خۆ جێیەك هەیه تێیدا بنێژرێیت. ولاتەكەمان هەر هەمووی بووەته گۆڕستان. مردوو، مردوو دەنێژێت. كوژراو شینی كوژراو دەكات. كێ هەیه فاتیحایەكت بۆ بخوێنێ؟ باشه كێ هەیه هەر بتنێژێت؟ رەنگه بەر لەوەی كەسێك خۆبەخشانه بێت بتنێژێت، ئەو سەگه برسییانه بێن و بەر ببنه گۆشتی جەستەت. رەنگه بشبیته خۆراكی ئەو قەلانەی ئاسمانی ولاتیان تەنیوەتەوە. كاتێك قەله رەش چاوانت دەكۆڵن، دیمەنت زۆر بێزەوەر دەبێت. لەم ولاتەدا مەرگی شكۆمەندانه نەماوە. كوره خۆ هیچ شتێك به ناوی ولاتەوە نەماوە. چاكتر وایه پێی بڵێین چەم و بیشەی درندان. تەنانەت مردنیش بووەته خەونێك. ژیانێك لێوانلێو له خەفەت و ریسوایی و مەرگ، هەرچەنده ئەمانه زۆریشن، هاوكات هەرزان و مایەی سەر شۆڕین. بۆچی كەمن ئەو خەڵكانەی كوژران و بۆ چەندین رۆژ تەرمەكانیان له كۆلان و شەقامدا كەوتن، هیچ كەسێكیش زاتی نەدەكرد له ترسینیشان شكێن بچێت هەڵیان بگرێتەوە؟ تەنانەت

تەرم هەبـوون لەبەر تیشـکی خـۆر شـی بـوونەوە و کەسـیش نەیتـوانی بزانێ هـی کێیە؟ کـورە خۆ سـەگی بەرەڵـڵاش ئیـدی دەمیـان ژەنییە تەرمـی خەڵکەوە. کێ باوەڕ دەکات بەم حاڵە گەیشتین، وامـان لێ هـات و بەم دەردە چووین؟ ئاااااای دنیای پووچ، ئەی پووچی کچی هەزار و یەک هیچ و پووچ.

***

رۆژ دوای رۆژ گـــوزەرانی عەببـــوودی عـــوجەیلی، ئەبوو لەیلا خراپتر دەبوو. گەلێک شتی لە بیر چووەوە. چی دی ترسی لە بۆردوومـان و گوللەی نیشـان شـکێن نەمـا. زۆر جـار بـازگەی گرووپەیلـی چەکـداری نێـو گەڕەکەکـــانی رۆژهەڵاتـــی حەلەب رایـــان دەگـــرت. چەکدارەکان داوای ناسنامەیان لێ دەکرد، کاتێک خۆی پێ دەناساندن و ئەوانیش دەیانناسی، وازیان لێ دەهێنا، هەڵبەت پاش ئەوەی رێنماییان دەکرد کە شەوان لە ماڵ دەرنەچێت و کە پێکدادان دەبێت بە کـووچە و کۆڵانـدا نەگەڕێت.

خـانووەکەی کە بە یەک ملیۆن لیـرە، ئەو کـاتەی لیـرە لیرە بوو، کڕی بوو، تاڵان کرا. دز خۆیان بە شـوقەکەی ئەو لە تەلارە نیمچە رووخاوەکەدا کرد، کە دانیشتووانی

چۆلیان کرد و دزیش ئاشتەبایان لە پاش خۆیان لە ماڵەکەدا جێ نەهێشت. ئەو پارەیەی لە نێو سندووقێکی بچووکی قوفڵ دراوی دانا بوو، ئەو بەتانیانەی نازلی بەر لە شەڕ لە تورکیا کڕی بوونی و هێشتا لە نێو جانتای نایلۆنی خۆیاندا بوون، تەلەفزیۆنەکە، سەلاجەکە، کاتژمێری قەد دیوارەکە، کەرەستەی ئاشخانە و هەموو ئامێرەکانی کارەبا، تەنانەت ئەو جووتە پێڵاوەی کە ئەو رۆژەی نازلیی بۆ نەخۆشخانەکە برد تا لە بن دار و پەردوودا بمرێت، لە پێی بوو، ئەویشیان پێچا بووەوە.

-دەستیان بە ماڵەکە، هەر هەموویدا هێناوە.ماڵیان ئاوا بێت کە سیسەمەکەیان بۆم جێ هێشتووە تا لە سەری بخەوم. دزن بەڵام حەڵاڵ زادە.

ئەمەی بە کەسێکی هاوشێوەی خۆی سەرگەردان کە دراوسێی خۆیان بوو لە کووچە کاول بووەکەدا گوت، ئەو رستە گاڵتەجاڕەی خۆی بەدەم خەندەیەکی چوون چەقۆوە گوت.

لە هاویندا بۆردوومان زۆر چڕ بووەوە، لە پاییزیشدا گەلێک سەختتر بوو، تا وای لێ هات حەلەب بوو بە یەکەمین هەواڵی ئاژانسەکانی جیهانیی دەنگ و باس. جیهان بە کپییەوە چاودێریی کاول بوونی شارەکەی

کرد. قاو و قیژی چالاکان و هاواری فریاگوزاران و پزیشکان له ڕێی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەوە، هیچ سوودێکی نەبوو. هاواری زامبەخش بوون له نێو شیوی کەڕ و کاسدا، که تەنانەت شیوەکه ئامادەی دەنگدانەوەشی نەبوو. جا ڕوون بووەوه که هەمووان دەستیان له حەلەب کێشاوەتەوه، ئەویش له لێواری ڕووخاندایه.

-فرۆشتیان..

ئەمه قسەی سەر زاری خەڵک بوو.

کێ به کێی فرۆشت؟ ئایا بەدەر له فرۆشتن حەلەب خۆی پێ ڕادەگیرا؟ ئایا ئەو گرووپه لاواز و پێک ناکۆکانه توانای بەرپەرچ دانەوەی ئەو نەفرەتەیان هەبوو که له ئاسمانێکی بەربەڵاوه دادەباری؟ ئەم پرسیارانه کەس له کەسی نەکردن. له شەڕدا لێوێک نییه توانا یان زاتی پرسیار کردنی هەبێت، نه گوێش هەیه ئامادەی گوێ لێ گرتنی بێت.

-حەلەب گیرا.

ئەو شەڕوان و خەڵکەی له گەڕەکەکانی دیکەدا ما بوونەوه، هیچ ڕێیەکی دیکەیان له بەردەمدا نەبوو بێ له

چوونە نێو کەسکە پاسەکانەوە، کە بوون بە هێمای سەرکەوتنی هێزەکانی حکوومەت .

لەو ڕۆژەی زستاندا، لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٦دا، هەندێ گەنجی سەر بە سوپای ئازاد، ئەبوو لەیلایان دیت وا لە بەردەم دەرگای تەلارێکدا وەستاوە، دەڕوانێتە ئاسمان و چاو بە دوای گریمانە فڕۆکەیەکدا گێڕ دەدات، کە دەیەوێت شاڵاو بباتە سەر گەڕەکەکە. یەکێک لە گەنجەکان پێی گوت:

-حاجی بڕۆ، خەڵکی هەموو وا دەڕۆن، دەمانەوێ گەڕەکەکە چۆڵ بکەین.

-چۆڵی دەکەن؟ بۆچی هێچتان تێدا هێشت تا چۆڵی بکەن؟

-مام حاجی من بە ڕاستمە، ئێمە دەمانەوێ بڕۆین.

-دەڕۆن؟ خێرە، بۆ کوێ؟ دەی ئێمە خۆشحاڵین کوڕەکەم، بۆ نایەن پیاڵە چایەکم لەگەڵ بخۆنەوە؟ بۆچی نایەن سڵاو لەو کاولگەیە بکەن؟

ئەو گەنجە بە پەنجەی شادەی دەستی بۆ کەللەی سەری برد و چاوی لە هاوەڵانی قووچاند و بە چرپەوە گوتی:

-حاجی لە دەستی داوە.

-لە دەستی داوە یان نا، هەر دەبێ بیبەین. بەم دۆخە ناتەواوە و بە تەنیا لە گەڕەکەکەدا بمێنێتەوە.

بەم جۆرە یەکێک لە هاوەڵانی بەرسڤی دایەوە، پاشان بە ئەبوو لەیلای گوت:

-حاجی کەس نە لەم گەڕەکە و نە لە گەڕەکەکانی دی نەماوە. تەواو، خودا وای بۆ نووسیوین، بەڵام بە ئیزنی خودا دەگەڕێینەوە.

ئەبوو لەیلا بە قسەی گەنجەکان هاتە رایێ، بەڵام بەر لەوەی دەگەڵیان بکەوێت، گوتی:

-بەڵێ بە خوا رۆڵەکانم، بەڵام ئەگەر رێم بدەن جانتایەکی چکۆلانە و هەندێک کەل و پەلم هەن، دەچمە سەرێ دەیان هێنم و دێمەوە.

-دەی مامە حاجی دەی، کەمێ پەلە بکە، ئێمە چاوەڕوانتین.

***

بەر لەوەی دە خولەک تێپەڕ بێت، ئەبوو لەیلا بە جانتایەکی بچووکی رەشەوە هاتەوە، کە زۆر توند بە سنگییەوە گرت بوو، وەک ئەوەی گەنجینەیەکی لە ئامێز گرت بێت. کپ و بێ دەنگ سواری پشتەوەی پیکابە سپییەکە بوو، کە ئەو و چەکدارانی گەنجی بەرەو

گەڕەکی سوککەری رفاند، کە کۆمەڵێک پاسی کەسک وا لە چاوەڕوانیدان بۆ ئەوەی دواتر بە پێی رێککەوتنی واژۆ کراو، سەرنشینانیان بەرەو دەروازەی راموسە ببات.

لە پشتەوەی ئۆتومبیلەکەدا، کە قوڕی رەنگ خاکی لە بن تایەکانییەوە دەر دەپەڕی، پیرەژنێکی تێدا بوو جبەیەکی رەشی پۆشی بوو، تەنیا دەموچاوی دیار بوو، ئەویش وەک کەرتە شاخی رەق و تەق وا بوو، سیمایەکی زبری دەنواند و توند دەستی بە کیسێکەوە شەتەک دا بوو، کیسەکە لە سەری نووسرا بوو: رووسیا لەگەڵتانە. ئەبوو لەیلا دەستەواژەکەی خوێندەوە و خەریک بوو لە تریقەی پێکەنین بدات، لەو کاتەی چاوی بە نێو دار و پەردووی گەڕەکدا گڕ دەدا، کە ئۆتومبیلەکەی دەیبڕی و ئەو دەستەواژەیەی بینی کە لە سەر کیسە کۆمەکەکەی رووسیا نووسرا بوو.. چ قسەیەکی نەکرد، تەنانەت سڵاوی لەو پیرەژنەش نەکرد، کە ئەویش لەو کاتەدا وەک ئەم سەرقاڵی خەم و خولیاکانی خۆی.بزەیەکی تاڵیان ئاڵوگۆڕ کرد، وەک ئەوەی رێککەوتنێکی پێش وەختەی نێوان هەردووکیان بێت، پێیان باش بوو هیچ کامیان ئەوی دیکەیان

نەدوێنێت. وەک ئەوەی بزانن لە چرکەساتی کوشندەی وەک ئەوەی ئەمان، وشە چ سوودێکی نییە، بێدەنگیش لە هەر قسە و گوفتارێکی دی ڕەوانترە.

ئەبوو لەیلا لەو تەلارە نیوە خاپوور کراوەی ڕوانی کە ئوتومبیلەکە لێی دوور کەوتەوە. چاوانی تەڕ بوون. پیستی دەموچاوی گرژ بوو، لەو کاتەی چاوەکانی وێک دەنا و لە هەوڵی ئەوەدا بوو لە ئاست ئەو دیمەنەی لە بەر چاوی ون دەبێت، قەپاتیان بکات: ئەو شەقامە خامۆشەی کە ماڵە تاڵان کراوەکەی ئەو لە نێو تەلارێکیدایە، تەلارەکەش نیوەی لای سەرەوەی خاپوور کراوە.

لەو چرکەساتانەدا هەستی کرد چەند دەستێکی زبر وا خەریکە دڵی بە دڵەکوتێ کەوتووی دادەماڵن. لە لای چەپی سنگی هەستی بە ئازارێکی سەخت کرد. بە هەردوو مەچەکی بە هەرچی تینی کە هەی بوو باوەشی بە جانتاکەدا کرد و بە سنگییەوە گوشیی، وەک ئەوەی ئەو ئازارە کتوپڕە بە جانتاکە چارەسەر بکات. هەوڵی دا چاوەکانی کراوە بن و لە کووچەکە بڕوانن، کە لە ئان و ساتی ئەوەدا بوون ببنە شتێک لە ڕابردوو. شنەیەکی سارد هەڵی کرد، ناچاری کرد چاوانی لێک

بنێت، ئیدی جووته فرمێسکێکی گەرم دابەزین و بە سەر گۆنای ساردی شۆڕ بوونەوە. جووتە فرمێسک بە سەقەمی کانوون سارد بوونەوە و هەستی بە چزەیان کرد. لێی گەڕان شۆڕ ببنەوە بە بێ ئەوەی بیانسڕێتەوە. نەیویست جانتا گەنجینەکە جێ بهێڵێت، تا دوا جار گەیشتە ئەو شەقامەی کە پاسەکان وەک باریکە ڕێیەکی سەوزەڵانی گژ و گیا، ڕێچکەیان بەست بوو، دڕی بە شەقامێکی گەرەکی سوککەری لە شاری حەلەب دا بوو، کە بە نێو کەلاوەی وا پێ دەچوو بێ کۆتادا، ڕاکشا بێت.

# بەشی حەوتەم

ئەبوو لەیلا سووکە تەماشایەکی جانتایەکەی کرد کە لە تەنیشتی خۆی دانا و دەستی پێدا هێنا، وەک ئەوەی بیەوێ دڵنیا بێت کە ها لەگەڵی، پاشان سەری هەڵبڕی بۆ ئەوەی لە پەنجەرەکەوە بڕوانێتە دەرەوە، دیتی دیسان هەڵم دای گرتووە، بە قۆڵی پاڵتۆکەی سڕییەوە، بە وردی سەرنجی دا، کە بەر لە کەمێک جم و جووڵەیەکی زۆری خەڵکی ئاوارە و شەڕوان بەدی دەکرا.

بێ لە بێدەنگی و دار و پەردوو، هیچ شتێک لەو گوزەرەدا نەما. ناوچەکە وەک گۆڕستانێکی جێماو دەهاتە پێش چاو. هەمووان چوونە نێو ئەو کەسکە پاسانەی چاوەڕوانیان بوون. لە پڕ بزوێنەری پاسەکە

سەر لەنوێ کەوتەوە مرەمر و بە دوای پاسەکانی پێش خۆی کەوتە جووڵە. شوفێرەکە هەر بێدەنگ و مڕ و مۆچ مایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەستی بۆ سیدییەک برد و خستییە سەر ریکۆردەری ئوتومبیلەکە، بۆ ئەوەی سترانبێژێکی بە ناوبانگی سووریا دەست بە گۆرانییەکەی بکات:

شکۆت ئەی قەڵای حەلەب لە سەر تەوێڵی خۆردا نووسرا

بورجانت ئاشقی شەماڵن و خاکەکەت بە خودا زێڕە

ئەبوو لەیلا سەری لەقاند و بە بێ ئەوەی کەس بیبیستێ گوتی:

بورجانت کەوتنە عەرد و خاکەکەت خوێنە حەلەب

لە بەری لای چەپی سنگی هەستی بە ئازارێکی سەخت کرد کە پێشتر نەی دی بوو.

کاتێک کەسکە پاس هەندێک دوور کەوتەوە و ئەو شەقامەش لە چاو ون بوو، کە لە بەیانییەوە قافڵەی کەسکە پاسان ریزی تێدا بەست بوو، ئەبوو لەیلا بێ ئاگا لە سەرنشینانی دی و خەمەکانیان، دەستی بۆ یەکێ لە گیرفانەکانی پاڵتویەکەی برد و کۆمەڵە وێنەیەکی دەرکرد و کەوتە تەماشا کردنیان. ویستی بە

گەش و برشـیی رابـردوو بەرەنگـاری دژواریـی ئێسـتا ببێتەوە، مەبەسـتی بوو خەمی چرکەساتی هەنووکە بە شـادیی ڕۆژانـی بەرێ قەرەبـوو بکـاتەوە، هەڵبەت چی دیـکەی لە بەردەمـــدا نەبـــوو بـێ لەوەی لە ڕێـی ئەو گرتـانەی کە مۆبایـل و کـامیرای یەکسـەر و شـتی دی گرت بوونیان، گەشتی بەرەو ڕۆژانی بەسەرچوو بکات.

بەر لە هەمـــووان وێنەکـــانی عەبدولناســری کـــوڕی دەرکەوتن، کە لە شەڕی کەمپەکان لە بەیرووت کوژرا. بەڵەک بەدلەیەکـی لەبەر بـوو، بەدلەی هێـزی تـایبەتی سـووریا، بێریەیەکی سـوور ڕەنگی لە سـەردایە کە بە لای راســـــتدا لاری کـــــردووەتەوە، لە پێشەوەشـــــی هەڵۆیەکی گەورەی زێـڕین دەبریقێتەوە. عەبدولناسـر بە شـــێوەیەکی شـــکۆمەندانەی لایەق بە گەنجێـک کە لە بەرایی تەمەنیدایە، راوەستا بوو، وەک نەریتی گەنجـانی ئەو سەردەمەش، هەردوو دەستی لە کەلەکانی گیر کرد بوون.

هێدمەیەکی ئازار بەخش بوو، کاتێک هەواڵی شەهید بـــوونی کـــوڕەکەی لە بەرەدا پـێ گەیشـــت. بەم جـۆرە هەواڵی کوڕەکەیان بۆ گواستەوە کە لە بەرەی شەڕدا نەکـــوژرا بـــوو، بەڵکـــوو بەشـــداریی لە هێرشـــەکەی

بزووتنەوەی تەمەل کرد بۆ سەر بورجی بەراجنە، کە سەرەنجام گوللەی نیشان شکێنێکی فەلەستینی بەر سنگی کەوت و لە مەیدانی شەڕەکەدا گیانی سپارد.

دایکی بۆ ماوەی دوو ساڵ جلی ماتەمی دانەکەند، لە ماوەی حەوت سەد رۆژ خەمی بەردەوام، رێی بە مێردەکەی نەدا لێی نزیک بێتەوە.

ئەبوو لەیلا هەناسەیەکی هەڵکێشا، پاشان وێنەکەی لە سەر کورسییە بەتاڵەکەی تەنیشتی خۆی دانا و وێنەکەی دوای ئەوی دەرهێنا.

وێنەی عومەر دەرکەوت، لێو بە خەندە و کراسێکی سپیی لەبەردایە کە تا نیوەی دوگمەکانی کراونەتەوە، تەنکە ریشێک و پرچێکی نیمچە درێژیش دەموچاوی باریکیان داپۆشیوە. عومەر لەو وێنەیەدا لە بەردەم دەروازەی قەڵای حەلەب وەستاوە، بە تەنیشتییەوە، وەک پێ دەچێ، گەشتیاری بیانی وەستاون و بە دەم کامیراوە پێدەکەنن. وا بە خەیاڵی ئەبوو لەیلادا هات، کە وێنەکە وەرگێڕێ و تەماشای پشتی بکات. رستەیەک بە دەستی عومەر نووسرا بوو، وێنەکەی رازاند بووەوە. ئەبوو لەیلا پشتی وێنەکەی هەندێ لە دووری چاوی راگرت، ئەوجا چوون چرپە کەوتە خوێندنەوەی

"بیرەوەری چەقۆیە، رەنگە هەندێک جار خۆمانی پێ بکوژین." دیسان ئەبوو لەیلا وێنەکەی هەڵگەڕاندەوە، کەوتەوە تەماشا کردنی روخساری لێو بە خەندەی کوڕەکەی.

عومەر خوێندکاری کۆلیژی ئەدەبیات بوو، زمانی فەرەنسیی دەخوێند و شەیدای راو کردنی گەشتیارانی فەرەنسی بوو، خۆبەخشانە ئامادە بوو بۆیان ببێتە رابەر گەشتیار بۆ ئەوەی زمانە فەرەنسییەکەی بەهێز بکات. ئەوانی دەبردە حەلەبی دێرین و حەوت دەروازەکەی و قەلا و بازاڕەکانی نزیکی ئەوێ و خانەکان، تا لە بابەتی گەشتیاریدا بوو بە مامۆستا و زمانە فەرەنسییەکەشی زۆر باش بوو. چەند کۆترێک لە لای سەرەوەی وێنەکە دەرکەوتوون، بە کۆمەڵ بە سەر مزگەوتی کلتاویە لە باکووری رۆژهەلاتی قەلاکەدا دەسووڕێنەوە. وا دیارە کۆترەکان زۆر ئارام و بە بێ ئەوەی ترسی هیچ شتێکیان هەبێت، بە ئاسماندا دەسووڕێنەوە، بە پێچەوانەی ئەو کۆترانەی ئەبوو لەیلا لەم رۆژانەی دوایی دەیبینین، کە هەر یەکەیان لە ترسی دەنگی تەقینەوە، بە لایەکدا دەفڕێت.

وێنەکەی هەڵدایە تەنیشتی خۆی، کە بەر لە ماوەیەکی کەم وێنەی کوڕی گەورەی، عەبدولناسر لەنگەری گرت و وێنەی سێیەمی راکێشا: وێنەی عاسمە کە چاکەتی رەنگی پرتەقاڵیی فریاگوزاری لەبەرە، پاش ئەوەی گەیشتە خاکی یۆنان. وێڕای ئەو شەکەتییەی بە سیمای روخساییەوە دیار بوو، عاسم زۆر دڵشاد دەهاتە پێش چاو. هەردوو دەستی بە هێمای سەرکەوتن بەرز کردووەتەوە، وەک ئەوەی تازە لە شەڕ دەرچوو بێت. لە پشتی ئەویشەوە بەلەمێکی پلاستیک دیارە، شەپۆلی دەریا هەڵبەز و دابەزی پێ دەکات، هەروەها کۆمەڵێک چاکەتی فریاگوزاریش دیارن، کە خاوەنەکانیان دایان کەندووون و تووڕیان هەڵداونەتە سەر لمی کەنار، بە دوای ئەوەشەوە دەریایەکی بێ کۆتای شین رەنگە.

ئەبوو لەیلا ئاهێکی وەبەردا هاتەوە. هەستی کرد ئەوە گەیشتووەتە ئەوروپا، لە گێرمە و کێشەی ولاتەکەی کە شەڕ هاریویەتی، رزگاری بووە. وێنەی ئەو کورەشی کە ژیی سەرکێشیی دەژەنی، لە تەنیشتی خۆی دانا، پاشان تەماشای وێنەی دواتری کرد: وێنەی عەلییە و وا بزق دەژەنێ.

لەوەدا بووو ئەبوو لەیلا گوێی لە ژەنینی کوڕەکەی بێت. لەوەدا بوو ئەو مەقامەش بناسێ کە ئەو دەیژەند. بەڵێ، عەلی شەیدای ژەنینی ئاوازەکانی فەیرۆز بوو، بە تایبەتی گۆرانیی "ئەڤین لە دووریانی شەیودا بۆمانی هەڵکرد."

-ئەڵلا، ئەڵلا، ئەڵلا.. ژەنینت چەندە خۆشە عەلی.

ئەبوو لەیلا ئەمەی لە دڵی خۆیدا گوت و وێنەکەشی لە تەنیشتی خۆی دانا، پاشان لە پەنجەرەکەوە تەماشای لێشاوی کەلاوەی دار و پەردووی کرد، کە کەسکە پاس بە سەرنشینانییەوە بە نێویدا تێپەڕ دەبێت، ئەوانیش بێدەنگیی قووتی داون و بونەتە مرۆڤ کەلاوە.

سام گرتی کاتێک دیتی تاریکی وا گەڕەکە کاول کراوەکانی تەنیوەتەوە کە پاسەکە گوزەریان پێدا دەکات. کات پێش نیوەڕۆیە، ئەدی ئەم تاریکییە چییە؟ ئەبوو لەیلا ئەم پرسیارەی لە خۆی کرد و چاوەڕوانی وڵامیش نەبوو.

شتێکی سەیر بوو، وا زوو تاریکی دا بێت. کات نیوەڕۆیە. ئەبوو لەیلا تەماشای کاتژمێرە مارکە سایکۆ شووشە رەنگ شین و ژمارە فسفۆرە کۆنەکەی خۆی کرد. کاتژمێرەکە دوازدە و دە خولەکی پیشان دەدا.

راستە دنیا هەورە و هەندێ کرێوەش دەکات، بەڵام هەرچەندی هەور چڕ و باران بە لێزمەی بێت، ئایا دەکرێ بەم زووییە ئا بەم شێوەیە تاریکی دا بێت؟

ئەبوو لەیلا چی دی بیری لە هۆی زوو داهاتنی ئەو تاریکییە کتوپڕە نەکردەوە، دەستی برد وێنەیەکی نوێی لەو وێنـــانە راکێشـــا کە بەر لە تۆزێـــک بە پەلە لە شوقەکەی هێنانی.

کپە ئاهێکی هەڵکێشا و وێنەی دواتری لە چاوەکانی نزیک کردەوە، ئەو چاوانە دیتنی کەلاوە ماندووی کرد بوون، دیتی رەنگین وێنەیەکی زاواکەی، دکتۆری نەشـــتەرگەر فەرهـــادە، کە لەگەڵ لەیـــلا و هەر ســـێ رۆڵەکەیان لە ستۆدیۆیەکی وێنەگرتن لە شارۆچکەی منبج وەستاون.لەیلا مەیسوونی کچە بچکۆلەی تەمەن دوو ساڵانی لە باوەش گرتووە، کە کڵاوێکی سپیی خوریی لە سەرە، هەردوو پێی بە بێ پێڵاو و بێ گۆری بەرەو خوار شۆڕ بوونەتەوە، کامیرانیش لە بەردەمی کامیراکە وەستاوە و سیمای پێکەنیناوی بە روویيەوە دیارە، هەرچی ئالان بوو ئەوا لە نێوان هەردوو لاقی باوکی لێو بە خەندەی وەستا بوو، بە چاوێکی توورەوە لە کامیراکەی دەڕوانی.

ئەبوو لەیلا کەڵە پەنجەی زبری خۆی بە سەر روخساری نەرم و نیانی مەیسوون لە وێنەکەدا هێنا، پاشان کەڵە پەنجەی بە سەر جووتە پێی پەتیی ئەودا هێنا، وەک ئەوەی بیەوێ گەرمیی پەنجەکەی بۆ پێیەکانی مەیسوون بگوازێتەوە. سەرنجی لە جووتە چاوی جوانی کچە تاقانەکەی دا، کە ئەویش لە پاش کوژرانی کچە تاقانەکەی، عەقڵی لە دەست دا و چووە ماڵی یەکێک لە خاڵوانی لە شەڕڕانی نزیک لە عەفرین و عزاز، کە عەلی، برای لە خۆی گەورەتر پێش ئەو چوو بووە ئەوێ. ئەو رۆژەی وەبیر هاتەوە کە هەلیکۆپتەر بە بەرمیل گەڕەکی مەساکن هەنانۆی بۆردوومان کرد، سامناکیی ئەو رۆژە رەشە و دواتری هاتەوە بیر، دڵی تەنگ بوو، هەر زوو وێنەکەی لە بەر چاوی خۆی لا دا، ئەمیش دوایین وێنە بوو.

ژانێکی لەوەی یەکەم توندتر لە سنگی دا، دیسان گوێی پێ نەدا. لە شووشەی پەنجەرەکەوە، ئاوڕێکی خێرای بە لای دەرەوە دایەوە، دیتی تاریکی لە جاران چڕترە، تا رادەی ئەوەی دنیا وەک بڵێی بە قەتران رەنگ کرا بێت.

-رەنگە بە هۆی سەرماوە بێت.

ئەبوو لەیلا ئەمەی بە خۆی گوت، پێشی وا بوو پەردەی پەنجەرەکە هۆی ئەو تاریکییەیە کە بە چاو دەیبینێ. کاتێک دیتی پەردە دانەدراوەتە، بەڵکوو کاتێک دیتی پاسەکە لە بنەڕەتدا هیچ پەردەیەکی نییە، گەڕایەوە سەر دوایین وێنە، کە بە خەم و خۆشەویستییەوە لێی دەڕوانی.

***

پاش چەند خولەکێک لە دەرچوونی، پاسەکە بە راستەڕێیەکدا رۆیشت، کە نە بە لای راست و نە بە لای چەپدا دەسووڕایەوە. ئیدی لە کپ بوونی سەرنشینان را دەرکەوت، کە ئەوان یان لەبەر ماندوویی و شەکەتی نووستوون، یان ئەوەتا ئیدی روویان لە قسەی ناخ و هات و هاواری بیر و بۆچوونەکان کردووە، کە ماتن و دەنگیان نایێ.

بێ لە بێدەنگی، هیچ شتێکی دی لەو بەیانییە خەمبارەدا لە سەرنشینانی چەکدار و سڤیل نەدەوەشایەوە، کە بە پێی رێککەوتنێکی نێوان یاریزانانی گەورەی دوایین گۆڕەپانی شەڕ لە حەلەب، ناچار کران شارەکەیان چۆڵ بکەن. شەڕوانانی دڕ و نەترس، بێ لە ملکەچی بۆ ویستی هاوپەیمانانی مەزن

چـی دیکەیـان لە بەردەمـدا نەبـوو، ئەو یاریزانـانەی سەرپەرشـتیی بۆنـدی فرۆشـتنی شـار و گەڕەک و گـرووپ و شـۆڕش و شۆڕشـگێڕان و تەنـانەت ویژدانانیشیان وەک کالایەک بۆ سازش، دەکرد.

ئەبوو لەیلا، لەو کاتەی پاسەکە کەوتووەتە ڕێ، هەر خەریکـی تەماشـا کردنـی ئەو وێنـانە بـوو، کە بەر لە کەمێک بە خێرایی و بەر لەوەی مـاڵەکەی جێ بهێڵێت، دای مـاڵین. هەنـدێک لەو وێنـانە بە قەد دیـوارەوە هەڵواسـرا بـوون، کەچـی هەنـدێکی دیکەیـان بە قەد ئاوێنەکانەوە کرا بوون، لە نێوان چوارچێوەی دارین و شووشـەی ئـاوێنەدا، گیـر کـرا بـوون. وەک ئەوەی بەشـێکی ڕۆحـی خـۆی داماڵێت، ئەوانـی دامـالی، نەک لەوێ بمێننەوە و لە پاش خۆی تالانکەران تالانی بکەن.

ئەو ڕوونـاکییە کـزەی نێـو پاسـەکە بـواری بینینـی دوایین وێنەی دا، کە لە نێو دەستانی ئەبوو لەیلادا بوو. ئەمەش وێنەیەکـی ڕەش و سـپی بـوو، خـۆی زاوایە و بـووکەش نـازلیی کـچە کـوردە، لە ئـاهەنگی ڕۆژی زەماوەنـدی خۆیـانن، پـێکەوە لە سـەر قەنەفەیەکـی بچووک دانیشـتوون، مـافوورێکیش بە قەد دیـوارەکەوە هەڵواسـراوە، وێـنەی ئاسـکی تێـدایە کە لە مێرگێکـی

جوانی نزیک کانیاوێک وا دەلەوەڕێن. نازلی کراسی سپی بووکێنیی لەبەردا بوو، نیشانەی شەرمی تێکەڵ بە خۆشی بە روخساری خڕ و خۆڵ و جوانییەوە دیار بوو، هەندێک ژنیش بە چەپلە و لێو بە خەندەوە، دەوریان داوە.

کاتێک ئەبوو لەیلا لەو دە خولەکەی لە نێو ماڵەکەدا خەریکی گەڕان بوو،بیری لە گران بەهاترین شتێک کردەوە کە لەگەڵ خۆیدا بیبات، هیچ شتێکی نەدی بێ لەو وێنانەی هەنووکە بە شەوقەوە تەماشای کردن و ئەو کراسەش، کە نازلی بۆ دەیان ساڵ لە نێو کانتۆرەکەیدا پاراست بووی، بەهادارتر بێت. زۆر کەم بووک هەبوون کە بەخت یاوەریان بێت و شوو بە پیاوی دەوڵەمەند بکەن و خەونە کراس بپۆشن، ئەوانی دی بە هەر کراسێک رازی دەبوون، پۆشینی کراسی سپی لە نێو جڤاکی گوندنشیناندا باو نەبوو، تا بڵاو بوونەوەی تەلەفزیۆن لە سەرەتای ساڵانی حەفتای سەدەی بیستەم، پاشان ئەو کراسە بوو بە پێویستییەکی زەماوەند.

نازلی لەگەڵ دایک و باوکی چوونە حەلەب، بە گوێرەی ئەوەی شەوێکیان بۆ مێردەکەی گێڕایەوە،

فستانە سپییەکەی لە فرۆشگایەکی بە ناوبانگی قەیسەریی شارەکە لە نزیک قەلا کڕی. ئەو فستانەی هەڵبژارد کە دایکی پێی وا بوو رووتە، چونکە هەردوو مەچەکی بە دەرەوە بوون، بەلام ئەو سوور بوو کە هەر ئەو فستانە بکرێت نەک یەکی دی. پاش مشتومڕ، دایکە ملی بۆ خواستی کچە بەنازەکەی کەچ کرد.

سۆپرایزەکە لە لای کەس و کاری عەببوودی عوجەیلی و لە لای ئەویش، گەورە بوو. ئەو ژنانەی ئامادەی زەماوەندەکە بوون، سەریان لە شۆخ و شەنگیی بووکەی کورد، نازلی سوڕ ما. ئەوان بەرانبەر بە دوو قۆلی رووت و کراسە جوانەکەی و تەسریحەی قژ و ماکیاژەکەی سەریان سوڕ ما. زەماوەندەکەی عەببوود و نازلی تا چەند مانگێک قسەی سەر زاری خەڵک بوو.

* * *

پاش چەند خولەکێک لە جێ هێشتنی گەڕەکی سوککەری، پاسەکە بە هێواشییەکی سەیر دەڕۆیشت، دەنگی بزوێنەری نەما، بە بێ ئەوەی ئەبوو لەیلا ئاگای لێ بێت. ئەو نقومی نێو رامان لە وێنە دڵگیرەکانی بوو، کە لە ماڵەکەیدا لەوان گران بەهاتری نەدیت، ئەو ماڵەی

دزانی جەنگ تالانیان کرد و وێنەکان و هەندێک شتیان جێ هێشت، کە ڕەنگە پێیان وا بێت بچووک و بێ کەڵکن، یان کاتی تەواویان نەبوو ئەوانیش بپێچنەوە و دەگەڵ خۆدا بیانبەن.

بە هێواشی دەستی بۆ ئەو جانتایە برد کە فستانەکەی نازلیی تێ پەستا بوو، دەری هێنا و خستییە باوەشی خۆی و چاوانی نووقاند، وەک ئەوەی بە سەر گەنجینەیەکی پیرۆزدا قەپاتیان دەکات. بە نەرمی و سۆزەوە دەستی بە فستانەکەدا دەهێنا، بە گوڕ و گەرمییەوە لە ئامێزی دەگرت، بۆنی سەردەمی ئاوا بووی لێ دەکرد و لێی دەڕوانی، وەک ئەوەی بیەوێ ڕابردوو بە هەموو وردەکاریی پڕ لە شادیی لەبیر چووی، زیندوو بکاتەوە .

یادەوەری وەک پاسێکی کەسک کە بە نێو کەلاوەی شارێکی جێماودا گوزەر بکات، بە خەیاڵیدا گوزەری کرد.

ئەبوو لەیلا ئاوڕی لای ڕاستی دایەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕێیە بناسێتەوە کە پاسەکەی پێدا تێپەڕ دەبێت، بێ لە تاریکی چ شتێکی دیکەی نەدیت. لەگەڵ ئاهێکی قووڵدا، خۆی لە سەر کورسییەکە ڕاست کردەوە، پاشان ئاوڕی

لای چەپی دایەوە، ئاوڕدانەوەیەک بۆ ماوەی چەند خولەکێکی کەم لاڵی کرد، تۆقی و ئەترەشی چوو، باوەڕی نەدەکرد.

هاوژینەکەی، نازلی بە کراسی جەرسەی رەنگ ئاسمانییەوە بوو، کە رۆژی نەشتەرگەرییەکە لەبەری کرد و چەند پەڵە خوێنێکی ئاڵی پێوە دیار بوو. ترس کەڕ و کاسی کرد. ماوەیەک تەماشای کراسەکەی دەکرد و تاوێکیش تەماشای روخساری، کە بزەیەکی خەمناک دای گرت بوو. بە چاوێکی پڕ لە گلەیی زۆرەوە نازلی لێی دەڕوانی. کاتێک ویستی قسە بکات، نازلی گوتی:

-کەنگێن دەگەین؟

ئەبوو لەیلا لە شوێنی خۆی سڕ بوو. بە دەنگێکی لەرزۆک بەرسڤی دایەوە، بە بێ ئەوەی چاوی لە ژنەکە هەڵگرێ، کە بە تەنیشتییەوە دانیشت بوو:

-نازانم.

نازلی دەستی درێژ کرد و دەستی زبری ئەوی گرت و بە خۆشەویستییەوە دەستی پێدا هێنا.

-دەزانم تۆ ترساوی و لە خۆت دەپرسی ئاخۆ چۆن توانیم لەگەڵ تۆ بێم؟ عەببوود هەمووومان مردووین، تۆ

لە من مردووتری. من دەزانم تۆ پێویستت بەوەیە کە نەمری، بەڵام تۆش وەک من مردووی. کاتێک بە قادرمەدا بۆ ماڵی سەرکەوتی وێنەکان و کراسی بووکێنیی منت هێنا، من تۆم بینی. من زۆرم پێ خۆش بوو کە دوای مردنیش تۆ منت خۆش دەوێت. کاتێک تۆ چوویتە نێو پاسەکە و جانتاکەشت پێ بوو، کە کراسی بووکێنیی منی تێدا بوو، من تۆم دیت. بڕیارم دا لەگەڵ تۆ بێم. ئەبوو لەیلا رۆحم بەرگەی جیا بوونەوەی تۆ لە حەلەبی نەگرت. ئێمەی کە بە بۆردوومان دەمرین، ناتوانین بمرین. مەبەستم ئەوەیە شتی کتوپڕ بوارمان نادات بیر لە مەرگ بکەینەوە. هەر زیندوو دەمێنینەوە و چاوەڕوانی گەڕانەوە دەبین بۆ ماڵەکانمان. هەزار گۆڕ و هەزار کۆمەڵە خۆڵ ناتوانێ گڕی ئاگری کڵپەی دەروونمان دابمرکێنێتەوە. هەوڵ دوای هەوڵ دەدەین و درێژە بە هەوڵەکانمان دەدەین تا دەگەڕێینەوە، مەبەستم ئەوەیە تا رۆحمان وەبەر دێتەوە.

ئەبوو لەیلا هەستی کرد دەستی ژنەکە وەک بەفر ساد و سڕە. گەرمیی ژیانی تێدا بەدی نەکرد. تەماشای چاوانی کرد، ئەو شەوقەی تێدا بەدی نەکرد کە هەرچەندی تێی رابمابا، بەرەو قووڵایی حەزی دەبرد.

هەستی نەکرد پرشنگی خۆشەویستییان لێ دەبارێ، وەک هەموو جارێ کە بە جووتە لە ژواندا دەبوون.

ئاخر ئەمە چۆن وا دەبێت؟ ئەمەی لە خۆی پرسی، بەر لەوەی بەرسڤی هاوسەرەکەی بداتەوە. هەر کە گوێی لە ئاوازێکی خۆشی ژەنینی بزق بوو کە لە کورسییەکانی پشتەوە دەهات، ترسەکەی کەمێ نیشتەوە. نازلی بزەیەکی مردووانەی هاتێ. ئاوڕی لای دواوەی دایەوە و چرپاندییە گوێی و گوتی:

-ئەوە عەلیی کوڕتە.

-عەلی؟

ئەبوو لەیلا هەستا و ئاوڕی لای دواوەی دایەوە. دروست عەلیی کوڕی بوو، ئاوازێکی خەمناک لە ئاوازەکانی چیای کوردان لە عەفرینی دەژەنێ. سەرسام بوو کاتێک دیتی لەیلای کچی مەیسوونی بە نووستوویی لە ئامێز گرتووە، هەردوو کوڕەکەشی کامیران و ئالانیش بە تەنیشتییەوەن، زۆر شەکەت دیارن. لەوەدا بووبووریتەوە، شالاوی پرسیار هورووژمی بۆ هێنا: من لە کوێم؟ باشە ئەم پاسەی تەژی بوو لە ئاوارەی حەلەب بە شەڕوان و سڤیلەوە، چۆن بوو بەو پاسەی تەنیا خێزانەکەی مدی تێدا بێت؟ ئایا

منـیش مــردووم؟ یــان مەیســوون و نــازلی زینــدوو بــوونەتەوە؟ ئایــا بە بــێ ئەوەی مــن هەســتم بــکەم، ئەوانـیش هــاتنە نێـو پاســەکەوە؟ ئایـا ئەوەی دەیبیـنم راســتییە یــان خێــو؟ ئایــا ئەمەش پەشــێوییەکە لەو پەشێوییانەی کە لەم رۆژانەی دوایی لە حەلەبدا تووشم دەبوون؟ ئایا ئەمە گۆڕانێکە؟ ئایا هەمـوو ئەو شـتانەی لەم چەنــد مــانگەی دوایــی تەمەنــم روویــان دا، هەر لە مردنی ژنەکەم، بەر لەویش کچەزاکەم بە بۆردوومـان و شــوێن بــزر کردنـی زاواکەم بە دەســتی داعـش و بـێ ســۆراغیی عــومەری کــوڕم، وەهــم و خەیــاڵی رووت بــوون، یــان ئەوەی ئێســتا دەیبیـنم وەهــم و خەیـاڵ و پەشـێوییە؟ ئەدی ئەوەیـان کێـیە؟ وای، عاسـمە، جـل و بەرگەکەی ئاوی لێ دەچۆڕێتەوە، هێشـتا هێڵەگی رەنگ پرتەقــاڵیی فریــاگوزاری لەبەردایە و بە خەمبــارییەوە گـوێ لە ژەنیـنی بـراکەی دەگرێت. ئەدی ئەو نەگەیشـتە یۆنان؟ ئەو بۆ خۆی تەلەفۆنی بۆم کرد کە گەیشتووەتە خاکی یۆنان و لە شەپۆلی شێت و هاری دەریا رزگاری بووە! ئەدی ئەوەی تەنیشتی؟ عەبدولناسری کوڕمە، کە بەر لە نزیکەی سی ساڵ بە دەستی خۆم ناشـتم. وەک تەرمێکـی ســارد و ســڕ و خلّتـانی خـوێن لە بەیـرووت

هاتەوە، بە گوتەی ئەو ئەفسەرەی تەرمەکەی رادەست کرد، ئەو بە گوللەی نیشان شکێنێکی فەلەستینی کوژرا بوو. ئەوەتا کتێبێکی بە دەستەوەیە و بە گرژییەوە لاپەڕەکانی هەڵ دەداتەوە.

ئەبوو لەیلا لەوەدا بوو لە پەرۆشیدا بانگی کوڕەکانی و کچەکەی بکات، بەڵام نازلی دەستی گرت و داوای لێ کرد دانیشێت.

-هەموویان لەم پاسەدا لەگەڵ خۆمانن. دوایی دەیان بینی. وەرە قسەم بۆ بکە، لە نەخۆشخانە چیم بەسەر هات؟

هێزێکی نادیار و ئەفسوونێک لە دەنگی کەمێک گڕ هەڵگەڕاویدا بوو، کە پێ دەچوو سەرما لێی دا بێت، ئەویش بەری بەو دەنگە ئەفسووناوییە پێ نەدەگیرا. ئەبوو لەیلا هەستی کرد بڕیاری رەت کردنەوەی لەدەستدا نییە، هەر دەبوو گوێڕایەڵی فەرمانی ژنەکەی بێت. دووبارە هەستی کرد دەستی سارد و سڕە، ژیانی تێدا نییە، بەڵام ئەو دەنگە! ئەو دەنگە هی مرۆڤێک نییە ئەگەر رۆحی لەبەردا نەبێت.

ئەبوو لەیلا لەو دانیشتنەیدا سەرسام ما بووەوە. قسەی نەدەکرد. بە وردی گوێی لە ژنەکەی راگرت بوو،

وای پیشـان دەدا کە ئەو ئامـادەیە گوێ لە چیرۆکەکەی بگرێت.

***

"عەبە گیـان، پـاش ئەوەی تـۆ بـۆ مـاڵ چـوویتەوە، پەرسـتارەکە منـی بـرد پۆشـاکی نەشـتەرگەریم لەبەر بکـات. برینـدارێکی یەکجـار زۆر لەوێ بـوون. لە نێـو ژوور و ڕێڕەوەکانـدا پەسـترا بوونە سـەر یەک. خەڵک هەبـوون دەمـردن و کەسـیش نەبـوو فریایـان بکەوێت. پەستاران هاواریان دەکرد: خوێن، خـوێن، پزیشـکانیش لەم سـووچەوە بـۆ ئەو سـووچ ڕاکە ڕاکیـان بـوو. خەڵکیشـم بینی بـۆ خـوێن بەخشـین هـات بـوون. دنیـا تاریک بوو، منیش ئازارێکی زۆرم هەبوو. ترسـام بەر لەوەی نەشـتەرگەرییەکەم بۆ بکەن، ڕێخۆڵە کوێرەکەم بتەقێت. بە پەرستارەکەم گوت: کچەکەم خودا دەست بە بـاڵتەوە بگرێـت، دە ڕزگـارم بـکەن ئیـدی خـۆم پـێ ڕاناگیرێت. گوتی، میمی تا ژووری نەشـتەرگەری ئامـادە دەکەن، ددان بە خۆتـا بگـرە. ئەو منـی جـێ هێشـت و دابەزییە خوارێ. ئەو لێرە ڕۆیشت و من لەم لا گوێم لە دەنگی تەقینەوەیەک بـوو کە هەمـوو نەخۆشـخانەکەی هەژانـد. وەک ئەوەی بـوومەلەرزە بێت یـان قیامەت ڕا

بوو بێت. لە سەر کورسییەکی بچووک دانیشت بووم، چاوەڕوانی نۆرەی خۆم دەکرد. هەر هێندەم زانی پارچەیەکی گەورەی میچەکە بە سەرمدا بەر بووەوە. کاتێک زانی سەرم ورد و خاش بوو، هەستم بە ئازارێکی زۆر کرد. پاشان هیچ ئازار نەما. خودا وەکیل تەنانەت ئازاری زگیشم نەما. باوەڕم پێ بکە وەک ئەوەی من نەبم کە بەر لە کەمێک لە تەقینی ڕێخۆڵە کوێرەکە دەترسام. ئیدی مردم. زۆر جوانە کاتێک کەسێک دەمرێت. هیچ نا، ئیدی هەست بە هیچ شتێک ناکات. نە ئازار و نە هیچ هەستێکی دی. مردن ئەوەندە زەحمەت نییە کە من پێم وا بوو. دەزانی ئەبوو لەیلا؟ پێویست ناکات خەڵک بۆ کەسانێک خەمبار بن کە دەمرن. هەر کەسێک مرد ئیسراحەتی کرد. هیچ نا ئیدی لە خەمی شەڕ و لە خەمی ترس لە مردن لە هەر چرکەساتێکدا، ڕزگاری دەبێت.

کاتێک ئەبوو لەیلا هەستی کرد ژنەکەی لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی مردنەکەی بووەوە، جارێکی دی ئاوڕی لای دواوەی داوە، بە خەمەوە تەماشای مەیسوونی کچەزای کرد کە نووست بوو. لەیلاش نووست بوو، بە هەمان شێوە هەردوو کوڕەکەشی، کامیران و بچووکەکەش

ئالان نووستت بوون، کەچی عەلیی خاڵیان درێژەی بە ژەنینی ئاوازە هێواش و خەمبارەکانی دەدا. گەلێک پرسیاری بە خەیاڵدا هات کە لە ژنە مردووەکەیان بکات.پرسیاری سرک وەک ماسی کە بە تۆڕەوە دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تەنیا یەک پرسیاری تاقانەی بەدی کرد، کە لە هەمووان لە پێشتر بوو بیکات:

-ئەدی ئێستا چۆنی نازی گیان؟ هیچ ئازارت هەیە؟

-عەبە گیان، مردوو ئازاری نییە.

ئەبوو لەیلا گوێی بۆ وەڵامی ژنەکەی شل کرد، لە چاوانی دەڕوانی کە هیچ بریسکاییەکیان تێدا نەبوو. بۆ جاری سێیەم ئاوڕی لای دواوەی داوە، بۆ ئەوەی بە سەرنشینانی دیکەی دانیشتووی کورسییەکانی لای دواوەی پاسەکە ئاشنا بێت.

-هەمووان لێرەن، هەموویان لە نێو پاسەکەدان و لەگەڵ ئێمەدا دێن.

نازلی کاتێک عەببوودی بەم شێوەیە دیت، بە دەنگێکی گڕ و کەمێ بەرزتر لەوەی کە قسەی لەگەڵ عەببوودی مێردیدا کرد، بانگی کرد:

-هەندێ وەرنە پێش، وەرنە ئێرە، باوکتان دەیەوێ بتانبینێ.

-باوکە.

عاسم بە پەرۆشییەوە بانگی کرد. هاوارەکەی دەنگدانەوەیەکی خەمناکی هەبوو. کورسییەکەی خۆی لە پشتەوە جێ هێشت، برای ژەنیاری لە نیوەی ئاوازەکەدا جێ هێشت و بەرەو باوکی هاتە پێش. بە کزە تیشکی میچی پاسەکە، هێڵەکانی فسفۆڕی چاکەتە پرتەقاڵییەکەی شەوقیان دایەوە. کاتێک لە کورسی پێشەوە، کە دایکی بە تەنیشت باوکییەوە دانیشت بوو، نزیک بووەوە، بۆنی دەریای لێ هات. خۆی خستە ئامێزی باوکییەوە و لە هارژنی گریانی دا، دایکی سەرزەنشتی کرد:

-چ قەماوە عاسم، کوڕەکەم چ قەماوە. خوشکە داماوەکەت لەیلا بەخەبەر دێنی. ئاخر گوناهە ئەوە دوو ڕۆژە خەو نەچووەتە چاوانی.

عاسم وەک شەپۆلێک کە بە کەنارێکی شاخاویدا پەرش و بڵاو بێتەوە،کە تەنیا کەف و ئاومالکەی لە پاش بەجێ دەمێنێت، هێور بووەوە.

دیزداشەکەی ئەبوو لەیلا تەڕ بوو. ریشی بە ئاوی دەریا تەڕ بوو، کە هێشتا لە جل و بەرگ و پرچی عاسمی کوڕی دەچۆڕایەوە.

-کوڕەکەم چۆنی؟ پشت بە خوا ئەو گەشتە ماندووی نەکردیت؟ دەریا لەگەڵتا چۆن بوو؟

-دەریا؟

عاسم بە دەم هەناسە هەڵکێشانەوە ئەمەی گوت، پاشان بە دەنگێکی خەمناک درێژەی دایێ، ویستی قسەکانی وەک چرپە وا بن:

-باوە گیان، دەریا لەو شەڕە نەفرەتییە سەختتر بوو، کە ئەو هەموو کاولییەی لێ کەوتەوە. دەریا دڕندەیەکی بێ ئامانە، بەڵام ئەگەر بیەوێ وەک دایک بە سۆز دەبێت. ئەگەر لە چلەی زستانیش بێت، بیەوێ دەتوانێ کەسێک زۆر بە گەرمییەوە لە ئامێز بگرێت. هەست دەکەیت وا بەزەیی پێتا دێتەوە و حەز بە رازی کردنت دەکات. گۆرانیت بۆ دەڵێ تا وەک منداڵێکی ساوا خەو دەتباتەوە، بەڵام کە تووڕە دەبێت، وا هەست دەکەیت بەرد هاڕە. شەپۆل دوای شەپۆل رۆحت دەپلیشێنێتەوە و بەرەو خواری شەتەکت دەدات تا دەخەنکێنێ.

بەر لەوەی بچینە نێو بەلەمەکەوە زۆر ترساین. پاش ئەوەی گەیشتە ناوەڕاستی دەریا و لە ناوچەی ئیڤالیک لە باکووری ئەزمیر بە دوو کازێر دوور کەوتەوە، گوتمان ئێستا گیانمان دەسپێرین. خەڵکێکی زۆر بووین.

زۆربەیـان عیراقـی و ئەفغـانی بـوون. گەشـتەکە زۆر درێـژەی نەکێشـا. دوای یەک کـاژێر و نیـو گەیشـتینە دورگەکە. دێتەوە بیـرت؟ تەلەفۆنم بـۆت کـرد و قسـەم لەگەڵت کرد. وێنەکەی خۆشـم رەوانە کرد. بەر لەوەی بچیـنە نێـو بەلەمەکەوە، پـارە و ناسـنامە و پاسـپۆرتم خستە نێو کیسـەیەکی نـایلۆن و بە کەمەرمەوە شـەتەکم دا. قاچـاخچییەکە وای پـێ گـوتین، پێشـی گـوتین کە خەڵکێکـی زۆر گەیشـتنە ئەوروپـا، بەڵام بەڵگەنـامە و ناسنامەی کەسیی خۆیان تەڕ بوو، نەیتوانی بیسـەلمێنن کە ئەوان هـاووڵاتیی سـووریان، تـا ئێسـتا نشـینگەیان بەدەست نەهێناوە.

-ئەی تۆ؟ پشت بە خوا مافی نیشتەجێت وەرگرتووە؟ کـوڕەکەم، ئێمە هەر بیرمـان لە لای تـۆ بـوو، بـێ لەو کورتە تەلەفۆنە، هیچ هەواڵێکی دیکەی تۆمـان بەدەست نەگەیشت .

-باوە گیان، من نەگەیشتمە ئەوروپا، من مردم.

-ئاخر چۆن مردیت؟

ئەبوو لەیلا بە تۆقینەوە روانییە چاوانی وشکی عاسم. پێسـتی دەموچاویشـی وشـک بـوو. سـیمای وشـک هەڵاتـووی هـیچ جیاوازیی نەبـوو لە سـیمای دایکی، کە

دوور کەوتەوە و چوو لە کورسییەکی پاشتر دانیشت، دوور لەوان و بە بێ ئەوەی گوێ لە قسەکانی عاسمی کوڕی بگرێت، کە ئیدی کەوتە گێڕانەوەی مەرگ نامەکەی بۆ باوکی سامگرتەی:

"دوای دوو ڕۆژ لە مانەوەمان لە میتیلینی، پاپۆڕێکی گەورە هات، ئێمەیان سوار کرد. پاپۆڕێک دوو نهۆم بوو، پڕ لە پەنابەر. منیش لە نێویاندا بووم. منیش وەک ئەوانی دی دڵشاد بووم. خۆشیی ئەوە دای گرت بووم کە گەیشتوومەتە یۆنان. تۆ بڵێ دوو سەد کەس سواری پاپۆڕەکە بووین. خودا وەکیل باوکە وەک بڵێی دەنکە هەنجیرێکە و یەک شارە مێرووڵەی تێ وەر بووە. کاتێک پاپۆڕەکە کەوتە ڕێ و لە دوورگەی لیسپۆس، ئەمە ناوەکەی بوو، دوور کەوتەوە، کچەکان و ژنەکەم هاتنەوە بیرم، تۆ و دایکم هاتنەوە بیرم، حەلەب و ژیانی سادەی خۆمان وەبیر هاتەوە بەر لەوەی وڵاتەکەم بکەوێتە بەر بوومەلەرزە و خاپوور بکرێت. حەزم کرد بگریم بەڵام شەرمم لەو خەڵکەی دەوروبەرم کرد، چوومە بەشی سەرەوەی پاپۆڕەکە، بۆ بەرزترین شوێنی پاپۆڕەکە. بایەکی سارد هەڵی کرد و بە دەموچاوم دەکەوت. چاوانم فرمێسکیان لێ باری. هێندە

فرمێسکی زۆرم داباراند تا وای لێ هات ئیدی دەریام نەدەبینی. باوە گیان دەریا گەورەیە، گەورەیە، زۆر گەورەیە، دروست وەک ئەو بەڵایەی ماوەی پێنج ساڵە بەرۆکی گرتووین. لە پڕ گێژ بووم. دەڵێن نەخۆشییەک هەیە پێی دەڵێن سەرێشەی دەریا. هەستم کرد خۆم پێ راناگیرێ. نازانم چیم بەسەر هات. من لە گۆشەیەکی پاپۆڕەکەدا وەستا بووم، پاڵم بە ستوونەکەوە دا بوو. هەر هێندەم زانی لە سەرێ را بەر بوومەوە. وەک ئەوەی کەسێک لە پشتەوە را پاڵم پێوە بنێت. لەگەڵ بەر بوونەوەم، رەشای کچمم وەبیر هاتەوە. ئەو بەیانییەی لە ئەزمیر دەرچووم، پێی گوتم باوکە لەگەڵ خۆت بمبە.گوتم نا کچەکەم تۆ لەگەڵ دایە و خوشکەکانت بمێنەوە، دواتر ئێوە دێنە لای من. پێی گوتم دە بەڵێنم پێ بدە کە زوو دەگەڕێیتەوە. باوەشم پێدا کرد و گریام .

هەر کە کەوتمە نێو ئاوەکە و زانیم وا خەریکە دەخنکێم، شایەدمانم هێنا. لەگەڵ شایەدماندا وێنەی تۆم هاتە پێش چاو. دوایین شتێک کە بیدیم دەموچاوی تۆ بوو. باوە گیان خنکان کارێکی دژوارە. زۆر ئەستەمە. بەڵام دەموچاوی تۆ مەرگی بە خنکانی بۆم ئاسان کرد .

عاسم لە چرپە قسەی خەمبارانەی خۆی بووەوە، بێ دەنگ بوو، چاوەڕوانی کۆمێنتی باوکی بوو. باوکی مات ما و بە سامدا کەوت، باوەڕی بە چاو و گوێی خۆی نەدەکرد.

***

سام بردنەوەکەی ئەبوو لەیلا بێ بن بوو. هەر بەرەو قووڵایی دادەبەزی و دادەبەزی، بە بێ ئەوەی لە هیچ حاڵی بێت. هەستی کرد ئەویش کەڕ بووە. هەستی کرد زمانی بە دەمی وشک هەڵاتووییەوە نووساوە، ئەوە ترس و تۆقین نەبوو، بەڵکوو هەستێکی لە سەرەووی تۆقینەوە بوو، ئەبوو لەیلا ناوێکی پڕ بە پێستی بۆ نەدۆزییەوە. ویستی ئاوڕی لای دواوە بداتەوە، هەستی کرد ملی رەق بووە و ناتوانێ بیجووڵێنێ. ئەو نیگای خستە سەر چاوانی عاسمی کوڕە خنکاوەکەی، کە چیرۆکی خنکانەکەی بە خەم و کورتییەوە بۆ گێڕایەوە، هاوکات پاسەکەش بە هەمان خێراییەکەی بەر لە کەمێکی خۆی دەڕوات. تاریکییەکەی دەرەوە نەگۆڕا بوو، بەڵکوو لە جاران تاریکتر بوو. لە ناو پاسەکەش ئەو رووناکییە کزەی هەبوو، هەر ما بوو. ئەبوو لەیلا دوای ئەوەی کەمێک لە سەرسامییەکەی بێدار بووەوە،

سەرنجی دا پاسەکە لایتی لای پێشەوەی نییە. پاسەکە وەک ماسییەکی سرک وا بوو، کە لە بن زەریادا تەکان دەدات و لە خۆڕا و بە ڕەمەکی خۆی ڕێ دەبڕێت. بێدەنگییەکی ڕەهایە، بێ لە تاریکییەکی هەمیشەیی، چی دی نییە. هیچ نیشانەیەک لەو ڕێیەدا نییە کە ئێستا سیماکەی بەدی ناکرێت، نە لە دووریشەوە ڕووناکی بەدی دەکرێت، کە کاتێک پاس لە شارێکەوە بۆ شارێکی دی دەچێت، ڕووناکیی گوندەکان بەم بەر و ئەو بەری ڕێگاکەدا خۆی دەنوێنێ و دڵنەوایی ڕێبواران دەداتەوە، ئێستا بێ لە نووتەک و تاریکییەکی سامناکی بێ کۆتایی، چی دی نییە.

ئەبوو لەیلا گومانی لە بوونی خۆی کرد. ئەو گومانی لە هەبوونی پاسەکە و ئەندامانی مردووی خێزانەکەشی کرد، کە ئەو ئێستا بە زمانی خۆیان بە مەرگیان ئاشنا دەبێت. باوکێک نییە باوەڕ بە مەرگی ڕۆڵەکەی بکات، ئیدی چۆن دەکرێ باوەڕ بەو مەرگە بکات کە ڕۆڵەکەی بە زمانی خۆی بۆی دەگێڕێتەوە؟ ئەمە هەر دەبێ خێوێکی قورس بێت. ئەدی چۆن زیندوو بوونەوە؟ باشە عاسم چۆن لە دەریای ئیجەدا خنکا و لە پاش مەرگی زیندوو بووەوە و گەڕایەوە حەلەب و لەگەڵ

منـدا سـواری کەسـکە پـاس بـووە؟ باشـە نـازلی کە بۆردوومان کوشتی، چۆن هاتە نێو ئەم پاسەوە، کە بۆ گواستنەوەی کۆمەڵێک چەکدار و هەندێک خەڵکی سڤیل هـاتووە، پـاش رێککەوتننـامەیەکی نێـوان دەوڵەتـانی چاودێری ئەم گرووپ و ئەو گرووپ هـاتووە؟ پێشـتر رووی نەداوە کەسـێک لە پـاش مەرگ بـۆ ژیـان گەڕا بێتەوە، مەگەر لە کتێبی پیرۆز و ئەفسـانەی کۆنـدا بێت. نەخێر، خەڵک تا رۆژی پەسڵان زینـدوو نـابنەوە، رۆژی گەورەی حەشـر کە حەزرەتـی ئیسـرافیل نەفخـی مەزنە سـووری دەکات. تـو بڵێـی رۆژی پەسـڵانمان بە سـەردا هات بێت بە بێ ئەوەی بە خۆمان زانی بێت؟

ئەبـوو لەیـلا جارێـک یـان دوو جـار سـەری خـۆی راوەشاند، برۆی چەند جارێک لێکدا لێکدا و بە خێرایی داخست و کردەوە، بۆ ئەوەی قەناعەت بە خۆی بهێنێت کە ئەوەی دەی بینـێ وەهـم و خەیـاڵە. سـەرنجی دا وا عاسـمی کـوڕی بە چـاکەتی تەڕی پرتەقـاڵییەوە، دوور دەکەوێـتەوە و لە کورسـییەکی تەنیشـتی دایکـی دادەنیشـێت. نەخێـر، نـاکرێ ئەوەی کە دەیبینم راسـتی بێت. ئەمە خەیاڵیشی تێپەڕاندووە. ئەمەی لە دڵـی خۆیدا گوت و هەوڵی دا هەستێت، بەڵام هەستی کرد گەنجێکی

ریش تاشراو کە بەڵەک بەدلەیەکی سەربازیی لەبەردایە بە پێوە راوەستاوە و بۆی پێدەکەنێ. دۆخەکە پتر لە دوو چرکەی نەخایاند و ئەبوو لەیلا بە شەهید عەبدولناسری کوڕەکەی ئاشنا بوو. ئەوە هەر خۆیەتی کە بەر لە کەمێک دیتی لە کۆتایی پاسەکەدا وا خەریکی خوێندنەوەی کتێبێکە.

-باوە گیان چۆنی؟

عەبدولناسر ئەمەی گوت و لە تەنیشتی باوکییەوە دانیشت. باوەشی پێدا نەکرد، وەک عاسمی برای کە بەر لە چەند خولەکێک کردی، ئەو خۆی فڕێ نەدایە ئامێزی باوکییەوە. بەڵکوو دووبارە تەماشای ئەو کتێبەی دەستی کردەوە (مەغدووشە، چیرۆکی شەڕی دژ بە کەمپەکان لە لوبنان)، لاپەڕەیەکی کتێبەکەی کردەوە، ئنجا بە باوکەی سڕ بووی سامبردەی گوت:

-ئەوەی لێرەدا نووسراوە، لە سەدا سەد راستە. ئەوە مەمدووح نۆفەل بە وردی رووداوەکانی نووسیوەتەوە. من لە شەڕەکەی کەمپی فەلەستینیان بەشدار بووم و دەشزانم چیی رووی دا، بەڵام خەتای ئەوان بوو.

-عەبدولناسر، خەتای کێ بوو؟

ئەبوو لەیلا ئەم پرسیارەی کرد و پێشی سەیرە کە بە سۆزەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ کوڕەی شەهیدیدا ناکات. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە ساڵانێکی زۆرە لەبەر چاوی نەماوە و ساڵانێکە شەهید بووە. عەبدولناسر بەرسڤی دایەوە:

-خەتای فەلەستینیان بوو. ئەوان گرووپ و سوپا و دەوڵەتیان لە نێو دەوڵەتێکی دیکەی سەربەخۆ و خاوەن سەروەریدا دروست کرد.

-کوڕەکەم من لێت تێ ناگەم. تۆ باسی چی دەکەیت؟ تۆ بۆمی روون بکەوە؟

-من باسی ئەو شتە دەکەم کە بەر لە شەهید بوونم لە لوبنان دیتم.

-خوا عافووت کات، ئەمە ئیدی بەشێکە لە رابردوو. تۆ وەرە بزانە چی بە سەر وڵاتەکەتدا هاتووە. خودا وەکیل تا ئێستا من ناوی ئەو گرووپانەی شەڕی یەکدی دەکەن و ئەو دەوڵەتانەی بۆردوومان دەکەن نازانم. ئاسمانی وڵاتەکەمان پێویستی بە پۆلیسی هاتوچۆیە بۆ ئەوەی هاتن و چوونی فڕۆکەی جەنگی ڕێک بخات.

-بە ڕاستتە؟

-بە راستمە و ئەو لاتریش. ئەوەی لە لوبنان رووی دا، لێرە پیستر و سەختتر دووبارە دەبێتەوە.

-من نەمزانیوە.

عەبدولناسر بزەیەک گرتی. کتێبەکەی مەمدووح نۆفەلی دانا و گوتی:

-ئەوەی بمرێت لە هەموو شتێک دادەبڕێت. بە جارێ ئاسوودە دەبێت. بەس خۆزەگە لە ماڵ و لە سەر جێ و بالینگانی خۆم مەرگ دەیبردمەوە، نەک ئەو مردنەم بدیبایە. مردنەکە خۆ شتێک نەبوو، من هەر هەستم بە هیچ شتێک نەکرد. لەو کاتەی بزووتنەوەی ئەمەل خۆی بە هەردوو کەمپی سەبرا و شاتیللادا کرد، گوللەیەکی وێڵم پێ کەوت.

-کوڕەکەم تۆ بە گوللەی نیشان شکێنێکی فەلەستینی کوژرای نەک بە گوللەیەکی وێڵ. زانیاریی خۆت راست بکەوە.

-باوکە، ئەم قسەیە چییە؟

-ئەفسەرەکە کە تەرمی تۆی رادەست کردم، وای گوت. باشە تۆ لەو باشتر دەزانی؟

-رەنگە قسەکەی راست بێت. هەڵبەت وەک کە پێم گوتی، باوکە ئەوە گرنگ نییە. ئەو شتەی من لە

بەیرووت دیتم، ئەستەمترە لەوەی بۆتی باس بکەم. ئەوە سێیەمین جارە ئەو کتێبە دەخوێنمەوە. باوەڕم پێ بکە ئەو نەیتوانی یەک لە هەزاری ئەوەی رووی دا، بگێڕێتەوە. ئەو هەر باسی هیچی نەکردووە. من لەگەڵ سەربازانی یەکەی تایبەتی سەربازیی خۆماندا بووم لە بەیرووت. ئێمە لە نزیکی ناوچەی بورجی بەراجنە لە تەلارێکی بەرزدا بووین. لە کۆتایی ئایاردا هێرش کرایە سەر سەبرا و شاتیللا. بۆردوومان شەو و رۆژ بڕانەوەی نەبوو.

-کوڕەکەم ئەم زانیارییە چییە؟ بمبوورە ئەگەر پێت بڵێم تۆ تێکەڵ و پێکەڵت کرد. ئەوانەی چوونە نێو سەبرا و شاتیللاوە ئیسرائیل و بەتالیۆنەکان بوون. ئەوان بوون ئەو مەرگەساتەیان نایەوە. هەموو خەڵک ئەم شتە دەزانێت و تەنانەت ئیسرائیل خۆشی ددان بەوەدا نا.

-بەڵێ باوکە راستە، بەڵام ئەو کوشتارە پێشتر بوو، لە ساڵی ١٩٨٢ بوو. من باسی لێدانی ساڵی ١٩٨٥ی فەلەستینیان دەکەم. ئێمە و بزووتنەوەی ئەمەل و لیوای شەشی سوپای لوبنان و تەنانەت هەندێک گرووپی فەلەستینیش. گرنگ ئەوە بوو، سەبرا و شاتیللایان

ئـــابلّووقه دا و کەوتـــنه بۆردوومـــان و بۆردوومـــان و بۆردوومان، تا کەمپەکه خاپوور بوو، خەڵکێکی زۆریش کوژران. ئێمه دەمـانبینی راجیمه و دۆشـکه و رەشـاش، شەو و رۆژ له بۆردوومان نەدەکەوتن. جارێکیان من و هاوڕێیانم له بانیژەوە وەک هەمیشه تەماشـامان دەکرد. شەڕه تەقەیەکی وا بوو که به درێژایی ژیانم شتی وام نەدی بوو. به راستی من ترسام. زۆر ترسـام و ویستم بـڕۆم، بەڵام بـرادەرانم پێیـان گـوتم، ئەبـوو عەببـوود مەترســه شــەڕه تەقەکه دووره. هەمـوو رۆژێـک ئەم بەزمه تا راهاتم. ئیدی به دەم چا و قاوه و شتی دیکه خواردنەوەوە، له بانیژەکەوه تەماشـای شـەڕه تەقەمـان دەکرد. رۆژێکیان هەستم کرد که شتێک زۆر به توندی بەر سەرم کەوت. دەموچاوی لەیلای خوشـکی بچووکم بینـی. بینـیم بـۆم پێـدەکەنی. دوای ئەوه تەواو، هەمـوو شتێک تەواو بوو.

پاشـــان، عەبدولناســـر گەیشـــته کۆتـــایی گێـــڕانەوەی چیرۆکەکەی که به پێی توانـا کـورتی کـردەوه. دیسـان کتێبەکەی کردەوه و به تووڕەییەوه گوتی:

-باوکه بڕوانه، تۆ له خۆتەوه مردی، وەک هەموو ئەو خەڵکەی له خۆیانەوه دەمـرن. من هەمـوو ئەو کتێبـانەم

خوێندەوە کە باسی قۆناغی شەڕی کەمپەکان لە لوبنان دەکەن. تەنـــانەت ئەم کتێـــبەش کە فەرمانـــدەیەکی فەلەستینی نووسیویەتی، هەر چوار سەد لاپەڕەکەیم خوێندەوە، بەڵام بۆ تەنیا جارێکیش ناوی خۆمم نەدی. هەر بە جارێ کەس ناوی منی نەهێناوە. بە هەزاران وەک مشک و مێروو لەم شەڕانەدا دەکوژرێن. من بووم کە لە یەکەمین دەرچوونم دەکوژرێم و تەنیا جارێکیش ناوم نایەت؟ ئەمەی کەی راستە؟

باوکی خەم دایگرت. ئەو رۆژەی هاتەوە بیر کە لە مۆڵگەی هەنانۆ نزیک بە گەڕەکی شمێساتییەی حەلەب لە کاتی چوونی بۆ سەربازی بەڕێی کرد. ئەو رۆژە هەستێکی تێکەڵ لە خەم و شانازی گیانی تەنییەوە. جووتە چاوی بریقەداری ئەوی ماچ کرد، یەک رستەشی پێ گوت، وەک ئەوەی دوا هەناسە بێت: کوڕەکەم، ئاگات لە خۆت بێت. رۆژی هێنانەوەی تەرمەکەشی بۆ گەڕەک بە جیپێکی سەربازی، وەبیر هاتەوە.

کەسکە پاس بە هەمان خێراییەکەی خۆی درێژەی بە رۆیشتنی دا، بە بێ ئەوەی هیچ دەنگێکی بزوێنەرەکەی بێت، شەپۆلی چڕی تاریکیی دەبڕی. دیسان ئەبوو لەیلا هەستی بە ئازاری ئەو رۆژە دوورە کردەوە. نیگای

گــرتە چـــاوانی کـــوڕەکەی، ســـەرنجی دایە ســـیمای دەموچاوی، هیچ نیشانەیەکی ژیان نە لە چاوانی و نە لە دەموچاوی بەدی نەدەکرا. بە دەنگێکی مردۆخ گوتی:

"کوڕەکەم، ئا ئەمەیە شەڕ. لەو رۆژەوەی خودا قابیل و هابیلی دورست کرد، هەر وا بووە. تۆ باسی شەڕی کەمــپ دەکەیـت. ئەوانەی لەو شـەڕەدا کـوژران و تێـر مەرگ بـوون. ئەوەی لە ولاتەکەی خۆمـان رووی داوە، چەند پاتی ئەو شەڕەیە. کوڕەکەم، ولاتەکە کاول بوو. ولاتەکە چی دی ولات نییە. ولاتەکە بووەتە خێوەتگە و خێوەتخـانە و خەڵکـی ئـاوارەی هەمـوو ناوچەیەکیـان تێدایە. ئەوەتا من ئاوارە بووم، دایکت بە بۆردوومان مرد، براکەت لە دەریادا خنکا و خوشکەکەت شێت بوو. کوڕەکەم، خێو بە دوای خێودا هات، باوەڕم پێ بکە ئەم خێـوانە کۆتاییـان نـایەت. پێـت وایە کەسـێک باســی مەرگەساتی ئێمە دەکات؟ پێت وایە کارەساتەکەی ئێمە کەمە؟ لات وایە لە کارەسـاتی فەلەسـتینیان کەمتـرە کە ئاوارە بوون و چوونە هەر شوێنێک، تووشی کوشتار و پەراگەنــدەیی بــوون؟ تــۆ دەڵێــی کەس لە ســەرمنی نەنووسیوە.باشـە ئەگەر قسـە بـکەن یـان لە سـەرمان بنووسن، چ سوودێکی هەیە؟ تۆ شتێکم پێ بڵێ سوودی

هەبێت؟ باشە ئەو فەلەستینیانەی لە شەڕی کەمپەکاندا کوژران، ئەم کتێبەی دەستی تۆ چ سوودێکی پێ گەیاندن؟ یەک ملیۆن کتێب لە بارەی کارەساتی ئێمەوە چ سوودێکمان پێ ناگەیەنێت. یەک ملیۆن فیلم کە لە بارەی ژیانی ئێمەی نێو بۆردوومان و بالادەستی گرووپەکاندابلاوی بکەنەوە، سوودێکی بۆ ئێمە نابێت. نازانین گوررزی (ئەبوو هۆن) لە کوێ را بەر گەڕەکەکانمان دەکەوێت. هەموو ئەوەی لە هەواڵەکان دەی بیستین، کوژرانی دە سڤیل بە بەرمیل بۆمب لە گەڕەکی سوککەری لە حەلەب، کوژرانی بیست سڤیل بە تەقینەوەی ئوتومبیلێکی بۆمبڕێژ لە گەڕەکی زەهرا لە حمس. کوژرانی نازانم چەند کەس لە فلانە ناوچە. لێرە و لەوێ هەر ژمارەیە. تەنیا ژمارە و چی دی نا. مرۆڤ لە شەڕدا تەنانەت لە ژمارەیەکیش پووچتر دەبێت. دەبێتە تەرمێکی دارزاوی نەناسراویش. بۆ نموونە کچی لەیلای خوشکت، جەرگی باپیرە، مەیسوون بە هێرشی هەلیکۆپتەر شەهید بوو. چییان لە بارەوە گوت؟ کوژرانی منداڵێک. تەنیا منداڵێک. نە ناو، نە نازناو، نە تەمەن و نە وێنەکەی. باشە ئەم قسانە لەگەڵ کوشتنی مێروولەیەک، بە نموونە، چ جیاوازییەکی هەیە؟ ئاخ

کـورەکەم عەبدولناسـر ئـاخ. خـۆزگە منـیش وەک تـۆ دەمردم و ئەم شەڕەم نەدیبایە. خۆزگە هەر لە بنەچەوە نەبوومایە. کورە کوڕەکەم، ئەوەی لە نێو شـەڕدا بـژی، هەزار جار دەمرێت.

عەبدولناسـر هەسـتا، سـیمای دەموچـاوی نەگـۆڕا. کتێـبەکەی دەگەڵ خـۆی بـرد و بەرەو کورسـییەکەی خۆی لە پاشەوەی پاسەکە رۆیشت. باوکی بە نیگایەکی تێکەڵ بە واق وڕمانەوە، بەڕێی کرد. پێی سەیر بوو کە ئەندامانی مردووی خێزانەکەی، یەک بە دوای یەکدا دێن و لە تەنیشتی دادەنیشن و سەربردەی خۆیان بە کورتی بـۆ ئەو دەگێـڕنەوە. ئەوان تەنیـا بـۆ گێـڕانەوەی سـاتەوەختی مەرگـی خۆیـان دێـنە لای، وەک ئەوەی بیـانەوێ بـۆی دووپـات بـکەنەوە، کە ئەوان بە کردەنـی مـردوون و تەنیـا لە یـادگەی ئەودا مـاون. وەک ئەوەی پێیـان وا بێـت کە باوکیـان، ئەو پیـاوە تەمەن حەفتـا سـاڵانەی وا لە گەڕەکە خـاپوورەکەی خـۆی لە حەلەب هەڵدێت، تا ئێستا باوەڕی بە مردنی ئەوان نییە. گومـانی کـرد کە ئەوان بە فـاک و فیـک بە نـۆرە دێنە لای. پێـی سـەیر بـوو کە نـاتوانێ هەسـتێ و کورسـییەکەی جێ بهێڵێـــت و بەرەو لای کـــچەکەی و کوڕەکـــانی و

هاوسـەرەکەی و رۆڵەکانیـان بچێـت، لە بـری هـاتنی ئەوان. هەستی کرد پێی نقومی نێو لیتەیەکی چڕ بووە، ئەژنۆی ئیفلیج بووە، لێوانی بوونەتە پارچە خەڵووز و دەمیشـی چـنگە خۆڵەمێشـێکە و جەستەشـی ئاسـنە و موگناتیسی کورسییەکە زۆر بە تەوژم کێشی دەکات.

***

هـیچ شـتێک ئەبـوو لەیـلای لە قـووڵایی شـەپۆلی ئەو بیرۆکانە وەگا نەهێنایەوە، تەنیا هەژانێکی گەورە نەبێت، وای هەسـت کـرد کە پاسـەکە خـۆی لە کەرتە شـاخێک یان لەمپەرێکی سـەر رێگاکە داوە. پاسـەکە یەک پـارچە هەژا، پاســەکە کەمێـک بە هەوادا بەرز بــووەوە، هەر زووش دووبـارە لە سـەر رێـڕەوەکەی خـۆی لەنـگەری گرتەوە، بە هەمان خێراییەکەی جارانی کەوتەوە رێ، بە بـێ ئەوەی ئەبـوو لەیـلا گـوێی لە دەنگی بـزوێنەرەکەی بێـت، یـان دیمەنـی نـووتەک و رەشـی دەرەوەی گـۆڕا بێت.پێی سەیر بوو هیچ کام لە ئەندامانی خێزانەکەی کە لە پشــتەوە دانیشــت بــوون، هـیچ هــاوار و فیزاحیکیـان نەکـرد. نە ژنەکەی و نە لەیلای کچی، فیزاحیان نەکـرد. گومانی لە خۆی و لەوانیش کرد. ئایا بە راستی پاسەکە هەژا، یان ئەوە پێی وایە؟ باشـە بۆچی کەس بـاکی بەو

هەژانەی نەبوو؟ رەنگە لەبەر ئەوە بێت ئەوان مردوون؟ بەڵام کوڕەی ژەنیاری، عەلی لەوێیە. هێشتا ئاواز دوای ئــاوازی گۆرانییەکــان دەژەنــێ. تــا ئێســتا لە ژەنــین نەوەستاوە. خودایە ئەم چ سەمەرەیەکە؟

تەماشــای خێــزانەکەی کــرد، کە بە ســەر کورســییە زەردەکــانی پشــتەوەدا دابەش بــوون. خەمــی خــوارد کە ئەو ناتوانێ بچێتە لایان. ئەو بوو بە دیلی کورسـییەکەی وەک زینـدانێکی زەرد. دەیەوێ بچێتە لای نەوەکـانی. لە ئامێزیـان بگرێـت. گەمەیـان لەگەڵ بکــات، گــاڵتە لەگەڵ نەوەی هەرە خۆشەویستی، مەیسـوون بکـات، خـدیلانێی کەمەر و کەلەکەی بـدات بـۆ ئەوەی پێبکەنێـت و هەوڵ بــدات لە بــن دەســتی هەڵبێــت، وەک ئەوەی هەمــوو ئێوارەیەک لەو کاتـانەی مەیسـوون زینـدوو بـوو، دەی کرد. خودایە، هەر چەند مەترێکی کەمە، باشە بۆ ناتوانم بگەمە لایان. چۆن ئەوان دەتوانن بێنە لام و من ناتوانم بچم؟

تەقەی پێی کەسێک لە رێڕەوی تەسکی پاسـەکە بە نێو زەردە کورسـییەکاندا گـوزەری دەکرد، زنجیرەی بیری پچڕانـد. لە کۆتـایی پاسـەکەوە گەنجێک دەم بە پێکەنین بەرەو لای ئەو هات. گەنجێکی ریشـن و کڵاو پۆڵایەکی

سپیی بە دەستەوە بوو. کاتێک لە ئەبوو لەیلا نزیک بووەوە، پێکەنی. خەندەیەکی گەرم و گوڕ بوو، وای لە ئەبوو لەیلا کرد ئەو هەژانەی پێش نەختێک هەستی پێ کرد، لە بیری بکات. گەنجە بە هێواشی لە تەنیشتی دانیشت و گوتی:

-باوە گیان، چۆنی؟

-تۆ کێی؟

-وای باوکە، نامناسی؟ من عومەرم.

-عومەر؟ کوڕەکەم، ئێمە گەلێک پڕوپاگەندەمان لە بارەی تۆوە بیست. چوویتە پاڵ سوپای ئازادەوە، وا نییە؟

باوکە بە بێ ئەوەی باوەش بە کوڕەکەیدا بکات، ئەمەی گوت. عومەر بۆرژایەوە. کەمێ سەری خۆی داگرت وەک ئەوەی بیر بکاتەوە. لەو کاتەشدا هەر خەریکی یاری کردن بوو بە کڵاو پۆڵا سپییەکەی نێو دەستی. پاشان سەری هەڵبڕی، باوکی تەماشای دوو چاوی فرمێسکاویی کوڕەکەی کرد، چاوەڕوانی نەکرد قسە بکات، ئەو لێی پرسی:

-خێرە کورەکەم؟ دەبینم پەشۆکاوی. لەو ڕۆژەوەی چوویتە نێو سوپای ئازادەوە، ئیدی هیچمان لە بارەتەوە نەزانی.

عومەر کڵاو پۆلایەکەی دانا، مسکی کورسییەکەی گرت و ڕێک دانیشت، ئنجا کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی بۆ باوکی:

"ئازاد و مازادی چی باوکە؟ زۆر دەمێکە شتێک نەماوە ناوی سوپای ئازاد بێت. ئێستا هەر گرووپەیل هەن، کەس ناشزانێ کێ ناردوونی و لە کوێوە هاتوون و لەبەر چی شەڕی یەکدی دەکەن، تەنانەت ناشزانن شەڕی کێ دەکەن. کەی ڕاستە بەوەی لیرامۆن و کارگەکانی کۆنترۆڵ کرد و نیوەی حەلەبیشی تاڵان کرد، بگوترێ سوپای ئازاد؟ سوێند بە خودا، ئەوانە باوکە هەموو کارگەکانی ناوچەکەیان تاڵان کرد. ئەدی من لەگەڵیان نەبووم؟ من شایەدم بە سەر هەموو ئەو تاوان و کەتنانەی کردوویانن. کەس نەما رووتی نەکەنەوە و پارە و پوولەکەی نەبەن. ئەوی دیکەش مارێکە؟ باوکە ئەوە دزێکی گەورەیە. سەدان کارگەی هەڵوەشاندەوە و لە تورکیا فرۆشتنی. تاوانبار و شەڕمیرە. ئەوانەی بۆ خۆ دەوڵەمەند کردن سوود لە

شـەڕ دەبیـنن، ئەمە ناویـانە: شـەڕمیرە. ئەوانە کـۆیلە بوون، چاویان تەنیا لە سەر سامان و دارایی بوو. لە پێناوی پارە و ناوبانگ، شاکوڕ و لاوانی نیشتیمان پەروەریان کردە قوربانی. لە بنەچەدا ئەوانە کەسانی نزم و بێ رەچەڵەکن. کەچی لە شەڕدا گەورە دەبن و هەژموون پەیدا دەکەن و دەبنە ساحێب قسە، لە سەر بنەمای ئەوەی بەشێکن لە ئۆپۆزسیۆن، ئەوان بەشداری لە کۆنگرەکانیشدا دەکەن. خودا وەکیلە، بە شێوەیەکی رەشاوێژ تەقەمان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی رژێم دەکرد. ئەم ناوەمان لە گەڕەکەکانی رۆژاوای حەلەب نا بوو. کاتێک گوێمان لە کوژرانی خەڵکی سڤیل دەبوو، هەندێک لە شەڕوانان جنێویان پێ دەدان، دەیانگوت: هەقە مستیان بێت، بۆچی خۆپیشاندانیان دژ بە رژێم کرد؟

بـاوە گیان زمانی شەڕ ئەمەیە. مرۆڤ دەبێتە یەک پارچە لە قین و رق و درندەیی. کێ باوەڕی دەکرد کە خوێندکاری وێژەی فەرەنسی، عومەر عوجەیلی، کە وەک رێبەری گەشتیارانی بیانی بە گەڕەکەکانی حەلەبدا دەسووڕایەوە، جوانیی حەلەبی دێرین و ماڵانی کەلەپووری و شوێنەوار و قەڵا و بازاڕ و خان و

دەروازەکانی شاری پێیان پیشان دەدا، چەک دەگرێتە دەست و شەڕ دەکات و دەبێتە شایەد حاڵی کاول بوونی ئەو هەموو ئاسەوارەی کە لە بەردەمی بیانیاندا شانازیی پێوە دەکردن؟ نەک هەر ئەوەندە و بەس، بەڵکوو دەچێتە پاڵ بەرەی نوسرەشەوە.

باوکە سام بردییەوە. چاوی بە کڵاو پۆڵای سپی و سیمای سارد و سەری کوڕەکەیدا دەگێڕا. زیت و زیندوویی خۆی و ژیان دۆستی و یاخی بوون و گەردن کەشیی ڕۆژانی زانکۆی وەبیر هاتنەوە. بە دەگمەن بە ماڵ دەکەوتەوە، بشکەڕایەتەوە، درەنگانی شەو دەهاتەوە. کتێبی دەخوێندەوە و لە بارەی کاروباری ژیانەوە گفتوگۆی لەگەڵ برایەکانی دەکرد، بۆی دووپات دەکردنەوە، کە ژیان وەک ئەحمەد شەوقی دەڵێ، باوەڕ و تێکۆشان نییە، بەڵکوو دەرفەتە و بوێر و سەرکێش دەیباتەوە. حەزی نەکرد ژن بهێنێ، هەرچەندە دایک و باوکی مکوڕ بوون، بەڵکوو حەزی کرد ئازاد و دوور لە کۆت و بەندی خێزان ژیان بەسەر ببات. گەلێک برادەری ناسی، خانمانی شۆخ و شەنگی گەشتیاری فەرەنسی و وڵاتانی دیکەش، خوێندکارانی زانکۆ و گەلێک کچ کە لە ئاهەنگەکانی شەوانەدا بە

ڕێکــــکەوت دەی بینـــین، خانمـــــانی مامۆســــتا لەو دواناوەندییەی کە لە پاش بەدەست هێنانی ماستەر لە وێـژەی فەرەنســی لە ســـاڵی ٢٠٠٠دا، وانەی زمـــانی فەرەنسـیی تێـدا دەدایەوە. نەی ویســت بچێـتە ریـزی سـوپاوە، ســاڵ دوای ســاڵ پارەیەکی زۆری بە هـۆبەی سـەربازکاری دەدا، بۆ ئەوەی دوای بـخەن، تا دوای دە ساڵ وانە گوتنەوە، تووشـی داوی ئەوین هـات. تەمەنی بــوو بە چـل ســـاڵ، ئیـدی خـۆی راســتی بیـرۆکەی هاوســـەری دا. هاوکـــارێکی خـــۆی لە بـــواری وانە گــوتنەوەی خـۆش ویســت، کە پـازدە ســاڵ لە خـۆی بچـووکتر بـوو. کەچـی هاوکـارەکەی بەدەم هەســتی ئەڤینـی ئەوەوە نەهـــات، ئەوی خـۆش نەویســـت. بـۆ چەندین مانگ بە دواوەی بوو، بە بێ ئەوەی دڵـی نەرم بێت. ئەو ئەڤینی لە ژیانی خۆیدا تـاقی نەکرد بووەوە، پەیوەنــدیی ئەو لەگەڵ ئافرەتانــدا راگــوزەر و دوور لە سۆز بوو، گاڵتەی بەوانە دەهات کە بە دەدری ئەڤین و ناڵەی جودابییەوە دەیان ناڵاند، تا ئاگری ئەڤین دڵـی داخ کـرد. تووشــی بــارێکی ســەختی دەروون هــات، کەوتە خــواردنی حەبـی هێـوری بە بـێ ئەوەی ئەڤـین لە بیـر بکات، تا ئەو کاتەی وەک زۆر کەسی دی، بڕیاری دا بە

چوونە ژیانی سەربازییەوە، چارەسەری دەردی دڵی خۆی بکات. ماوەیەکی کەم پاش ئەوەی چووە نێو سوپاوە، ئاگر وڵاتانی عەرەبی تەنییەوە، کڵپەکەش لە توونسەوە تاوی سەند، تا گڕەکەی گەیشتە سووریاش. خەڵکانێکی زۆر لە سوپای سووریا جیا بوونەوە، لە نێوانی خۆپیشاندەران و پۆلیس و سوپاش، پێکدادان رووی دا. خۆپیشاندەرانی ئاشتیخواز زۆر بێ رەحمانە کوژران، ئیدی ئەویش هاتە سەر ئەو بڕوایەی لە سوپا دابېڕێت. کاتێک گەیشتە حەلەب، دیتی بە سەر چەندین گرووپی چەکداردا دابەش بووە، کە هەموویان سەر بە سوپای ئازاد بوون، خۆی دایە پاڵ یەکێک لە گرووپەکان و لە ریزی ئەواندا کەوتە شەڕەوە. ئاڵوگۆڕەکەی دۆخی حەلەبی دیت، لە سایەی گرووپەیلی لەگەڵ یەک بەشەڕ هاتووی وەک نەوەی مورسەلین، غەریبانی شام، لیوای شەهیدانی بەدر و گرووپی دیکە، کە خۆیان لە پاڵ دروشمی ئایین حەشار دا و پۆشاکی مێژوویان کردە بەر. لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٢دا دیتی کە داعش پەلی بۆ گەڕەکەکانی حەلەب هاویشت، کاتێک رێکخراوەکە دروشمی بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵانی بەرز کردەوە، لە گەڕەکی

(ئینزارات)ـەوە دەستی پێ کرد، بۆ ئەوەی نەوەی مورسەلین وەک یەکەمین گرووپ راوەدوو بنێت و پەرتەوازەی بکات و دەست بە سەر بارەگاکانیدا بگرێت و جبەخانەکەی ببات. پاش ئەوە، داعش بەرەو گەڕەکی میللیی ساخوور پەلی هاویشت، بۆ ئەوەی شالاوێکی خوێناوی دژ بە گرووپی غەریبانی شام بەرپا بکات و بە رۆژی رووناک سەرکردەکانی پاکتاو کردن. داعش لە ماوەیەکی کەمدا گەیشتە ژمارەیەکی زۆر لە گەڕەکەکانی رۆژهەلاتی حەلەب: بوستانی پاشا، هەلەک، بعیدین، حەیدەریە، بارەگاشی لە هەندێک گەڕەکی دیکەی وەک، گەڕەکی نەسارا، شێخ نەجار، کلاسە، سەلاحەدین و مەشهەد کردەوە، بە بێ ئەوەی بە تەواوی کۆنترۆلیان بکات. داعش نەخۆشخانەی مندالانی لە گەڕەکی قازی عەسکەر کردە بارەگای سەرەکیی خۆی، ئیدی حەلەب کەوتە بەر هەژموونی نوسرە و داعش و لیوای شەهیدانی بەدر و گرووپ و بەتالیۆن و خەلکانی دیکەوە، کە خۆیان دایە پال دروشمی "بە خودا تەنیا بۆ سەرخستنی ئەو ئایینە هاتووین." ئەم گرووپانە کە چنگی خۆیان لە شار گیر کرد، شالاوی گرتن و کوشتنیان دژ بە گەلێک لە چالاکانی کۆمەلگەی مەدەنی

و پاڵەوانـــــانی بزاوتـــــی ئاشـــــتیانە و ڕێکخەرانـــــی خۆپیشاندان، دەست پێ کرد، تا بە تەواوی لە برسـتیان خســـتن و ڕۆژهەڵاتـــی حەلەب بە تەواوی خـــۆی بە دەستی ئەو گرووپانەوە دا. هەرچەندە دەسەڵاتی داعش پاش شـەڕێکی دژوار لە نێوانی ئەو و گەلێک گرووپ، کە دژ بە داعش یەکیان گرت و خۆیان ناو نا سـوپای موجاهیدین، لە گەڕەکەکانی حەلەب کۆتایی هـات، بەڵام هەموو گوندەواری ڕۆژهەڵاتی حەلەبی هەر لە دەسـتدا مـایەوە، ئیـدی تـۆقینی تـۆو دەدا و مـانەوەی درووێـنە دەکرد.

لە گەرمەی ئەو گێژەڵووکە ڕەشـەدا، عومەر خۆی لە نێو زەلکاوی بەرەی نوسرەدا دۆزییەوە. بە چاوی خۆی تاوانەکانی ئەوانی دژ بە خەڵکی سـڤیل و دژ بە گەلێک لە دیلەکانی سوپای حکوومەت دیت. چووە شـەڕێکەوە کە بە خەیاڵیدا نەدەهات. شەڕێکی سەخت بوو. شـەڕێک بوو بە گوتەی باوی خەڵکی سـووریا "عەقڵی دەخستە نێو مشـتەوە." ئیدی خەڵک عەقڵیان خسـتە نێو لەپی لەرزۆکیـــان، ســـەرگەردان بـــوون و ناحـــاڵی لەوەی دەگوزەرا.

"باوکە، نازانم چۆن چۆنی بوومە شەڕوانی نوسرە. لە بنەڕەتدا گوایە ئێمە بووین بە گرووپی شۆڕشگێڕ لە سوپای ئازاد، ئەرکی ئێمەش پاراستنی خۆپیشاندەران دەبێت لە زەبر و زەنگی رژێم. بە خودای مەزن بۆ خۆشم نازانم چۆن چۆنی ریشم پەیدا کرد، قژم بەر دایەوە و بە عەرەبیی فەسیح وەک کەسایەتیی نێو زەنجیرەی مێژوویی قسەم دەکرد. وەک پەتایەکی درم وا بوو، لە من و لە زۆر کەسی وەک منیشی دا. لە شەڕدا بژاردەی زۆر لە بەردەمی مرۆڤدا نییە. چارەسەری مام ناوەند نییە، ناتوانی بڵێی من هەقم نییە و پەیوەندیم بەم لایەن و بەو لایەنەوە نییە. هیچ لایەنێک نییە بێلایەنیی تۆی قبووڵ بێت. یان سپی یانیش رەش، لە شەڕدا رەنگی خۆڵەمێشی نییە، تەنیا پاشماوەی خانووی سووتاو نەبێت. سەنگەر گواستنەوە لە شەڕدا، لەم سەنگەرەوە بۆ ئەوی دی، شتێکی سەیرە و منیش لە میکانیزمەکەی نەگەیشتم.بەس ئەوەی کە زانیم و بینیم، ئەوە بوو لە پڕ شۆڕش چەکی گرتە دەست و پۆشاکی ئەفغانی پۆشی، بە بێ ئەوەی بزانین چۆن و کەنگێن؟ جا کلاشینکۆف ریشێکی درێژ و سمێڵێکی قوت کراوی پەیدا کرد، خەڵکیش وەک کاوڕی

قوربانی بەدەم تەکبیر لێ دانەوە سەر دەبڕدران. ئەو شۆڕشەی خەونێک بوو، گۆڕا بە شەڕێک، ئەو شەڕەش یەکجار قێزەوەن بوو. ماف و ئازادی و ئەو دروشمانەی خەڵک لە پێناویاندا راپەڕین، بە بن دەست و پێی هەموانەوە پلیشانەوە. من بە چاوی خۆم دیتم چۆن هاوڕێیانم دیلەکانی سەر بە رژێمیان کوشت. لە دیلەکەیان دەپرسی، چ تایەفەیەکی؟ کەچی ئەوان لە پێشەڕا بڕیاری کوشتنیان دا بوو. باوکە بیهێنە بەر چاوت، یەک تاقە پرسیار و وەڵامەکەشی چارەنووسی دیلەکە دیاری دەکات. هەڵبەت تایەفەکەی دەبوو بە تاوان، سزاکەشی سەربڕین بوو یان گوللەیەک لە تەوقی سەری دەدرا، بە بێ ئەوەی کەس بزانێ ئەو دیلە گوناهبارە یان بێ تاوان. کوشتن کوشتن کوشتن. هەموو شوێنێک بوو بە خوێن و تەرم و کەرت و پارچە و کاولگە و بۆردوومان و ترس و تۆقین و تاوان و کوشتنی نێو زیندان. هەموو گرووپەیلی چەکدار زیندان و بەندیخانەیان هەبوو، هەر کەسێکی نەیاریان بووایە دەیان کوشت. کارەکە پێویستی بە نەخشە و داتا بوو، بۆ ئەوەی بزانیت ئاخۆ کێ دەستی بە سەر کوێ و بە کام لادا گرتووە. هەموو شەوێک لە خەودا خێوم

دەبینی. چی دی توانای بەرگە گرتنم نەما. بڕیارم دا چەک دانێم. خۆم نەخۆش کرد. بە بەهانەی ئەوەی شانم نەخۆشە و ناتوانم تفەنگ هەڵگرم، تکام لە ئەمیرەکەم کرد لە ئەرکی چەکداری بمبووریت. لەگەڵ پزیشکێکی نەشتەرگەر ڕێک کەوتم، ڕاپۆرتێکم بۆ بنووسێ کە شانم دەرچووە و ماسوولکەشم پچڕاوە. ئەمیرەکەش قەناعەتی هات و کاغەزێکی بەخشین لە چەکی بۆم نووسی. لە خۆش بەختیی منیش، ئەو ئەمیرە بە بۆردوومانی هەلیکۆپتەر کوژرا. لە ئیدلب چوومە ریزی بەرگریی شارستانییەوە. زۆر ئاسوودە بووم کاتێک ئەرکم تەنیا رزگار کردنی خەڵک بوو لە بن دار و پەردوو.منیان بۆ شارۆچکەی خان شیخوون نارد، چونکە لە هەمووان زیاتر بۆردوومان دەکرا. هەر کە فڕۆکە لە گەڕەکێک لە گەڕەکەکانی دەدا، ئێمە دەمودەست دەچووین. هەر زوو دەمانزانی خەڵکانێک کەوتوونەتە بن دار و پەردووی کەرتە چیمەنتۆوە. ئێمە بە کەرەستە و ئامرازی سادەی خۆمان خەریکی هەڵگرتنەوەی منداڵ، ژن و شەڕوانان دەبووین لە بن سەبی چیمەنتۆ، لەو کاتەی ئێمە لە تەلارێکی نزیک مزگەوتی عەلی کوڕی ئەبوو تالیب بە هانای خەڵکەوە

چوو بووین، کاتێکمان زانی فرۆکەیەکی سۆخۆی لێی داین:

ئەبوو لەیلا بە خەم و سەرسوڕمانەوە لە چاوانی وشکی عومەری دەڕوانی، کە لە لایەکەوە گوێی بۆ ئەو ئالۆگۆڕە سەیرانەی ئەو شل کرد بوو، لە لایەکی دیکەشەوە گوێی لە تریەی باران بوو، وەک ئەوەی ئەویش چیرۆکی غەمناکی مەرگێک بگێڕێتەوە. چیرۆکی مەرگی رۆڵەکان، باوکەی سامبردەیان کەڕ کرد، هیچ چاری نەما خۆی دا بە دەستی ئەو خێوە تۆقێنەرە و گوێ گرتن لە چیرۆکەکان تا بە کۆتای کارەساتباریان دەگەن.

عومەر هەناسەیەکی هەڵکێشا. هیچ سیمایەکی نوێ بە دەموچاوییەوە نەبیندرا. سەختی و ساردی بە سیمایەوە مانەوە، وێڕای کەمێک ترس و خەم، هاوکات نیگاکانی وێڵ و سەرگەردان بوون، چەشنی پەیکەرێک کە لە هیچ دەڕوانێت. دوای هەناسە هەڵکێشانەکەی، بۆ چەند چرکەیەک بێ دەنگ بوو، وەک ئەوەی بەشەکانی چیرۆکەکەی رێک بخات، پاشان بە هەمان ریتم درێژەی دایێ:

دەستی منداڵێکم گرت بوو. دەستێکی بچووک و نەرم کە لە بن دار و پەردوو دیار و دەرچوو بوو. جەستەی منداڵەکە دیار نەبوو، هیچیم لێ نەبینی. وێڕای ئەوە زۆر خۆشحاڵ بووم. گوتم بەڵکوو ئەو منداڵە هێشتا زیندوو بێت. وردە وردە بە هێواشی خۆڵ و وردە بەردم لا دەدا، هەموو هیواشم ئەوە بوو منداڵەکە نەمرد بێت. نەم دەزانی ئاخۆ کوڕە یان کچ، بەڵام دەستەکانی گەرم و ناسک بوون. لە پڕ گوێمان لە دەنگی فڕۆکەیەک بوو. هاوڕێیانم هاواریان کرد: رووسییە، رووسییە، فڕۆکەیەکی رووسییە. دروست فڕۆکەیەکی رووسی بوو. فڕۆکەیەکی سۆخۆی بوو. مووشەکێکی لە هەمان ئەو شوێنە دا کە بەر لە چارەکە سەعاتێک بۆردوومان کرا بوو. گوێم لە دەنگێکی سامناک بوو. پاش ئەوە هەستم کرد بە ناخی زەویدا رۆ دەچم. گورزەکە زۆر توند بوو. ستوونێکی چیمەنتۆم بە سەردا کەوت. ستوونەکە ئێسکی منی ورد و خاش کرد. گوێم لە تەق و تۆق بوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەستی منداڵەکەم گرت بوو. دڵنیا بووم من وا دەمرم. باوکە، مەرگ بە دەم بێ ئومێدییەوە ئاسانترە. من هیوای رزگار بوونم نەما، زانیم ئیدی تەواو. ئەمە دوایین چرکەساتەکانم

بوون. ویڕای ئەوە، دەستی منداڵەکەم بەر نەدا. ئەو شتەی مەرگی زۆر بۆم ئاسان کرد، دەستەکانی ئەو منداڵە بوون. وەک ئەوەی فریشتەی میهرەبانی بێت و هات بێت ئازاری مەرگم سووک بکات، ئەو منی لە بن دار و پەردوو دەر دەهێنا، نەک من ئەو دەربهێنم".

***

ئەبوو لەیلا نقومی نێو وردەکاریی زامی گێڕانەوەی کوڕەکەی بوو. هەستی بە سووکە سەر سووڕانەوەیەک کرد. لاسەری بە هەردوو پەنجەی کەلە و بالابەرزەی دەستی چەپی گرت، ئنجا ئاوڕی لای ڕاستی دایەوە و هەنیەی بە شووشەی ساردی پەنجەرەکەوە نووساند و لە تاریکییە بێ سنوورەکەی ڕوانی. لە پڕ ڕووناکی بەدەر کەوت. بڕێ هیوای هاتێ. کەواتە ژیان و ڕووناکییەک لە دەرەوە هەیە، مەودایەکیش هەیە پاسەکە وا تەی دەکات و زەمەنێکیش هەیە ئاساییانە تێدەپەڕێت. کەواتە کارەکە ئاساییە. ئەبوو لەیلا ئەمەی لەگەڵ خۆیدا گوت. کەچی کاتێک لەو ڕووناکییە ورد بووەوە کە لە دوورڕا دیار بوو، بۆی دەرکەوت ئەمە ڕووناکیی تەقینەوە و تۆپخانەیە کە ئاگر دەبارێنن، نەک ڕووناکیی گوندانێک کە خەون بە ئارامییەوە دەبینن. لە

هەندێک لەو رووناکییانەوە زانیی کە ئەمانە گوللەی گڕدارن، کە گڕێکی سووریان هەیە بۆ ئەوەی شەڕکەران بە ئامانجەکانیان ئاشنا بن و دواتر ئاگر بارانیان بکەن. کێ تەقە لە کێ دەکات؟ باشە کەی گرنگە؟ ئەوانە ئاگری مەرگن و بەس. وێڕای ئەو ئاگربارانە، رەوش ئاساییە. رەوشەکە بە تەواوی ئاساییە. نائاسایی ئەوەیە کە ئاگر و بۆردوومانی یەکدی نەبێت. "عەببوود ولاتەکە بە وێرانەیی راهاتووە، خەڵکەکەش لەگەڵ بۆردوومان و هەواڵی مردن و دیمەنی خوێن و تەرمی نێو شەقام راهاتن.باشترین شت لە شەڕدا ئەوەیە، مەرگ و مردن دەبنە شتی زۆر ئاسایی." ئەبوو لەیلا ئەمەی لەگەڵ خۆیدا گوت، هاوکات درێژەی بە تەماشا کردنی چەخماخەی بۆردوومان دا، کە واتای بوونی بەو تاریکییە دەبەخشی.

دوای تێپەڕ بوونی چەند چرکەیەک بە سەر ئەو دۆخەدا، ئەبوو لەیلا ئاوڕی بە لای کورسییەکەی چەپی خۆیدا دایەوە، دیتی بەتاڵە. سەرگەردانانە ئاوڕی لای دواوەی دایەوە. کوڕەکەی کڵاو پۆلا سپییەکەی بە دەستەوە بوو، سەرکزانە بە هەنگاوی قورس بەرەو ئەو شوێنە دەگەڕایەوە کە پێش کەمێک لەوێ بوو.

لەو کـاتەدا لەیـلای کچـی نووسـت بـوو، هێشـتا مەیسـوونی لە باوەشـدا بـوو، کەزیـیەکەی لەبەر کـزە رۆشـنایيە شـاراوەکەدا دەبریسـکایەوە. بە سـۆز و حەزێکـی زۆرەوە تەماشـای کـردن. هیـوای خواسـت مەیسـوون بە خەبەر بێـت و بە راکـردن بێـتە لای. بە مێخی بە چاو نەبیندراوی سام و تۆقین، جەستەی بە کورسییەکەییەوە چەسپی بوو. هەستی کرد وا ئارەقە دەر دەدات، بە قـۆڵی دیزداشـەکەی گەردن و هەنـیەی خـۆی سـڕییەوە، پاشـان کەوتەوە تەماشـا کردنـی مەیسوون. سەرسام بوو کاتێک دیتی دکتۆر فەرهـادی باوکی لە یەکێک لە کورسییەکانی هەڵدەستێت و دێت لە تەنیشتی مەیسوون رادەوەستێت. گەمەی بە قژی کرد تا بە خەبەری هێنا. مەیسوون بە دەم باوکییەوە پێکەنی و لە ئامێزی دایکی نووسـتووی هـاتە خـوارێ. بـاوکی چەمیـیەوە و مـاچی کـرد، ئنجـا دەسـتی گـرت و بەرەو پێشەوە هاتن. لەو کپییە سامناکەدا ئەبوو لەیلا گوێی لە ترپەی پێی نەوە چکۆلانەکەی بوو. دەنگی پێی ئەوی لە دەنگی پێی باوکی جیا کردەوە. مەیسوون زیاتر هـاتە پـێش. تەماشـای کـرد بزەیەکـی خەمناکـانە گرتـی. مەیسوون هەر کە باپیری دیت، گورج رای کرد و خۆی

فرێ دایە ئامێزییەوە. سارد و سڕ بوو. هێندە سارد و سڕ بوو، وەک ئەوەی بۆ چەندین کاژێری بەرەبەیان لە چۆلایی بوو بێت. ئەبوو لەیلا دەستی لە بەژنی نەوەکەی ئالاند و کەوتە ماچ کردنی، ئنجا خستییە باوەشی خۆیەوە، ئەویش سەری بە سنگییەوە نا، هیچی نەگوت تا ئەوەی پاش چەند چرکەیەک خەو بردییەوە.

لەو ساتەدا، دکتۆر فەرهاد سەرنجی دیمەنی دیداری باپیر و نەوەکەی دەدا. بزەیەکی سارد و سڕی بۆ ئەبوو لەیلای خەزووری نواند. کاتێک هەستی کرد مەیسوونی کچی وا لە باوەشی ئەودا نووستووە، بە ئەسپایی لە تەنیشتی دانیشت و سلاوی لێ کرد:

-سلاو مامە، چۆنی؟

-دکتۆر، ئەوە تۆی؟ کوڕەکەم تۆ لە کوێ بووی؟ ئێمە لە گەڕانەوەت بێ هیوا بووین. ئەگەر دەزانی دوای تۆ چی بە سەر خێزانەکەدا هات.

-دەزانم، مامە دەزانم، لەیلا باسی هەموو شتێکی بۆم کرد.

-ئەدی تۆ؟ چیت بەسەر هات؟ لەبەر چی نەت دەتوانی تەلەفۆنمان بۆ بکەیت؟ هیچ نا دکتۆر، دڵنیاییت بە لەیلا بدایە. ئەگەر دەزانی دوای تۆ چیی بەسەر هات.

ئەبوو لەیلا و زاواکەی وەک ئەوەی خێو بن، بە چرپە گفتوگۆیەکیان کرد. ئەبوو لەیلا هیچ ڕووناکییەکی ژیانی لە چـاوانی دکتـۆر فەرهـاددا بەدی نەکـرد. روخسـاری سـپییەکی بـێ خـوێن خـۆی نیشـان دەدا، ریشـێکی ڕەشیچڕ و درێژ دایپۆشی بوو.

-مامە، سەریان بڕیم. بەیانیی ڕۆژی جەژن بە هەمـان شێوەی بەرخێک، سەریان بڕیم.

-کێ؟

-ئەندامانی دەوڵەتی ئیسلامی.

-بۆچی و لە کوێ؟ ئەدی بەیعەت نەدانێ؟ لەبەر چی سەریان بڕیت؟

-ئەگەر حەز بکەیـــــــت مـــــــامە، ئەوە تەواوی بەسەرهاتەکەمت بۆ دەگێڕمەوە.

-دەی قسەم بۆ بکە.

دکتـۆر فەرهـاد تەماشـایەکی کـچەکەی کـرد، کە لە باوەشـی بـاپیری بـۆرژاوە، بە سـۆزەوە دەسـتی بە قژەکەیـدا هێنـا، پـاش ئەوەی تەماشـای هیچـی دەکـرد، گوتی:

"پاش ئەوەی مەفرەزەیەکی حەسبە هـاتنە ذۆرینگە و منیـان گـرت، دەستبەسـەر منیـان بـردە لای ئەمیـری

ڕێکخـــراوەکە. ئەمیـــرەکە بـــۆ مـــاوەی یەک کـــاژێر لێکۆڵینەوەی لەگەڵمدا کرد، پاشان پێی گوتم:

"تۆ گەلێک لەو سەحەوانەی بە خۆیان دەڵێن سوپای ئـازادت تیمـار کـردووە، ئەمەش بـۆ خـۆی تـاوانێکە سـزاکەی کوشـتنە. لەگەڵ ئەوەشـدا ئەمیـر لێت خـۆش بـوو. رەنـگە تـۆ نەزانـی کەوا ئێمە بـۆ عەینـل ئیسـلام (کـانیی ئیسـلام) دەچـین بـۆ ئەوەی لە چەپەڵیـی خـوا نەناسـانی کـوردی رزگـار بکەیـن. ئێمە بـۆ کاروبـاری نەشتەرگەری پێویستمان پێت دەبێت، لە غەزای کۆبانێ تـۆ لەگەڵمـان دەبیـت، کە ئەوان پێیـان دەگـوت کـانیی ئیسلام، عەینل ئیسلام".

هـیچ رێیەکم لە بەردەمدا نەبوو، بێ لەوەی ملکەچی خواستی رێکخراوەکە بم، ئەگەرنا سەربڕین چاوەڕوانم بـوو. مـن بەیعەتـم بە خەلـیفە داوە، ناشـتوانم بەیـعەت بەتـاڵ بـکەمەوە، هەروەهـا هەرگیـز نـاتوانم فەرمـانی والییـانی فەرمانـداری خەلـیفەش رەت بـکەمەوە. یەکەم جار منیان بۆ رەققە برد. کاتێک شـەڕ لە کۆبانێ بەرپا بوو، منیش یاوەریان بووم تا چووینە نێو شارەکەوە، کە چۆڵ و هـۆڵ بوو. ئەرکی مـن سەرپەرشـتی کردنی فریاکەوتنی برینداران و دووریـنەوەی برینەکانیان بوو،

کە بە دەیـان کەس بــوون. هێنــدە کــاری دڕنــدانەی ئەندامانی ڕێکخراوەکەم بینی، کە سەری منداڵی سپی دەکرد. یەکێک لەو کار دڕندانەی ئەوان کە تا ماوم لە بیـرم نــاچێتەوە، دیمەنــی کــچە شــەڕڤانێک بــوو کە ئەندامانی ڕێکخراوەکە کوشت بوویان، بۆ شێواندن و ســووکایەتی پــێ کــردن تەرمەکەیــان هێنــا بــوو، بە شێوەیەک جەستەی ناسکی ئەو شێرە کچەیان شێواند، کە بە بیر و خەیاڵی هیچ کەسێکدا نایەت. سەرەتا وەک گەلە کەمتیار لە دەوری کۆ بوونەوە، تفیان لێ دەکرد و جنێویان پێ دەدا و پێیان دەگوت، بەرازی کافر، پاشان جلیان لەبەر نەهێشت و بە حەربە مەمکیان بڕی، ئنجا بەدەم تەکبیر لێدانەوە پێیان بە برینەکانیدا دەنا. پاشان بە ئوتومبێلێکی لاندگرۆزەر بەستیانەوە و بە هۆڕین لێدان و واق و ویقەوە، بە کۆلانانی چۆڵی کۆبانێدا بە عەردا رایان کێشا.ڕاستە من پزیشکی نەشتەرگەرم، گەلێــک تەرمــــم توێکـــاری کـــردووە و گەلێـــک نەشتەرگەریشم کردووە، تەرمی شێوێندراوی گەلێک کوژراویشم دیوە، بەڵام خۆم پێ نەگیرا، بەرەو خێوەتی پزیشکییەکە رام کرد و بە چەشنێک گریام، کە بە ژیانی خــۆم وا نەگریــاوم. لە خــودا پــاڕامەوە کە بــۆمبی

فڕۆکەیەک یان گوللەیەکی ویڵم پێ بکەوێت و کۆتایی بە ژیـانی دژوارم بێـت، وەک پزیشـــکێک کە برینـی ئەو مرۆڤ دڕندانە تیمار دەکەم.

ئەو تەرمە دڵـی ئەوانـی پـڕ لە تـۆقین کـرد. ئیـدی لەوانەوە گـوێم لە چیرۆکـی وا دەبـوو، کە لە خەیـاڵ و خـورافە دەچـوون. یەکێـک لەوان سـوێندی خـوارد کە تەرمەکە شـــەو هەڵدەســـتێت و یەک یەک بە دەوری بکوژاندا دەسووڕێتەوە. بە بێ دەنگ سەرنجیان دەداتێ، پاشان دەچێتەوە ئەو شوێنەی ئەویان لێ ناشت. ئەمە چەندین جار دووبارە بووەوە. ئەو خاتوونە شەڕڤانەی گەنم ڕەنگ بە جەستەی شێواوی خۆیەوە لە گۆڕەکەی هەڵدەسـتا، دەکەوتە شـەوڕۆ وەک ئەوەی بە ئاسـماندا مەلە بکات، ئنجا لەو شوێنە دەوەستا کە ئەو کەسەی لە ئەتک کردنەکەیدا بەشدار بوو، لێی نووستووە. تەماشای دەکـرد پاشـان بـزر دەبـوو، ئنجـا بەرەو بکـوژێکی دی دەچوو، ئیدی بەم شێوەیە پێدا دەڕۆیشت. وەک بۆیان گێڕامەوە، پتر لە جارێک تەقەیان لێ کـردووە. گـوێی بەوە نەدەدا. هەڵواسراو بە ئاسمان دەمـایەوە، تەماشـای بکوژەکەی دەکرد تا لە ترسا ئیفلیجی دەکرد ئنجا بزر دەبوو.

منیش ئیدی بوومە یەخسیری کابووسی ترسناک کە ئەو کچە شەڕڤانە تەوەرەکەی بوو. من دەمبینی لە مەرگی چەرمەسەرانەی راست دەبووەوە، خوێن بە بالآیدا دەهاتە خوارێ، بە چاوی پڕ سکالآوە لێمی دەڕوانی، ئنجا پشتی تێ دەکردم و دەڕۆیشت. ڕۆژانێکی سەختم لە کۆبانیدا بەسەر برد، بۆردوومان و گولله باران و وێرانییەکی ترسناک کە تەلارەکانی ئەو شارە چۆڵەی گرتەوە.

بیرم لە رێی هەڵاتن کردەوە، بەدیم نەکرد. پاشان دەرگای ئومێدم بە ڕوودا کرایەوە، کاتێک داعش هاوکات لەگەڵ توند بوونی بۆردوومانی ئەمریکا منی لە کۆبانی کێشایەوە، بردمیانەوە رەققە، لەوێشەوە بەرەو دێرەزوور ئنجا بۆ مووسڵ.

ئەوەی لە مووسڵ دیتم، زۆر لەوەی لە کۆبانی دیتم ترسناکتر بوو .

ئێمە لە دیوانی تەندروستیی ناوەندی ویلایەتی مووسڵ بووین، وەک ئەندامانی دەوڵەتی ئیسلامی ئەو ناوەیان لە نەخۆشخانەی شیفا نا بوو، کە لە بەری باکووری رۆژاوای بەری چەپی رووباری دیجلەدایە. لەو کۆمەڵگا پزیشکییەدا بە راستی تۆقین و مەرگەساتم

دیت. ساردخانەی نەخۆشخانەکە پڕ بوو لە تەرمی سەربازانی عیراق و خەڵکی سڤیلی کریستیان و ئێزدی و شیعە و سەحوە، وەک ئەوان ناویان نا بوون، زۆر خەڵکی دیکەش. دەبوو من مەرگنامە بۆ ئەو کەسانە بکەم، کە چەکدارانی داعش لە نێو نەخۆشخانەکەدا دەیان کوشتن و پاشان فڕێیان دەدانە نێو گۆڕستانی (خەفسە)وە. داواشیان لێم کرد پەردەی کچێنیی کچۆلانی سەبایای ئێزدیش بدوورمەوە، کە چەکدارانی داعش وەک کەنیزەک لەگەڵیان رایان دەبوارد، پاشان بە نرخی زۆر وەک کچ بۆ فرۆشتن نمایشیان دەکردن. تەنانەت من سەرپەرشتیی لەبار بردنی کۆرپەڵەی دەیان سەبایای ئێزدیم کرد، ئەویش بەدەم خواستی هەندێک لە ئەمیرەکان لە تەلەعفەر و مووسڵ. چی دی بەرگەی ئەوەم نەدەگرت. تەماشای چاوی کچۆلانی تۆقیوم دەکرد، ئیدی لە ناخەوە دادەڕووخام. هاوار و تکایان لێم دەکرد، دەپاڕانەوە و دەگریان، ئیدی منیش زیاتر دادەڕووخام. مامە، بە راستی سووک و ریسوا بووم. سووک وەک کڵووی بەفری باریو. ئەگەرچی یەکجار بڕست لێ بڕوایش بووم، بەڵام لە کۆتاییدا بڕیارم دا باجەکەی هەر چییەک بێت، یاخی بم. بڕیارم دا،

دروست وەک کڵوو بەفرێک کە بڕیار دەدات ببارێتە نێو ئاگردانێکەوە، بتوێمەوە .

ئێوارە بوو کە ئەمینداری تەندروستی، ئەبوو ساڵح هات و داوای لێم کرد سەرپەرشتیی لەبار بردنی کۆرپەڵەی سەبییەیەکی شنگالی بکەم. گوتی ئەمە خانمی هەڵبژاردەی خەلیفەی بەغدادییە. پێم گوت: ئەوەی دەیکەن پێچەوانەی شەرعە و حەرامە، لەگەڵ هەموو بەها و عورفێکیش ناتەبایە. مامە گیان، نازانم لەو چرکەساتەدا ئەو بوێرییەم لە کوێوە هێنا. ئەبوو ساڵح پێم هەڵشاخا و گوتی: ئاخۆ تۆ کێی تا بنەمای ئایین و باوەڕی خۆمان پێ ئاشنا بکەیت؟ هەر لەبەر ئەوەی وەک تۆ بە کوردی قسان دەکات، بەزەییت پێیدا هاتەوە؟ من پێت دەڵێم ئەمە هەڵبژاردەی سەردارمان خەلیفە ئەبوو بەکری بەغدادییە، کە موسڵمانان بەیعەتیان پێ داوە، تۆش بەیعەتت پێی داوە کە بە خۆشی و ناخۆشی گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری بیت. پێم گوت: یەکەم بۆیە من بەزەییم پێیدا هاتەوە چونکە ژنێکە بێ دەسەڵات و بەستەزمان، لەبەر ئەوەی خەلیفەی سەرداریشمان، ئەگەر تۆ راست بکەیت، تاوانێک دەرهەق بەوی و بە کۆرپەڵەکەی نێو زگیشی دەکات،

جا بۆیه من له بەیعەتی ئەو گەردن ئازادم. من بەیعەتی ئەوەم پێ داوە کە ئیتاعەی خودا بکات، کەسێکیش لە خودا عاسێ بێت تاعەتی نییە. لەبار بردنی کۆرپەڵە و سەبی کردنی ژنێکی خاوەن مێرد، تاوانێکە عەرشی رەحمان دێنێتە لەرزین. ئەبوو ساڵح وەک گورگێک هاواری کرد: کۆرپەڵەکە بەرهەمی نیکاحی مێردە کافرەکەی سەبییەکەیە، ئەو کوردی خوانەناسە، خەلیفەی سەردار و سەروەریشمان ئەو فەرمانەی داوە. تۆش کە بەیعەتی سەر گەردنت دەشکێنی تاوانێکی گەورە دەکەیت، دەشزانی سزای کەسێک تاوانی گەورە بکات چییە. بەر لەوەی رستەکەی تەواو بکات، بە هەموو تینی خۆی مستێکی بە دەموچاومدا کێشا. بێهۆش کەوتم و بە هۆش نەهاتمەوە تا ئەو کاتەی هەردوو دەستمیان لە پشتەوە بەستەوە.

کاتێک چاوم کردەوە، ئەبوو ساڵحم نەبینی، بەڵکوو پیاوێکم بینی بە ریشێکی رەشی پڕ و دوو چاوی بە کل، بەرانبەرم لە سەر کورسییەکی چەرم دانیشتووە، کاتێک دیتی چاوم کردەوە، بە شێوەزارێکی روونی عەرەبی عیراق گوتی: من ئەبوو حەکەمم، قازیی شەرعیم لە مووسڵ. بیستوومە لە بەیعەتی ئەمیری

موئمنین پەشیمان بووەتییەوە. گوتم: بەڵێ، بۆیەش وام کرد چونکە بە روونی پێچەوانەی شەرعم دیت. لە یەکەمین رۆژی کار کردنم لێرە دەبینم ئێوە پێچەوانەی شەرع دەکەن، کۆرپەڵەی نێو سکی سەبیەی دووگیان لەبار دەبەن، بێ دادگایی کردنیش خەڵکی بێ تاوان دەکوژن. تەنانەت رێی ئەوەشم پێ نادەن خێزانەکەم دڵنیا بکەمەوە، پتر لە ساڵێکە لێیان دوورم و ناشزانن لە کوێم. ئەبوو بیلالی دادوەر گوتی: دەبێ بە دەقی فەرموودەی پێغەمبەری خودا (درووود و سەلامی خوای لێ بێت) پەیوەست بیت، کە دەڵێ "هەر کەسێک شتێکی ناحەزی لە ئەمیرەکەی بینی، با سەبر بگرێت، هەر کەسێکی یەک بست لە جڤاک جودا بووەوە و مرد، ئەوا مردنەکەی مەرگی جاهیلیەتە." تۆ پزیشکێکی نەشتەرگەری و وەک بیستوومە خاوەن زانیارییەکی باشی لە بارەی ئایینەوە، برای موسڵمان پێویستە سەبر بگریت. بێباکانە وڵامم دایەوە: گەلێ سەبرم گرت و چی دی لە توانامدا نەما. من دەستم لە بەیعەتی خەلیفە بەرداوە.

مشتومڕێکی زۆرمان کرد، هەوڵی دا قەناعەتم پێ بێنێ کە لە قسەکەم پاشگەز ببمەوە، بۆ ئەوەی گەردنم

له دەمی شمشێر رزگار بکەم، بەڵام لە سەر رای خۆم سوور بووم. ئیدی هەستایە سەر پێ و بە تێزەوە گوتی: کەواتە تۆ کافری و شەڕی خودا و پێغەمبەر دەکەیت. سزاکەشت مردنە.

لە وڵامی ئەو تۆمەتە سەرپێییە، هیچ قسەیەکم نەکرد. دڵخۆش بووم کە دەمکوژن و لەو ئازارە رزگارم دەبێت، کە چەندین مانگە بە دەستییەوە دەناڵێنم. شادی دایگرتم چونکە رۆژانی داهاتوو ئیدی ناکەومە بەر ئەشکی نیگای کچۆڵانی بێگەرد و دایکانی سەرگەردان و منداڵانی تۆقیوەوە. من هەموو رۆژێک دەمردم، لە گەڕانەوەم بە زیندوویی بۆ نێو کەس و کارم بێ هیوا بووم. کڕ و بێدەنگ وەستام، دادوەری شەرع ئەبوو بیلال بە توانجەوە گوتی: وا دیارە تۆ بەو تۆمەتەی دەبێتە مایەی پەراندنی ملت، دڵشادی. ناتەوێ نکوولّیی لێ بکەیت؟ دلێرانە چاوم لە چاوی بڕی و گوتم: نکوولّیی لێ ناکەم و بە پێی شەرع سزام بدەن. جەنابی ئەو ددان پێدا نان و بێ باکییەی منی بە لاوە سەیر بوو. بانگی دوو چەکداری کرد، کە لەبەر دەرگاکەدا وەستا بوون، فەرمانی پێ دان و گوتی: بانگی ئەبوو حەفسی لیبیایی بکەن، پاشان ئەو پزیشکە کافرەش بۆ

ژووری توێکاری ببەن، بۆ ئەوەی حوکمی خودای بە سەردا پیادە بکرێت.

ئەبوو حەفسی لیبیایی هات و چەقۆیەکی درێژی وەک شمشێری بە دەستەوە بوو. پیاوێکی ماسوولکە زلی کەتەی چوارشانە، گەنم رەنگێکی تیر و پرچ لوول بوو. بە تـوورەییەوە لێمـی روانـی، گـوێم پێـی نەدا. دوو چەکدارەکە منیان بە بیست پایەی پلیکانە بۆ ژووری توێکـاری بـردە خـوارێ، کە بـۆم روون بـووەوە ئەمە یەکێکە لە ژێرزەمینەکانی نەخۆشـخانەکە. هەر زوو ئەو پیاو زلە کەوتە دوامـان. ژێرزەمینەکە رووت و رەجاڵ بوو، تەنیا چاڵێک چڵکاو، بۆڕییەکی ئاو، سەکۆیەکی بچووک و چەند تەورێک بە دیوارەوە هەڵواسرا بوون، کە پەڵەی خوێن دیوارەکەی نەخشاند بوو. زانیم ئیدی دوایین چرکەی ژیانمە و ئەوان بێ هیچ گومانێک، لەم قەسابخانەی مرۆڤەدا، سەرم دەبڕن. نەمویست بەرگری بکەم، بەڵکوو کپ و بێ دەنگ مام. جەللادەکە لێم نزیک بووەوە. بە توندی پرچی گرتم، بە چرپە شایەدمانم هێنا. رووی مەیسوونی چکۆلانە و دەموچاوی کامیران و ئالان هاتنە بەر نیگام. لەیلام بە خەمباری هاتە پێش چاو، سەرنجم دا فرمێسک دەبارێنێ، لەو چرکەساتەدا

گـوێم لە تەکبیـرەی هەر سـێ زەلامەکە بـوو، پاشـان هەستم بە دەمی شمشێرەکە کرد ملم دەبڕێتەوە. ئازاری پێ گەیانـدم، ئـازارە تونـدەکە تەنیـا چەنـد چرکەیەکـی کەمی خایاند، دیتم خوێن لە دەماری پچڕاوی ملم فیچقە دەکات، پاشان ئیدی هەستم بە هیچ نەکرد.

***

هەر لەگەڵ ئەوەی دکتۆر فەرهـاد لە چیرۆکی ڕفاندن و کار کردنی لەگەڵ داعش وەک پزیشکێکی نەشـتەرگەر لە شارەکانی خەلافەتی خوێن و تـا کـاتی سـەربڕینی لە یەکێـک لە ژێرزەمینەکـانی نەخۆشـخانەی سـەلام لە مووسـڵ، ئەبـوو لەیـلا گـوێی لە هـاژەیەک بـوو چـون خوڕڕەی مەرزیب لە گوێی دەنگی دایەوە.

ئەو خوڕڕە کتوپڕە نـاڕەحەتی کـرد. چـاوانی نووقاند، وێنـای فـیچقە کردنـی خـوێنی کـرد لە دەمارەکـانی پزیشـکەی زاوای لە چرکەسـاتی سـەربڕینەکەیدا. ئەو خوڕڕەیە ماوەی یەک خولەکی خایاند، تێیدا ئەبوو لەیلا چـاوانی نووقانـد بـوو، دڵـی نقـومی ئـازار بـوو. کاتێـک خـوڕڕەکە کۆتـایی هـات، چـاوانی کـردەوە دیتـی وا زاوایەکەی هێدی هێدی بەرەو کورسـییەکەی خـۆی لە پاشەوەی پاسـەکە دەڕوات، کە هێشتا عەلی بە بزقەکەی

هەر خەریکـی ژەنینـی ئـاوازی هـێمن و خەمبـارانەی کوردییە.

ئەبوو لەیلا وە ئاگا هاتەوە دیتی وا مەیسوونی نەوە چکۆلانەکەی لە باوەش گرتووە. بۆرژا بوو، سەری لە سـەر شـانی دانـا بـوو، سـووک وەک پەپـوولەیەک، جەستەی هیچ گەرمییەکی تێدا نییە، دڵەی بچووکیشی لێ نادات.

-ئەو مردووە.

ئەبوو لەیلا ئەمەی بە خۆی گوت، پاشـان بە دەنگێکی بڕێ بڵند گوتی:

-خـودایە، ئەم تـاقی کـردنەوەیە چیـیە؟ مـن مانـدوو بـووم. زۆر مانـدوو بـووم. چـی دی نـاتوانم گـوێم لە سەربردەکانی مەرگ و کوشتن بێت. نامەوێ گوێم لە هیچ شتێک بێت.

تەماشـای روخسـاری کـچەزای نووسـتووی کـرد، وێـڕای ئەو خەنـدەیەی وەک چـرۆیەک لە سـەر زاری چکۆلانەی چێندرا بوو، رەنگی پەڕی بوو، نـاوچەوانی ماچ کرد، ئەویش بە خەبەر هات و ئامێزی باپیری جێ هێشت:

-دەمەوێ بچمە لای باوە.

ئەمەی بە خەمبارییەکی ئاویتە بە نازی کچانی وردیلەوە گوت.

-باشە، ناتەوێ چیرۆکەکەی خۆتم بۆ بگێڕیتەوە؟

-چیرۆکی چی، باپیرە؟

-چیرۆکی مردنت؟

-پاشان باسی دەکەم، باپیرە. دەمەوێ بچمە لای باوە.

مەیسوون ئەمەی گوت و بە غار بەرەو لای باوکی چوو، جووتە کەزییە بچووکەکەی بە ریتمێکی جوان بە لای راست و چەپدا کەوتنە سەما.

پیرەمێردەی حەفتا سالی لەو هێنان و بردنەی دەیبینی، وەک بەلەمێک کە لە دەریاچەیەکی شەپۆلاویدا بە دەوری خۆیدا بسووڕێتەوە، سەرگەردان بوو. ویستی چاوانی بە درۆ بێنێتەوە، قەناعەت بە خۆی بهێنێت کە ئەوەی دەیبینێ خەونە یان کابووس. "بەلام بە راستی خۆیانن" ئەوەی گوت و دیسان تەماشای کورسییەکانی دواوەی کرد، گوێی لە دەنگە دەنگی ژنەکەی و کورەکانی و کچەکەی و زاوایەکەی و نەوەکەشی بوو. چی دی باش نەی دەبیندین، شتێکی چون دووکەڵ وەک تەمی بەیانیان کەوتە نێوانی خۆی و ئەوانەوە. چاوانی هەڵگلۆفت و بە وردی تەماشای

کرد. تەمەکە چڕتر بووەوە. هیچ چی کەسی نەدەبینی و دەنگە دەنگەکەش بە جارێ نەما.

-خــــودایە، چ ســـەرگەردانییەکە منــت خســــتووەتە نێوییەوە؟ ئایا ئەوەی بەسەرم هات لە نەمانی ژنەکەم و منــدالّەکانم و زاوا و نەوەکەم، کابووســە یــان ئەوەتــا ئێستا من لە نێو کابووسێکی راستەقینەدا دەژیم؟ چۆن پەی بە راستی ببەم؟

ئایا بە راستی من لە نێو پاسدام؟ ئایا راستەی وەک کەســانی دیــکە کۆچبــار کــراین و بە پاســی کەســک گــوازراینەوە و تەشــەری ئەو راگواستنەوەیەشــمان لــێ دەدەن؟ خــودایە تــاقی کردنەوەیەکی تۆیە و هەر تۆش رزگارم بکە.

دەســتی بۆ جەنتــایەکەی برد، کراســی بــووکێنییەکەی دیسان دەرهێنایەوە، بە خەمبارییەوە بۆنی دەکرد ئنجا بە سنگییەوە دەنا. تەماشای کۆمەڵێک وێنەی کرد کە لە تەنیشتی بوون، لە پڕ ئاورێکی لای شوفێرەکەی دایەوە.

لە سامناکیدا تەزی.

پاسەکە بە بێ شــوفێر دەڕۆیشــت. گومــانی لە چــاوانی کــرد. دووبــارە هەڵــی گلۆفتن، چەرمــی چــاوی بۆ چەنــد

چرکەیەک داخست پاشان کردنییەوە و هیچ شوفێری نەدیت.

ئاوڕی لای ڕاستی دایەوە، بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کە پاسەکە دەڕوات، زیاتر تۆقی کاتێک دیتی پەنجەرەی پاسەکە بووەتە ئاوێنەیەکی گەورە. تەماشای دەموچاوی خۆی کرد، سیمای خۆی تیدا نەدیت. دەموچاوی بێ لووت و دەم و چاو بوو. ئەبوو لەیلا دەموچاوی خۆی لەدەست دا. بە ترسەوە دەستی بۆ لووت و دەم و پاشان چاوانی برد، دیتی هەموو شتێک وا لە شوێنی خۆیدایە. دیسان تەماشای ئاوێنەکەی کرد، کارەکە دووبارە بووەوە: دەموچاوی ڕووبەرێکی تەختی بێ سیما هەر وەک نیوە شووتییەک. دڵە کوتەیەکی توندی گرت، تا بەوەی گوێی لە لێدانی دڵی بوو، کە لەوەدا بوو لە سنگی دەرپەڕێت. دیسان تەماشای لای شوفێرەکەی کرد، کەسی نەبینی.

-چ کابووسێکە!

خۆی دواند. هەستی کرد جەستەی قورسە و ڕەق هەڵاتووە، بە کورسییەکەوە نووساوە و ناتوانێ جێی بهێڵێت. باوەڕی بە چاوی نەکرد، کاتێک تەماشای لای شوفێرەکەی کرد. ئەوەی لێرە دەقەومێ هیچ ماقووڵ

نییە. خودایە لە کۆڵم بکەوە. لە خودا پاڕایەوە و نیگای هەر بە لای شوفێرەکەوە بوو.

کەسکە پاس بە بێ شوفێر دەڕۆیشت. شێتانە دەڕۆیشت، دەکەوتە نێو خەرەندێکی رەشی بێ بن و ئامانەوە. چ کەسێک نییە ئەم پاسە براتێ. کورسیی شوفێرەکە بووبوو بە پارچەیەکی لەرزۆکی رەشی بچووک، ئەو پارچە رەشە هەر زوو گەورە دەبوو، لە پڕ کۆمەڵێک شەمشەمە کوێرە دەرپەڕین و بەرەو رووی ئەو هاتن، شەمشەمە کوێرەکان خۆیان بە دەموچاوی ئەودا دەدا، کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی سیمای خۆی لەدەست دا بوو، پاشان بەرەو پشتەوەی پاسەکە بە فڕین دەڕۆیشتن.

بای باڵی چەرمین ئەو وێنانەی پەرت و بڵاو کردنەوە کە بەر لە کەمێک ئەبوو لەیلا لێی دەڕواندین، کراسی بووکێنییەکەش لە نێو دەستی فڕی. ویستی بیهێنێتەوە و بیخاتەوە نێو جانتایەکە، ویستی دیسان وێنەکان کۆ بکاتەوە، بەڵام هەستی کرد وا بە تەواوی ئیفلیج بووە. ویستی بقیژێنێ، هەستی کرد گەرووی سڕە. ئیدی ئەبوو لەیلا لە توانایدا نەما چاوانیشی بجوولێنێ. بوو بە پەیکەرێک لە مۆم. نیگای سارد و سڕی هەر بەرەو

پێشەوە بوو، کەچی شەمشەمە کوێرەی ترسناک وەک ئەوەی لە کورســـــییەکەوە هەڵبقـــوڵێن و دەبـــوونە رووبارێک بەرەو پاشـەوەی پاسـەکە شـەپۆلی دەدا، تـا پاسەکە پڕ بوو لە رەو و هێشووی بێ کۆتایی.

٢٠١٨/٢/٥